نەخۆشی لەئیسلام بزانە

شیفا لەلای

یەزدانە

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

دانانی
م .فاریق مەلا اسماعیل پیرزینی

2014

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

نەخۆشی لەئیسلام بزانە
شیفا لەلای یەزدانە

دانانی

م. فاریق مەلا ئیسماعیل پیرزینی

٢٠١٤

چاپ کراوە لەلایەن خێرخواز

علی خورشید حسن

ناوی کتێب : نەخۆشی لە ئیسلام بزانە شیفا لەلای یەزدانە

دانانی : م. فاریق مەلا اسماعیل پیرزینی

پێداچوونەوە : مەلا نامق مەلا اسماعیل

دەرهێنانی هونەری : یەعقوب قادر پیرۆت

تایپ : ئیمان فاریق

چاپ : کۆمپانیای دارا پرینتینگ

چاپی : یەکەم

تیراژ : (٢٠٠٠) دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی(٨٩٠) ساڵی (٢٠١٤)ی پێدراوە.

پێشکەشە....

❖ بەسەرداری مرۆڤایەتی ، خۆشەویستمان محمد (ﷺ) .

❖ هەروەها بۆ باوکم ڕەحمەتی خوای لێبێ و دایکی بەڕێزم کە فێری ئاینی ئیسلامیان کردم .

❖ بۆ براو خوشکەکانم بەتایبەتی برای گەورەم ڕەحمەتی خوای لێبی وە بۆ خانەوادەکەم .

❖ وە بۆ ئەو نەخۆشانەی کە ئارام دەگرن لەسەر ئازارەکانیان .

❖ هەروەها بۆ ئەو کەسانەی کە شەیدای ئاینی ئیسلامی پیرۆزن .

بسم الله الرحمن الرحيم

المقدمة:

إن الحمد لله نحمده ، ونستعينه ، ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا ، من يهده الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له ، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له ، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله صلى الله عليه وعلى آله وأصحابه ومن تبعهم بإحسان إلي يوم الدين وسلم تسليما كثيرا.

أما بعد: فلا شك ولا ريب أن العلاج بالقرآن الكريم وبما ثبت عن النبي صلى الله عليه وسلم من الرقى هو علاج نافع وشفاء تام كما قال تعالى {قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ آمَنُوا هُدًى وَشِفَاءٌ } سورة فصلت (٤٤){ وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ } سورة الإسراء (٨٢) ومن هنا لبيان الجنس، فإن القران كله شفاء كما في الآية المتقدمة ، وقال تعالى { يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَتْكُمْ مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَشِفَاءٌ لِمَا فِي الصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ} سورة يونس (٥٧) .

فالقرآن هو الشفاء التام من جميع الأدواء القلبية والبدنية ، وأدواء الدنيا والآخرة، وما كل أحد يؤهل ولا يوفق للاستشفاء بالقرآن ، وإذا أحسن العليل التداوي به وعالج به مرضه بصدق وإيمان، وقبول تام ، واعتقاد جازم ، واستيفاء شروطه ،لم يقاومه الداء أبدا. وكيف تقاوم الأدواء كلام رب الأرض والسماء الذي لو نزل على الجبال لصدعها، أو على الأرض لقطعها،

فما من مرض من أمراض القلوب والأبدان إلا وفي القرآن سبيل الدلالة على علاجه، وسببه ، والحمية منه لمن رزقه الله فهما لكتابه. والله عز وجل قد ذكر في القرآن أمراض القلوب والأبدان،وطب القلوب والأبدان.

فأما أمراض القلوب فهي نوعان: مرض شبهة وشك ، ومرض شهوة وغي ، وهو سبحانه يذكر أمراض القلوب مفصلة ويذكر أسباب أمراضها وعلاجها قال تعالى: { أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّا أَنْزَلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ يُتْلَى عَلَيْهِمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَرَحْمَةً وَذِكْرَى لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ }، قال العلامة ابن القيم رحمه الله: فمن لم يشفه القرآن فلا شفاه الله ومن لم يكفه فلا كفاه الله "، ولو أحسن العبد التداوي بالقرآن لرأى لذلك تأثيرا عجيبا في الشفاء العاجل.

قال الإمام ابن القيم – رحمه الله تعالى : لقد مر بي وقت في مكة سقمت فيه، ولا أجد طبيبا ولا دواء فكنت أعالج نفسي بالفاتحة ، فأرى لها تأثيرا عجيبا، آخذ شربة من ماء زمزم وأقرؤها عليها مرارا ثم أشربه فوجدت بذلك البرء التام ، ثم صرت أعتمد ذلك عند كثير من الأوجاع فأنتفع به غاية الانتفاع، فكنت أصف ذلك لمن يشتكي ألما فكان كثير منهم يبرأ سريعا ". انظر: زاد المعاد ٤ / ١٧٨، والجواب الكافي ص ٢١.

پاش سوپاس ستایشی خوای گەورە و درودو ڕەحمەت بەسەر گیانی پاکی پێغەمبەرمان محمد(ﷺ) لەگەڵ یارو یاوەرانی، وا ئەو جارەش خوای گەورە تەمەنی پێدام کە بۆ خزمەتی موسڵمانان لەم پەرتوکەدا تۆزێك باسی نەخۆش بکەم وە ئەوەی پەیوەندی بە نەخۆشەوە هەیە تاوەکو ڕەزامەندی خوای گەورە وەربگرین و شارەزابین کە چ بکەین لەکاتی نەخۆشیدا.

ئاگاداری: موسڵمانی بەڕێز زۆر جار دەبینین کاتێك کەسێك نەخۆش دەکەوێت جا چ لەڕووی برین بێ یان ئازاری جەستەیی واز لەنوێژکردن دەهێنێت ئەم کارەش بەهیچ شێوەیەك دروست نییە لەڕووی شەرعەوە چونکە هەر نەخۆشیەك و هەر برینێك بێت یاخود دانانی صۆندە بۆ ناو لاشەی نوێژی پێوە دروستە ،نابێ بەهۆی ئەمانەوە نوێژ نەکات تەنها ئەگەر لەهۆش خۆی چوو ئەم کاتە هیچی لەسەر نییە تا بەهۆش خۆی دێتەوە دەنا تا ڕوح لەلاشەی مرۆڤدا بێت دەبێت نوێژ بکات.

بەشی یەکەم

هەندێك زانیاری زانستی
لەسەر خانە وە توشبوونی بەنەخۆشی لەسەر
بەشەکانی لاشەی مرۆڤ

خانە (الخلية)

پێناسەی خانە:یەکەی بنچینەییە لەپێکهاتەو فرمانی هەموو زیندەوەراندا : دۆزینەوەی لەلایەن زانای ئینگلیزی ڕۆبرت هۆك بوو لەساڵی ١٦٦٥.
:هەروەها زاناکان دەڵێن هەر ڕۆژێك بەملیۆنها خانە دەمرێت وە بەملیۆنها دروست دەبێتەوە، دەڵێن هەر پێنج ساڵێك خانەکانی لاشەی مرۆڤ هەموو دەمرێت وخانەی تر دروست دەبێتەوە تەنها خانەکانی دڵ و میشك نەبێت.(www.nabulsi.com)

❁ هەر خانەیەك لەخانەکانی لاشە دەلەرزێت بەیاسایەکی دیاری کراو،وە هەر نەخۆشیەك کەتوشی لاشە دەبێت ئەوا لەئەنجامی هەڵەیەك لەیاسای خانەکاندا ڕوو دەدات، هەندێك لە توێژەرانی ئەمڕۆ بڕوایان وایە کەهەموو نەخۆشیەکان تەنها شێوە گۆڕینی خانەیە ،لەبەر ئەوەی خوای گەورە لەرزینێکی دیاریکراوی بۆ داناوە،کاتێك کەسێك تووشی نەخۆشی

دەبێت ، ئەم خانانە لەرزینیان دەگۆڕێت ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕینی ئەم یاسایە لەدوای ئەم گۆڕینانە هەست بەنەخۆشی دەکەین.



یەکێك لەپزیشکەکانی فەرەنسی بەناوی (Tomatis Alfred، The Conscious Ear, Station Hill Press, New York, 1991.) بۆماوەی پەنجا ساڵ تاقیکردنەوەی کردوە لەسەر هەستیارەکانی مرۆڤ وەکو تام ، بۆن ، بینین ، بیستن ، هەستکردن ، دەرەنجامەکەی ئەوە بوو کەهەستیاری بیستن لەهەموو هەستیارەکان گرینگترە لەمرۆڤ، هەروەها بۆی دەرکەوت کە گوێ کۆنترۆڵی هەموو لاشەی مرۆڤ دەکات رێکخەری چوست وچالاکی و هاوسەنگی جولەی مرۆڤ وەهەروەها سیستەمی بەڕێوەبردنی دەمارەکان لەلای مرۆڤەکان، لەکاتی تاقی کردنەوەکانیدا بۆی دەرکەوت کەوا دەماری بیستنی مرۆڤ بەستراوە بەهەموو ماسولکەکانی لاشە، کەوا بوو دەنگ کاریگەری هەیە لەهاوسەنگی و نەرمی لاشە وە لەسەر هەستی بینین، وەهەروەها گوێی ناوەوە

پەیوەندی هەیە لەگەڵ هەموو بەشەکانی لاشە وەک دڵ – سیەکان – جگەر – گەدە، کەوا بوو لەرەلەری دەنگ کار لەهەموو بەشەکانی لاشە دەکات، تویژەران دەڵێن کەهەستیاری بیستن زۆر گرینگە بۆ هاوسەنگی لاشە ، جا ئەگەر ئەم هەستیارە کەموکوڕی تێکەوت ئەوا هەموو لاشە کەموکوڕی تێدەکەوێت،کەوابوو باشترین رێگە بۆ پاراستنی یاسایەکی جێگیر بۆ کارکردنی ئەندامەکانی لاشە ئەوەیە کە گوێ بیستی ئەم دەنگانە بین کەخانەکانی لاشە وەری دەگرێت و گۆڕانکاری تێدا ناکات وەکارەکانی بەرێك وپێکی ئەنجام دەدات.



لەسالّی ١٩٦٠دا زانای سویسری (Jenny Hans, Cymatics, Basilius Presse AG, Basel,.) بۆی دەرکەوت کەدەنگ گۆڕانکاری جیاواز دەکات وەشێوەو بەشەکانی خانەکان دەگۆڕێت ،وە هەر خانەك لەخانەکانی لاشە دەنگێکی تایبەتی هەیە وە گۆڕانکاری بەسەردا دێت بەهۆی دەنگەکان وەخۆی لەناوەوە رێکدەخاتەوە .

لەساڵی ١٩٧٤ دا دوو توێژەر بەناوی(Fabien Maman) لەگەڵ (Sternheimer Joel) دۆزینەوەیەکی گەورەیان بینی کەهەربەشێك لە بەشەکانی لاشە یاسایەکی لەرزینی تایبەتی هەیە بە یاسایەکی فیزیایی کاردەکەن، پاش چەند ساڵ (Fabien) لەگەڵ توێژەرێکی تر بەناوی (Grimal) شتێکی تریان دۆزیەوە کەوا دەنگ کار لەخانەکان دەکات بەتایبەتی لەخانەی شێرپەنچە وەهەروەها ووتی دەنگی تر هەیە کە بەهێزترە لە کارتێکردنی خانە وە ئەوەی جێگای سەرسوڕمان بوو لەلای توێژەرەکان کەزۆرترین کاریگەری دەنگەکان لەسەر خانەی لاشە دەنگی خودی مرۆڤەکەیە.

زاناکان ئەمەیان دۆزیەوە کەوا هەر میکرۆبێك یاخود ڤایرۆس بە لەرەلەرەی دەنگ کاری لێدەکرێت جا زاناکان بیر لەوە دەکەنەوە کە چارەسەرێکی میکرۆب و ڤایرۆس بکەن بە لەرەلەرەی دەنگێکی دیاری

کراو که ببێته هۆی لەکارخستنی، زانا(Fabien) تاقیکردنەوەکەی کرد لەسەر وەرگرتنی خانەی خوێن لەلاشەیەکی تەواو بەلێدانی دەنگی مۆسیقی جۆراوجۆر بینی لەگەڵ هەر ئاوازێك کارلێکردنێکی لەبواری کەهروموگناتیسی لەخانەدا کردووە.



(فابیان) هەستا بە لێدانی خانەی شێرپەنجە بە لەرەلەرە دەنگێکی دیاریکراو بینی هەندێك لەم لەرەلەرە دەنگانە بووە هۆی تەقینەوەی هەندێك لەخانەی شێرپەنجە،ئینجا بۆی دەرکەوت کەوا دەنگ کاریگەری هەیە بۆ چارەسەری ، بەدڵنیایی خانەکان وەلأمی لەرەلەرەکانی دەنگ دەدەنەوە جا ئەم لەرەلەرە لەپاشان گەشە دەکاتەوە بەکار کردنەوەیەکی تەواو بەشێوەیەکی باش ،بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم تاقیکردنەوە زۆر جار دەبینین کاتێك مرۆڤێك هەواڵێکی خۆش دەبیستێ

چۆن وزیەکی گەورە لەلاشەی دروست دەبێت ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە خانەکان زۆر بەچوستی کار دەکەن.

لەکاتی وێنەگرتنی خانە بەکامێرای جۆری(Kirlian)دەرکەوت کەوا خانە شێوەو بەهای بواری کەهرۆموگناتیسی دەگۆرێ کاتی بەرکەوتنی خانە بەلەرەلەرەکانی دەنگی جیاواز بەگوێرەی جۆری دەنگەی ئەو کەسەی کەقسە دەکات هەروەها لەتاقیکردنەوەکی تردا هەستا بەوەرگرتنی دڵۆپە خوێنێك لەنەخۆشێك ئینجا هەستا بەچاودێریکردنی بەکامێرای جۆری (Kirlian)وە داوای لەو کەسە کرد بەدەنگی خۆی هەندێك ئاوازی جۆراوجۆر بڵێ پاش چارەسەری وێنە گیراوەکە بۆی دەرکەوت کەوا ئەم دڵۆپە لەبواری کەهروموگناتیسیەوە گۆڕاوە،جا خانەکە وەلأمی هەندێك ئاوازی دیاریکراوی داوەتەوە کاتی بیستنی دەنگی خاوەنەکەی.

تێبینی: بۆیە ئێمەش دەڵێین بەهێزترین کاریگەر لەسەر خانەکان خوێندنەوەی قورئان و فەرمودەیە، لەم بارەیەوە فەرموودە هەیە هانمان دەدات لەکاتی نەخۆشی بە خۆمان دوعا لۆ خۆمان بکەین ئەویش ئەم فەرموودەیە:

۞عَنْ عُثْمَان بن أَبِي الْعَاصِ الثَّقَفِيّ: "أنه شكى إِلَى رَسُول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ وجعاً يجده فِي جسده مُنْذُ أسلم، فَقَالَ رَسُول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ : ضع يدك عَلَى الَّذِي تألّم من جسدك وَقل: بِسم الله - ثَلاثًا - وَقُلْ

سَبْعَ مَرَّاتٍ أَعُوذُ بِاللَّهِ وَقُدْرَتِهِ مِنْ شَرِّ مَا أَجِدُ وَأُحَاذِرُ " رَوَاهُ مُسلم (٢٢٠٢).

واتە: عثمان كوري عاص شكواى برد بۆ پێغەمبەرى خوا(ﷺ) لەو كاتەى موسڵمان بووە ئازارێكى لەلاشەى هەبوو، پێغەمبەرى خوا(ﷺ) فەرمووى دەست لەسەر ئەو جێگایەى دابنێ كە لەلاشەت ئازارى هەیە و سێ جار بڵێ (بسم الله) وە حەوت جاریش بڵێ (أَعُوذُ بِاللَّهِ وَقُدْرَتِهِ مِنْ شَرِّ مَا أَجِدُ وَأُحَاذِرُ).

جا ئەم توێژەرە ئەمەى بۆ دەركەوت كەوا هەندێك ئاوازى دیارى كراو هەیە وا دەكات خانەكان زۆر چوست و چالاك بن وەخۆیان نوێ بكەنەوە بە شێوەیەكى بەهێزتر، وەهەروەها ووتى بەدڵنیایى دەنگى مرۆڤ لەرە دەنگێكى روحى تایبەتى هەیە كەوا دەكات ئەم دەنگە بەهێزترین كاریگەر بێت بۆ چارەسەرى، زانا (Fabien) ئەمەشى دۆزیەوە كەوا هەندێك لەدەنگەكان توانای ئەوەیان هەیە خانەى شێرپەنجە بتەقێننەوە وە هەمان دەنگە خانە بەهێز دەكات. كاتێ مرۆڤ گوێبیستى دەنگ دەبێتە ئەم دەنگە كار لەخانەكانى خوێن دەكات وە دەبێت گواستنەوەى لەرەلەرى ئەم دەنگە بۆ هەموو لاشە لەنێو سوڕى خوێندا.

Maman Fabien, The Role of Music in the Twenty-First Century Tama-Do) (Press, California, 1997.



ئایا دەنگ تەنها کار لەخانەی مرۆڤ دەکات ؟

زانایی یابانی (Emoto Masaru. The Message from Water, HADO Kyoikusha. Tokyo, 1999.) سەلماندی کە دەنگ کار دەکاتە سەر هەموو ئەو شتانەی کە لە دەوروبەرماندا هەیە ئەمەش لەکاتی تاقیکردنەوەیدا لەسەر ئاو کە بەشەکانی گۆڕانکاریەکی کەهروموگناتیسی زۆری بەسەردا دێت لەکاتی بەرکەوتنی بەدەنگ، وە هەندێك ئاوازی تایبەت هەیە کەوا گۆڕانکاری لەسەر بەشەکانی ئاو بکات وە وای لێبکات زۆر ڕێك بێت تووژەرەکەی یابانی دەڵێ ئەمە شێوەی (٦) وێنەی ئاوە:



ئەمەش پاش بەرکەوتنی بەچەند دەنگێك وەك بسم الله یان ووتنی ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە یا هەر زیکرێك لەزیکرەکان شێوەی ئاوەکە گۆڕاوە، وەهەروەها شێوەی دەگۆڕێ بەگوێرەی لەرەلەری دەنگ لەبەر ئەوەی ئەو بەشە زانیاریانەی کە لەدەنگەکەوە کۆکراوەتەوە بەشەکانی ئاوەکە دەگۆڕێ.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ووتنی بسم الله یا خوێندنی قورئان لەسەر ئاو چیە؟ لەدوایدا خواردنەوەی، یاخود خوێندنی قورئان لەسەر شوێنی ئازاری لاشەی مرۆڤ ، لەبەر ئەوەی ئاو پاش کاریگەری بەدەنگی قورئان وای لێدێت خۆی نوێ بکاتەوە کە بەهێزتر بێت بۆ چارەسەری نەخۆشەکە واتە وەك ئەوە وایە کە ئێمە وزەیەکی زۆر بگوازینەوە بۆ خانەکانی لاشە پاش خواردنەوەی ئاوەکە بەتایبەتی ئەگەر ئاوەکە ئاوی زەم زەم بێت.

کەوابوو دەبێ ئەوەش بزانین کە لاشەی مرۆڤ لەسەدا حەفتای ئاوە، ئەو دەنگەی کە گوێی لێدەبێت کاریگەری زۆرە لەسەر رێکخستنی بەشەکانی ئاو لەناو خانەدا زۆربەی توێژەرەکان ئەمەیان سەلماندووە کەوا دەنگی مرۆڤ دەتوانێت ببێتە چارەسەر بۆ زۆربەی نەخۆشیەکان لەوانە شێرپەنجە.

هەروەها ئەوانەی کەبەدەنگ چارەسەری نەخۆشیەکان دەکەن وەك:

(Simon Heather, The Healing Power of Sound, www.positivehealth.com.)

دەڵێت کەوا دەنگی تر هەیە کاریگەری زیاترە لەسەر چارەسەری نەخۆشی بەتایبەتی بەرزکردنەوەی بەرگری لاشە.



هێزی دەنگ

زاناکان ئەمەیان دۆزیەوە کەوا زۆربەی دروستکراوە وردەکان وەک خانەو ڤایرۆس و بەکتریا لەرەلەری دەنگیان لێیەوە دەردەچێت، هەتاکو بەشەکانی DNA ناو ناووکی خانەش، لەم بوارە زاناکان گەیشتنە دروست کردنی تەکنەلۆجیایەك بۆ تۆمارکردنی ئەم دەنگە نهێنیانەی کە ناتوانرێت ببیسترێن لەبەر ئەوەی ئەو دروستکراوە وردانەش دەنگێکی تایبەتیان لێوە دەردەچێت ، کەوابوو ئەویش کاریگەری لێدەکرێت بەدەنگ.

(Power of Sound, www.bbc.co.uk, 20 November 2003.)

هەروەها زاناکانی ناسا (NASA) دەنگ بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی لەگەردوون بگەن ئەمەش لەساڵی ٢٠٠٣ ئەم پرۆژە دەستی پێکردوە (Black Hole Sound Waves, (NASA), Sept. 9, 2003)

زۆربەی تۆێژەرەکانی ئەمڕۆ دەڵێن دەتوانرێت لەسەرەتادا بزانرێت لەسەر زۆربەی نەخۆشە ترسناکەکان بەبەکارهێنانی تەنها دەنگ پاش ئەوەی کە زانرا زۆربەی ڤایرۆسەکان و بەکتریاکان دەنگێکی لەرەلەرەی جیاوازیان لێوە دەردەچێت.

زۆربەی نەخۆشەکان بەهۆی ڤایرۆسەوەن ئەم ڤایرۆسانەش ووشەیەکی دیاریکراو هەیە کەکاری لێ بکات؟، ئێمەش دەڵێین ووشەکانی خوای گەورەیە (واتە قورئانی پیرۆز) کەلەناویاندا نهێنی چارەسەری ڤایرۆسی تێدایە کەلەهەموویان کاریگەرترن لەسەر یاسای کاری ڤایرۆسەکان ،لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی بەتاڵ بوونەوەو لەکارخستنی بەویستی خوای گەورە،ئەوەی سەرسوڕهێنەرە زاناکان تأکید دەکەنەوە کەوا هەندێك لە لەرەلەرەی دەنگەکان هەنە وە بەدواشیدا دەگەڕێن بۆ بەتاڵ کردنەوەی کاری ڤایرۆسەکان وە لەهەمان کاتیشدا خانەکانی نەخۆش چوست و چالاك بکات ئێمەش دڵنیاین تەنها قورئانی پیرۆزە ئەم تایبەتمەندیەی تێدایە.

زۆربەی پزیشکەکانی رۆژئاوا وەك:

Dr Andy Weil, Dr Robert O. Becker, Dr William Tillis, Dr Josh)
.(Oschman, Dr Alfred Tomatis , Dr Richard Gerber

جگە لەوانیش کەبڕوای تەواویان هەیە کەدەنگ شێوەیەکە لە شێوەکانی ووزە کەدەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ چارەسەری زۆربەی نەخۆشیە دڕێژخایەنەکان وترسناکەکان کەتا ئێستا چارەسەریان مەحاڵە.

(Davis Dorinnem Sound Bodies through Sound Therapy, Kalco Publishing 2004.)

پێست (جلد)

زاناکان دەسەلمێنن کە دەنگ کاریگەری هەیە لەسەر خانەکانی پێست، ئەم دۆزینەوە گرنگی توانای بێ هاوتایی پێست دەدات لەکۆکردنەوە وبیر هێنانەوەی زانیارییەکان، کەوا بوو پێویستە بەبەردەوامی پێستمان بیسەر بێ بە قورئان تاکو شایەتی چاکەمان لەسەر بدات لەڕۆژی دواییش خوای گەورە دەفەرموێت (حَتَّى إِذَا ما جَاءوها شَهِدَ عَلَيْهِمْ سَمْعُهُمْ وَأَبْصَارُهُمْ وَجُلُودُهُمْ بِما كَانُوا يَعْمَلُونَ)سورة فصلت(٢٠) واتە: تا کاتێ دەگەنە لای ئاگری دۆزەخ شایەتی دەدات لە دژیان گوێ و چاو پێستی لەشیان بەو کارکردەوەی کە کردوویانە .(پوختەی تەفسیری قورئان ل٤٧٨) (جا ئەمە بەڵگەی خوای گەورەیە کەوا پێست زانیاریەکان خەزن دەکات).



کاریگەری خوێندنی قورئان

سەرۆکی تیمی پزیشکی(Mark Noble)مارك نۆبڵ دەڵێ چارەسەری کیمیایی شێرپەنجە بەشێکی زۆری خانەی ساغ دەکوژێت بەڕێژەی(٧٠ _١٠٠ ٪) لەوەی کە خانەی شێرپەنجە دەکوژێت بەڕێژەی (٤٠ _ ٨٠٪):

Common Cancer Treatments Toxic to Healthy Brain Cells,) University of Rochester, November 30, 2006.(

کەوابوو پێویستە لەسەرمان بەدوای ئەو چارەسەرانە بین کەوا زیاتر سود بەخشن، جا لەوانەیە ئەم چارەسەرە بەدەنگ بێ لەجیاتی داودەرمان زۆربەی تووێژەرەکان بڕوایان وایە کەکاریگەری دەنگ سەر سورهێنەر دەبێ بۆ چارەسەری ،بۆ زیاتر زانیاری ئەم ڕاپۆرتە لەم شوێنە بلاو کراوەتەوە .(www.urmc.rochester.edu)

کەوابو ئێمەش خاوەنی گەورەترین پەرتوکین کەقورئانی پیرۆزە ئەویش کەلامی خوای باڵا دەستە کەنهێنی زۆری تێدایە، قورئان خوێندن بریتیە لەکۆمەڵە لەرەلەرەکی دەنگی کە بەگوێی دەگا ئینجا بۆ خانەکانی دەماغ دەگوازرێتەوە جا ئەویش کاریگەریەکی کارەبایی دروست دەکات لەسەر خانەکان وەخانەکانیش گۆڕانکاریان بەسەردا دێت ئەم گۆڕانەش دەبێتە هۆی لەرزینی خانەکان بەرێك وپێکی واتە ئەو خانانەی کەناتەواوە چوست و چالاکی بکات،ئەمەش بەمەرجێك بڕوای تەواومان هەبێ بەخواو قورئانەکەی کە شیفایە.

دەماغ

دەماغ زیاتر لە تریلیۆنێك خانە پێك دێت واتە ملیۆن ملیۆنە (١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ئەم هەموو خانانە کاردەکەن بە کارکردنێکی ڕێك و پێك دەتوانین بڵێین وەك ئامێری کۆمپیوتەر جا ئەگەر وادابنێین تریلیۆنیك کۆمپیوتەر بێنین بۆ ئەوەی هەموویان بەیەکەوە کاربکەن ،بەڵام ئەگەر بەوردی بیری لێبکەینەوە کە چەند قەبارەو شوێن و کارمەندی پێویستە بۆ کارکردن باش دەزانین کە ئەمە کارێکە کە مرۆڤ ناتوانێت ئەنجامی بدات . بەڵام خوای گەورە وای کردووە ئەم تریلیۆن خانانەی دەماغ زۆر بەڕێك و پێکی کار لەگەڵ یەکتری بکەن..



زاناکان دەڵێن هەر خانەیەك دەورە دراوە بە بواری کەهرۆموگناتیسی لەبەر ئەوەی خانە کارەبای تێدایە.



زاناکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کەوا سیستەمی دەماغ مەیلی ئەنجام نەدانی تاوانی تێدایە:

(ئەم ڕاپۆرتە لەم شوینە بڵاوکراوەتەوە):

, Fib detector Study Carl T. Hall, Chronicle Science Writer)
shows brain scan detects patterns of neural activity when someone
(lies, www.sfgate.com, November 26, 2001.

واتە دەماغ بەرمەجە کراوە لەزگماکیەوە لەسەر باشە هەر وەک خوای گەورە دەفەرمووێ (فأقم وجهك للدين حنيفاً فطرت الله التي فطر الناس عليها) سورة الروم(٢٩).

زاناکان لەساڵی ٢٠٠٦ (Kara Gavin, University of Michigan researchers publish new findings on the brain's response to (costly mistakes, University of Michigan, April 12, 2006.
تاقیکردنەوەیان لەسەر خەڵکانێك ئەنجامدا کە تاوانیان کردووە ئەمەیان دۆزیەوە کە شوێنێکی تایبەتی لەدەماغ چالاك دەبێت لەو شوێنە سوڕی خوێن زیاتر دەبێت بە پێچەوانەی خەڵکانێك کەکاری باشیان ئەنجام داوە ئەمە هیچ وزەیەکی وای پێویست نییە کە باس بکرێت لەبەر ئەوەی هەر تاوانێك بەهەر جۆرێك بێت پێویستی بە وزەیەکی زۆر هەیە لە دەماغ .



زاناکان ئەمەیان جێگیر کردووە کەوا دەماغی مرۆڤ کاریگەری لەسەر دەبێت بەهەر زانیارییەک کە دەیڵێت یان گوێبیستی دەبێت،ئەوەی زۆر گرینگە کە دۆزراوەتەوە شوێنێك هەیە بەرپرسیارە لەسەر درۆ کە پێی دەوترێت (الناصیە)، کەوابوو دەنگی قورئان لەهەمووی کاریگەرترە لەم شوێنە لەبەر ئەوەی کەلامی خوای گەورەیە باشترین چەکە بۆ چارەسەری درۆ ، هەروەها ئەم شوێنە بەرپرسیارە لەسەر ئەنجامدانی هەڵە وبڕیارو کاری تر کە مرۆڤ بیەوێت ئەنجامی بدات، هەروەها زاناکان دەڵێن سیستەمی دەماغ لەسەر ڕاستگۆیی بنیاتکراوە ئەویش بەبەکار هێنانی ئامێری ڕەنینی موگناتیسی:

(functional magnetic resonance imaging) بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر دەماغی مرۆڤ بۆیان دەرکەوت کاتێ مرۆڤ ڕاستی دەڵێت وزەیەکی کەم سەرف دەکات.(ئەم ڕاپۆرتە لەم شوێنە بڵاوکراوەتەوە):

Brain Scans as Lie Detectors: Ready for Court Use?,)
(Malcolm Ritter, www.livescience.com, 29 January 2006.

بە پێچەوانەی درۆکردن کە دەمارەکان پێویستی بە وزەیەکی زۆر هەیە کەوابوو تاوان و درۆ و کاری خراپ کاریگەری لەسەر کارکردنی دەماغ هەیە کە خانەکان ماندوو دەکات..

تێبینی: ئەگەر ئێمە تەماشای ئایەتەکانی قورئان بکەین دەبینین ووشەکان زۆر بەڕێك وپێکی نوسراوەتەوە هەروەها پیتەکانیشی سیستەمێکی بەهێزی هەیە هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: (كِتَابٌ أُحْكِمَتْ آيَاتُهُ ثُمَّ فُصِّلَتْ مِنْ لَدُنْ حَكِيمٍ خَبِيرٍ) سورة هود(٢). **واتە: ئەمە کتێبێکە ئایەتەکانی بتەو داڕێژراوە پاشان ڕوون کراونەتەوە لەلایەن (خوای) کار دروست و زانا.**

دەبێ ئەمەش بزانین کەوا هەر زەرێەك (ذرة) لەلاشەمان هەیە لە حەوت چین پێك دێت لەبەر ئەوەی لاشەی مرۆڤ بریتیە لە زەرە کەوابوو بۆ کاریگەری پێویستە هەر ئایەتێك حەوت جار دووبارە بکرێتەوە تاکو خوای گەورە چارەسەریمان بدات زۆر فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) هەیە کەباس لەهەندێ دوعا دەکات کەحەوت جار بیڵێین هەروەها سورەتی فاتیحەش لەحەوت ئایەت پێك هاتووە کە ئەمەش نهێنیەکی بەهێزی تێدایە بۆ نەخۆشیەکانمان.

کەوابوو گوێ گرتن یاخود خوێندنی قورئان سیستەمی بەرگری خانە بەهێز دەکات.

زۆر جاران كه يەكێك دەبينين تووشى نەخۆشيەكى دەروونى دەبێت كاريگەريەكى زۆر لەسەر لاشەى بەديار دەكەوێت بەرگرى كەم دەبێت بەلأم كاتێك كه نەخۆش گوێ بيستى هەواڵێكى خۆش دەبێت يەكسەر باشى پێوە دەبينرێت ئايا دەزانن هۆى ئەمە چيە ؟دەتوانين زۆر بە سادە وساكارانە بڵێين كه ئەمە خانەكانن ئەم كارانە دەكەن واتە خانەكان لەكاتى ناخۆشى بێ هێز دەبن بەلأم لەكاتى خۆشيدا خانەكان چوست و چالاك دەبن وەبەرگرى لاشە زياد دەكات لەنەخۆشى..

دەبێ ئەوەش باش بزانين كەوا چواردە سەدەيە بە مليۆنەها خەڵك چارەسەريان بۆ هاتووە بەهۆى قورئانى پيرۆزەوە كه ئەمە بەهێزترين بەڵگەيە كه چارەسەريكى بێ هاوتايە بۆ ئەو نەخۆشانەى زۆر گرانن وچارەسەريان لەلاى مرۆڤەكان تاكو ئێستا نەدۆزراوەتەوە، چونكه هيچ گومان لەوەدا نييە هەر خواى گەورە دەزانێ بەچ چارەسەريمان دێت لەبەر ئەوەى خۆى ئێمەى دروست كردووە.

دڵ (القلب)

دڵى مرۆڤ ئەو بەشە بچووكەيە لەلاشەى مرۆڤ كەزاناكانى سەرسام كردووە تاكو ئێستا لەبەر ئەوەى هەر رۆژێك توێژەرانى پزيشكى شتێكى نوێ ئەدۆزنەوە لەسەر دڵ و نەخۆشيەكانى و چارەسەرى، وەهەروەها دڵ كاريگەرى هەيە لەسەر ژيانى مرۆڤ، ئێمە دەزانين ئەگەر دڵ باش بێت لاشە هەمووى باش دەبێت ئەگەر نا ئەوە بەپێچەوانەوە خراپ بوو

ئەوە لاشە هەموو خراپ دەبێ، دڵ ترومپایەکە لەهەر ڕۆژێکدا نزیکەی ٧ هەزار لیتر خوێن پاڵ دەنێ بەناو دەمارەکان وەهەروەها هەڵدەستێت بەزیاتر لە لێدانی ٧٠ —١٠٠ جار لە دەقیقەك ،جا ئەگەر وا دابنێین یەکێك لە دەقیقەکدا ٧٥ جار دڵی لێدەدات ئەوە سەیری ئەم خشتەی خوارەوە بکە:

لێدانی دڵ	دەقیقەك	کاتژمێرێك	ڕۆژێك	مانگێك	ساڵێك
٧٠ — ١٠٠	٧٥	٤٥٠٠	١٠٨٠٠٠	٣٢٤٠٠٠٠	٣٨٨٨٠٠٠٠

(جا ئەگەر کەسێك ٦٣ ساڵ ژیا ئەوە ٢٤٤٩٤٤٠٠٠٠ جار دڵی لێدەدات).

جا هەر یەکێك لەئێمە دەتوانی بەگوێرەی ئەم خشتەیە بزانی دڵی چەندی لێداوە بۆ نموونە ئەگەر یەکێك (٣٠) ساڵ بێت ئەوە (١١٦٦٤٠٠٠٠٠) جار دڵی لێداوە وەنزیکەی (٢٣٣٢٨٤٠٠٠٠)ی ماوە ئەمەش بەشێوەیکی ئەندازەیە.



کەوابوو ئەم بەشە زۆر گرنگە لەلاشەی مرۆڤ وەکو ئامێرێکی جوڵێنەر بۆ سوڕانەوەی خوێن لەلاشەی مرۆڤ، وە ئێمە دەزانین

خوێن هەڵدەستێت بەگواستنەوەی ئۆکسجین وخۆراك بۆ هەموو بەشەکانی لاشە وەپاشەڕۆ ژەهراویەکان بەلا دەنێت واتە فرێی دەداتە دەرەوە ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پێش ١٤ سەدە پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی ئەم بەشەی کردووە لەلاشەمان دەفەرموێت: (أَلا وَإِنَّ فِي الْجَسَدِ مُضْغَةً إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، وَإِنْ فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، أَلا وَهِيَ الْقَلْبُ)رواه البخاري ومسلم. مضغة :قطعة لحم.

واتە: لەناو لاشە پارچە گۆشتێك هەیە ئەگەر چاك بوو (بۆ جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی خوا وپێغەمبەرکەی (ﷺ) لاشە هەموو چاك دەبێت ئەگەر تێك چوو (واتە: فەرمانەکانی خوا و پێغەمبەری (ﷺ) جێ

بەجێ نەکرد تاوانی دەکرد) لاشە هەموو تێك دەچێ ئەویش دڵە. زانستی ئەمڕۆ ئەم ڕاستیە دەسەلمێنی کەئەم فەرموودەیە چەند بەنرخە چۆن پێناسەی دڵ دەکات بە ئاسانترین شێوە.

زانای کیمیاگەری(Jim Gimzewski) لە زانکۆی کالیفۆرنیا دەڵێ خانەی دڵ لەرەلەری لێوە دەردەچێت ناتوانین گوێبیستی بین بەڵام بەئامێری پێش کەوتوو و هەستیار دەتوانین بزانین جگە لەمەش هەندێ لەم لەرەلەرانەش کاردەکاتە سەر سوڕی خوێن، هەروەها زاناکان پێیان وایە کەئاژەڵەکان و ئەستێرە و ڕووەکەکان، وەهەروەها (ڤایرۆسەکان) یش دەنگی تایبەتیان هەیە.



زانا(Sergei Shushardzhan) دەڵێ دەنگ کاردەکاتە سەر خانەی شێرپەنجە(ئەم تویژینەوە لەم شوێنە بڵاو کراوەتەوە)

Beautiful music cures brain diseases and improves blood circulation, www.english.pravda.ru, 27.02.2006).

هەروەها زاناکان دەڵێن دەنگ کاریگەری هەیە لەسەر دڵ، کەواتە گوێ گرتن لەخوێندنەوەی قورئان یا خوێندنەوەی باشترین چارەسەرە بۆ کاریگەریە دەنگەکان ئەویش لەڕۆژێکدا (٢) کاتژمێر بێ بەلای کەمی.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەم دەقەی سەرەوە کەخوای گەورە دەفەرمووێ : (أَلا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ) سورة الرعد (٢٨) واتە: ئاگادار بن کەهەر بەیادی خوا دڵەکان ئارام دەبن. کەوا بوو ئەو مرۆڤانەی دوورن لەیادی خودا ئەبێ دڵیان چۆن بێ. خوای گەورە دەفەرمووێ (فَوَيْلٌ لِلْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُمْ مِنْ ذِكْرِ اللَّهِ أُولَئِكَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ) سورة الزمر(٢٢) .

واتە: جا سزاو لەناوچوون بۆ ئەوانەی دڵیان ڕەقە لە ئاست(قورئان و) یادی خوا ئا ئەوانە لە گومڕاییەکی ئاشکرادان.

هۆی توش بوون بەنەخۆشی شێرپە نجە(سرطان):

پاش چەند پرسیارکردن لەبەڕێز دکتۆر سامان عبدالرحمان (ممارس في الاورام السرطانية) لەنەخۆشخانەی نانەکەلی لەهەولێر دەرباری ئەو کەسانەی کەتووشی شێرپەنجە دەبن بەڕێزیان ووتی:

هۆکارەکانی تووش بوون بەنەخۆشی شێرپەنجە ئەمانەن:

١- تێکچوونی باری دەروونی هۆکارە بۆ توش بوون بە شێرپەنجە.

٢- جگەرە کێشان و مەی خواردنەوەو خواردنی ماددە هۆشبەرەکان.

٣- پیس بوونی ژینگە ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی سوتەمەنی بۆ ئۆتۆمبێل وکارگەکان.

٤- خواردنی نا دروست وپیس یاخود زۆر خواردن یان خواردنی خێرا (أكلات سريعة).

٥- بەکارهێنانی حەب لەلایەن ئافرەتان بۆ منالّ نەبوون (حب منع الحمل) .

٦- ئەو دایکەی تووشی شێرپەنجە بووە وا باشە پشکنینی بۆ منالّەکانی بکرێت پاش تەمەنی ٤٠ سالّی بۆ پارێزگاریان لەئەگەری تووشبوونیان بە شێرپەنجە.

٧- هۆکاری تریش هەن بەلاّم ئەمانەی سەرەوە سەرەکی بوون.

چارەسەری شێرپە نجە :

١- یەك لەمەرجەكان شیفای ئەو نەخۆشە ئەوەیە كە ئیرادەی بەرز بێت لەو كاتە بەرگری لەشی بەهێز دەبێت.

٢- بەكارهێنانی چارەسەری كیمیاوی بەمەرجێك پێی وابێ خوای گەورە بەو دەرمانە شیفای دەدات یاخود نەشتەرگەری بۆ بڕینی ئەو شوێنەی كەتووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە یا حەب خواردن.

٣- ئاین كاریگەری هەیە لەسەر بەرزبوونەوەی ئیرادەی نەخۆش لەبەرگری نەخۆشی شێرپەنجە.

٤- خواردنی ئەو میوەو سەوزانەی كە بەسوودن بۆ لەش بەمەرجێك باش پاك بكرێنەوە.

٥- بیر نەكردنەوە لەو نەخۆشیە واتە ژیانی خۆی گوزەران پێ بكات وەك ئەوەی كە ساغە.

بەشی دووەم

نەخۆشی لە ڕوانگەی ئیسلام

بۆ نەخۆش دەکەوین:

وەلامەکەی ئەوەیە تاکو پاداش وەربگرین هەر وەك لەم فەرموودانەی خوارەوە باس دەکات کە چۆنە :

۞عَنْ شَدَّادٌ قَالَ إِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يَقُولُ إِنِّي إِذَا ابْتَلَيْتُ عَبْدًا مِنْ عِبَادِي مُؤْمِنًا فَحَمِدَنِي عَلَى مَا ابْتَلَيْتُهُ فَإِنَّهُ يَقُومُ مِنْ مَضْجَعِهِ ذَلِكَ كَيَوْمِ وَلَدَتْهُ أُمُّهُ مِنْ الْخَطَايَا وَيَقُولُ الرَّبُّ عَزَّ وَجَلَّ أَنَا قَيَّدْتُ عَبْدِي وَابْتَلَيْتُهُ وَأَجْرُوا لَهُ كَمَا كُنْتُمْ تُجْرُونَ لَهُ وَهُوَ صَحِيحٌ. رواه احمد (١٧٥١٩) والطبرانى (٧١٣٦). تعليق شعيب الأرنؤوط: صحيح لغيره.

معانى بعض الكلمات:

(مؤمنًا) قيد في ذلك؛ لأن من اتَّصف بالإيمان؛ عمل بأحكامه من صلاةٍ، وصيامٍ، وحجٍ، وزكاة...إلخ، ولا جدال في أن من كان كذلك، وابتلي بأشياء منعته من أداءِ نوافله، وأوراده لجدير باستحقاق الثواب حين كان صحيحًا سليمًا. الإتحافات السنية بالأحاديث القدسية ج١ ص١٨.

واته: (شەداد) ڕەزای خوای لێبێ دەڵێ من گوێم لەپێغەمبەری خوا بوو(ﷺ) دەیفەرموو ، خوای عز وجل دەفەرموێت ئەگەر من بەندەیەك لەبەندەكانی ئیماندارم تاقی كردەوە(بە بەڵاو ناخۆشی و نەخۆشی) سوپاس گوزاری كردم لەسەر ئەو تاقی كردنەوە ئینجا ئەو لەو جێگایەی كە لێی هەڵدەستێتەوە گوناهی نامێنی وەك ئەو ڕۆژە وایە كە لەدایكی بووە، پەروەردگاری عز وجل دەفەرموێت من بەندەم بەستەوە (واتە نەخۆشم كرد) تاقیم كردەوە جا پاداشەكەی بۆ بنووسن وەك ئەو پاداشەی كە بۆتان دەنوسی كاتێك لەش ساغ بوو(واتە لەكاتی لەش ساغی چۆن عیبادەتی دەكردم كاتی نەخۆشی وەك ساغیەكەی بۆ بنووسن ، بۆ نمونە ئەگەر یەكێك هاتوو چووی مزگەوتی دەكرد كاتێك كەساغ بوو لەكاتی نەخۆشی هەمان پاداشی ساغی بۆ دەنووسرێت بەبێ كەمی، یاخود هەندێك یادی دیاری كراوی ڕۆژانە هەبوو وەك سەد سەڵاوەت و لا اله الا الله... هتد دەكرد كاتێك كەساغ بوو لەكاتی نەساغی ئەگەر نەی توانی هەمان پاداشی ڕۆژانەی بۆ دەنووسرێتەوە).

۞ عن أَبُو بُرْدَةَ قَالَ سَمِعْتُ أَبَا مُوسَى مِرَارًا يَقُولُ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا مَرِضَ الْعَبْدُ أَوْ سَافَرَ كُتِبَ لَهُ مِثْلُ مَا كَانَ يَعْمَلُ مُقِيمًا صَحِيحًا. رواه البخاري(٢٨٣٤).

معانى بعض الكلمات:

(مثل ما كان يعمل) مثل ثواب عمله الذي كان يعمله.

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی ئەگەر بەندە نەخۆش کەوت یاخود گەشتی کرد(بەمەرجێك گەشتەکە بۆکاری چاکە بێت)بۆی دەنووسرێت (واتە لەلایەن فریشتەکان)هەمان پاداشت هەر وەکو نەوەی نیشتەجێ بووبێت لەشوێنی خۆی ساغ و سەلامەت بووبێت و کارەکانی ئەنجام داوە.

(کەوا بوو موسڵمانی بەڕێز هەرگیز دڵگران نەبی کاتی تووشی نەخۆشیەك دەبیت بڵێ من ناتوانم بەتەواوی عیبادەتی خوای گەورە بکەم بۆ نمونە زۆر موسڵمان هەیە پێی ناخوشە نوێژ بە دانیشتن بکات لەکاتی توش بوونی بە نەخۆشیەك کە ناتوانی هەڵسێتەوە بەڵام سۆزومیهرەبانی خوای گەورە بێ سنورە بۆ بەندەکانی پاداشی بۆ دەنووسێت هەر وەکو چۆن ساغ بوو عیبادەتی دەکرد).

۞عَنْ عُمَرَ بْنِ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ عَنْ أَبِيهِ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَجِبْتُ لِلْمُؤْمِنِ إِذَا أَصَابَهُ خَيْرٌ حَمِدَ اللَّهَ وَشَكَرَ وَإِنْ أَصَابَتْهُ مُصِيبَةٌ حَمِدَ اللَّهَ وَصَبَرَ فَالْمُؤْمِنُ يُؤْجَرُ فِي كُلِّ أَمْرِهِ حَتَّى يُؤْجَرَ فِي اللُّقْمَةِ يَرْفَعُهَا إِلَى فِي امْرَأَتِهِ. رواه احمد(١٤٨٢) والبيهقي (٦٧٩٣). قال الشيخ شعيب الأرناؤوط: إسناده حسن

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی جێگای بەدڵ بوونە بۆ بڕوادارانئەگەر توشی خێرو چاکە هات سوپاسگوزاری خوای گەورە دەکات وڕازیە ،ئەگەر توشی ناخۆشیەك هات سوپاسگوزاری خوای گەورە دەکات وئارام

دەگرێت ، جا بڕوادار پاداش وەردەگرێت لەهەموو کاروکردەوەکانی، هەتا پاداش وەردەگرێت بۆ ئەو پاروەی کەبەرزی دەکاتەوە بۆ دەمی خێزانی.

۞عَنْ أَبِي سَعِيدٍ وَأَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّهُمَا سَمِعَا رَسُولَ اللَّهِ -صلى الله عليه وسلم- يَقُولُ « مَا يُصِيبُ الْمُؤْمِنَ مِنْ وَصَبٍ وَلاَ نَصَبٍ وَلاَ سَقَمٍ وَلاَ حَزَنٍ حَتَّى الْهَمِّ يُهَمُّهُ إِلاَّ كُفِّرَ بِهِ مِنْ سَيِّئَاتِهِ ». رواه مسلم (٢٥٧٣).

معانى بعض الكلمات :

(الْوَصَب) الْوَجَع اللَّازِم.

(النَّصَب) التَّعَب.

(السُّقْم) مرض.

(يُهَمّهُ) قَالَ الْقَاضِي: هُوَ بِضَمِّ الْيَاء وَفَتْح الْهَاء عَلَى مَا لَمْ يُسَمَّ فَاعِله، وَضَبَطَهُ غَيْره (يَهُمّهُ) بِفَتْحِ الْيَاء وَضَمِّ الْهَاء أَيْ يَغُمّهُ، وَكِلَاهُمَا صَحِيح. شرح النووي على صحيح مسلم.

واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت ئەوەی توشی ئیماندار دەبێت لە ئازاری بەردەوام یا ماندوبون یا نەخۆشی یا دڵتەنگی هەتا ئەو خەموپەژارەی تووش دەبێت بەدڵنیایی دەبێت بەداپۆشینی گوناهەکانی.

۞عَنْ الْحَارِثِ بْنِ سُوَيْد عَنْ عَبْد اللَّه قَالَ: قَالَ رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (مَا مِنْ مُسْلِمٍ يُصِيبُهُ أَذًى شَوْكَةٌ فَمَا فَوْقَهَا إِلاَّ كَفَّرَ اللَّهُ بِهَا سَيِّئَاتِهِ كَمَا تَحُطُّ الشَّجَرَةُ وَرَقَهَا). رواه البخاري (٥٦٤٨).

واته: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی نیە هەر موسڵمانێك بەدڕكێك ئازارێكی توش بێت یا لەوی زیاتر (وەك لاشەی بریندار بێت بەچەقۆ یا بەئامێرێك یا بەربێتەوە لەشوێنێك.... هتد كە ئەمانە هەمووی ئازاریان زیاترە لەدڕك) بەدڵنیایی خوای گەورە گوناهەكانی لەسەر لادەبات هەر وەكو چۆن دار پەلكی دەوەرێنی.

۞عَنْ عائشة رضي الله عنها عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: (مَا مِن مُسلمٍ يُصابُ بِمصيبَةٍ وَجَعٍ أو مَرضٍ إلا كَان كفَّارَةَ ذُنُوبِهِ حَتى الشَوكَةُ يُشاكُهَا أو النَّكبةُ. البخاري في الأدب المفرد (٤٩٨)و ابن ماجه (١٥٩٨).

معانى بعض الكلمات:

(النَّكبةُ) والمراد هنا ما يصيب الإنسان من الحوادث التي فيها جراح من غير العدو كوقوعه من على دابته.

واته: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی نییە هەر موسڵمانێك تووشی موسیبەتی ئازار بێت یاخود نەخۆشی بەدڵنیایی لۆی دەبێتە داپۆشینی گوناهەكانی هەتاكو ئەو دڕكەی دەچێتە لاشەی یا بەهەر كارەساتێك بێت (واتە تووشی بریندارى بێت وەك بەر بوونەوە لەسەر ئەسپ، یا ڕووداوی سەیارە، یا لەڕێگا كەوتن... هتد، بەمەرجێك لەكاری خراپە تووشی ئەم ئازارو ناخۆشیە نەبێت ئەوە بۆی دەبێتە داپۆشینی گوناهەكانی).

۞عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ سَمِعْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ إِنَّ اللَّهَ قَالَ إِذَا ابْتَلَيْتُ عَبْدِي بِحَبِيبَتَيْهِ فَصَبَرَ عَوَّضْتُهُ مِنْهُمَا الْجَنَّةَ. يُرِيدُ عَيْنَيْهِ. رواه البخاري (٥٦٥٣).

معانى بعض الكلمات:

(يريد) أي النبي صلى الله عليه وسلم بحبيبتيه (عينيه).

واتە: ئەنەس دەڵێ گویم لەپێغەمبەر (ﷺ)بوو دەیفەرموو، خوای گەورە دەفەرموێ، ئەگەر بەندەم تاقیکردەوە بە نەمانی هەردوو خۆشەویستەکەی (واتە چاوەکانی چونکە چاو خۆشەویسترین ئەندامە لەلاشە) جا ئارامی گرت لەجیاتەوی (نەمانی چاوەکانی) پاداشتی دەکەم بەبەهەشت.

۞عَنْ عطَاء بن أبي رَباحٍ قَالَ: قَالَ لي ابنُ عَباسٍ رضي اللهُ عنهما: ألا أُريكَ امْرَأَةً مِنْ أَهْلِ الجَنَّة؟ فَقُلْتُ: بَلَى، قَالَ: هذِهِ المَرْأَةُ السَّوداءُ أتتِ النَّبِيَّ - صلى الله عليه وسلم - فَقَالَتْ: إِنِّي أُصْرَعُ، وإِنِّي أَتَكَشَّفُ، فادْعُ اللهَ تَعَالَى لي. قَالَ: « إِنْ شئْتِ صَبَرتِ وَلَكِ الجَنَّةُ، وَإِنْ شئْتِ دَعَوتُ اللهَ تَعَالَى أَنْ يُعَافِيكِ » فَقَالَتْ: أَصْبِرُ، فَقَالَتْ: إِنِّي أَتَكَشَّفُ فَادعُ اللهَ أَنْ لا أَتَكَشَّف، فَدَعَا لَهَا. رواه البخاري (٥٣٢٨) ومسلم(٢٥٧٦).

معانى بعض الكلمات:

(امرأة) قيل اسمها سعيرة الأسدية وقيل شقيرة

(أصرع) يصيبني الصرع وهو علة في الجهاز العصبي تصحبها غيبوبة في العضلات وقد يكون هذا بسبب احتباس الريح في منافذ الدماغ وقد يكون بسبب إيذاء الكفرة من الجن

(أتكشف) أي فأخشى أن تظهر عورتي وأنا لا أشعر

(صبرت) على هذا الابتلاء

(ولك الجنة) أي درجة عالية فيها بمقابل صبرك

واتە: عەتا ووتی ابن عباس ڕەزای خوای لێبی پێی ووتم ناتەوێ یەك لەئافرەتەکانی بەهەشتت پێ نیشان بدەم ووتم بەڵێ، ووتی ئەو ئافرەتە ڕەش تاڵە هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) ووتی من خووی دەگرم (واتە: صْرَع) وە جل وبەرگ لەبەر خۆم دادەکەنم (واتە لەکاتی خووەکە ئاگام لەخۆم نامێنێ بۆیە وادەکەم)، دوعام لۆ بکە لای خوای گەورە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەگەر دەتەوێت ئارام بگرە بەهەشتت بۆ هەیە (واتە لەسەر ئەو نەخۆشیە)، وە ئەگەر دەتەوێت دوعات بۆ دەکەم خوای گەورە شیفات بدات، ووتی ئارام دەگرم (واتە ڕازیم بەو نەخۆشیە) ئینجا ووتی من کاتی خوو(صرع) دەمگرێت جل وبەرگ لەبەر خۆم دادەکەنم دوعام لۆ بکە لای خوای گەورە جل و بەرگ لەبەر خۆم دانەکەنم، جا پێغەمبەر (ﷺ) دوعای بۆ کرد (واتە پاش دوعای پێغەمبەر (ﷺ) ئافرەتەکە لەکاتی خووەکە جل و بەرگی لەبەر خۆی نەدەکردەوە).

تێبینی: ئەمە مژدەیەکی خۆشە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەو نەخۆشیەیان هەیە تەنها ئارامی لەسەر بگرن وە ناڕەزای لەسەر دەرنەبڕن انشاءالله خوای

گەورە پاداشیان دەکات بەبەهەشت، کەوا بوو نابێ پێمان ناخۆش بێ کاتی نەخۆش دەکەوین ئەگەر نا ئەو پاداشە وەرناگرین.

۞عَنْ مُصْعَبِ بْنِ سَعْدٍ عَنْ أَبِيهِ قَالَ قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَيُّ النَّاسِ أَشَدُّ بَلَاءً قَالَ الْأَنْبِيَاءُ ثُمَّ الْأَمْثَلُ فَالْأَمْثَلُ فَيُبْتَلَى الرَّجُلُ عَلَى حَسَبِ دِينِهِ فَإِنْ كَانَ دِينُهُ صُلْبًا اشْتَدَّ بَلَاؤُهُ وَإِنْ كَانَ فِي دِينِهِ رِقَّةٌ ابْتُلِيَ عَلَى حَسَبِ دِينِهِ فَمَا يَبْرَحُ الْبَلَاءُ بِالْعَبْدِ حَتَّى يَتْرُكَهُ يَمْشِي عَلَى الْأَرْضِ مَا عَلَيْهِ خَطِيئَةٌ. رواه الترمذي (٢٣٩٨)و ابن ماجة (٤٠٢٣) وقال :حسن صحيح وابن حبان(٢٩٠١).

معانى بعض الكلمات:

(الأمثل): الأفضل والأشرف والأقرب مماثلة لهديهم في كل زمان.

(الابتلاء): الاختبار والامتحان بالخير أو الشر.

واتە: موصعەب لە باوکیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کە ووتبووی ووتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)چ خەڵکانێك هەنە بەڵای تووندیان بەسەر دێت، فەرمووی، پێغەمبەرەکان ئینجا چاکترین وباشترینتان لە وێکچون بە پێغەمبەرەکانە(ﷺ) (واتە: ئەو جۆرە ئیماندارانەی کەبڕوایان بەرزە بەخواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بەڵام هەرگیز ناگەن بە ئاستی پێغەمبەران سەلامی خوایان لەسەر بێت جا ئەم جۆرە کەسانە لەهەموو کات و زەمانێکدا هەن) خوای گەورە پیاو تاقیدەکاتەوە بەگوێرەی ئاینەکەی (واتە ئیمانەکەی) ئەگەر ئاینەکەی زۆر پتەو بوو ئەوا بەڵاکەی زیاتر دەبێت (تاکو پاداشتی زیاتر بێت لەڕۆژی دوایی) ئەگەر لە ئاینەکەی بێ

هێزی پێوە دیار بێت ئەوا تاقیدەکرێتەوە بەگوێرەی ئاینەکەی، بەڵام لەگەڵ بەندەیە هەتاکو ئەو کاتە وازی لێدێنێت کە لەسەر ئەم خاکە بڕوات و گوناهی لەسەر نەمێنێ (واتە پاکی دەکاتەوە لەگوناهەکان).

کەوابوو موسڵمانی بەڕێز: هەموو کاتێ کە تووشی هەر ناخۆشیەك و بەڵایەك هاتین ئارام بگرین بۆ ئەوەی گوناهەکانمان لەسەر لابچێ.

۞عَنْ أَبِي الْخَيْرِ أَنَّهُ سَمِعَ عُقْبَةَ بن عَامِرٍ، يُحَدِّثُ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قَالَ:"لَيْسَ مِنْ عَمَلِ يَوْمٍ إِلا وَهُوَ يُخْتَمُ عَلَيْهِ، فَإِذَا مَرِضَ الْمُؤْمِنُ، قَالَتِ الْمَلائِكَةُ: يَا رَبَّنَا عَبْدُكَ فُلانٌ قَدْ حَبَسْتَهُ، فَيَقُولُ: اخْتِمُوا لَهُ عَلَى مِثْلِ عَمَلِهِ، حَتَّى يَبْرَأَ أَوْ يَمُوتَ".رواه احمد(١٧٣١٦) والحاكم (٧٨٥٥).تعليق شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح

معانى بعض الكلمات:

(ليس من عمل يوم) وكذا ليس من عمل ليلة من الأعمال الصالحة.

(إلا وهو يختم عليه) أي يطبع عليه بطابع معنوي ويستوثق به.

(فإذا مرض المؤمن قالت الملائكة يا ربنا عبدك فلان قد حبسته) أي منعته من قدرة مباشرة الطاعة بالمرض.

(فيقول الرب اختموا له على مثل عمله حتى يبرأ) من مرضه.

(أو يموت) وهذا في مرض ليس سببه معصية كأن مرض لكثرة شربه الخمر. فيض القدير شرح الجامع الصغيرج٥ ص٣٠٣.

واته. پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی نییە لە کاروکردەوەی ڕۆژانە بەدڵنییایی مۆری لەسەر دەدرێت (بطابع معنوي)، ئەگەر ئیماندار نەخۆش کەوت ، فریشتەکان دەڵێن ئەی پەروەردگارمان فلان بەندەت بەند کردوە (واتە نەخۆشت کەوتاندیە) خوای گەورە دەفەرموێت مۆری لۆ لێدەن هەر وەك ئەو کاروکردەوانەی کە دەیکرد (واتە پاداشی ئەوکارانەی کە بەبەردەوامی لەکاتی لەش ساغی ئەنجامی دەدا لۆی بنووسن وتۆمار بکەن) هەتاکو چاك دەبێتەوە یا دەمرێت.

ئاگاداری: مەرجی نووسینی کاروکردەوەکانی لەسەر ئەوە دەبێت کە بەکاری نا شەرعی نەخۆش نەکەوێت وەك مەی (الخمر) خواردنەوە یا جگەرە کێشان یا زیاد خواردن و خواردنەوە کە بزانی تووشی نەخۆشی دەکات....هتد.

۞عَنْ جَابِرٍ أَنَّهُ سَمِعَ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ لَا يَمْرَضُ مُؤْمِنٌ وَلَا مُؤْمِنَةٌ وَلَا مُسْلِمٌ وَلَا مُسْلِمَةٌ إِلَّا حَطَّ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ عَنْهُ بِهَا خَطَايَاهُ. رواه احمد(١٤٧٦٧)وابن حبان(٢٩٢٧).قال شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح.

واتە. پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو نییە هیچ ئیمانداری پیاو ئافرەت وە موسڵمانی پیاو ئافرەت نەخۆش بکەون بەمسۆگەری خوای عز وجل گوناهەکانی پێ لەسەر لادەبات.

۞عَنِ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَّهُ عَادَ مَرِيضًا وَمَعَهُ أَبُو هُرَيْرَةَ مِنْ وَعْكٍ كَانَ بِهِ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَبْشِرْ فَإِنَّ اللَّهَ

يَقُولُ هِيَ نَارِي أُسَلِّطُهَا عَلَى عَبْدِي الْمُؤْمِنِ فِي الدُّنْيَا لِتَكُونَ حَظَّهُ مِنْ النَّارِ فِي الْآخِرَةِ.رواه الترمذي(٢٠٨٨)وابن ماجة(٣٤٧٠).وقال الترمذي :حديث صحيح.

واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەگەڵ(أَبُو هُرَيْرَةَ) بوو سەردانی نەخۆشێکیان کرد کە تای لێ بوو پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی موژدەت لێ بێ کەخوای گەورە دەفەرموێ ئەوە (واتە تا) ئاگری منە بەسەر بەندەی ئیماندارمدا زاڵ دەکەم لەدونیا بۆ ئەوەی ببێتە ئەو بەشە ئاگرەی کە لەدوارۆژە(واتە ئەو بەشە ئاگرەی کە تووشی دەبوو لەڕۆژی دوایدا بەڵام بەهۆی ئارامگرتنی لەسەر (تا)کەی ڕزگاری دەبێت).

۞عَنْ أَبِي أُمَامَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمْ:"إِنَّ الْمُسْلِمَ إِذَا مَرِضَ أَوْحَى اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ إِلَى مَلائِكَتِهِ، فَيَقُولُ: يَا مَلائِكَتِي أَنَا قَيَّدْتُ عَبْدِي بِقَيْدٍ مِنْ قُيُودِي، فَإِنْ قَبَضْتُهُ، أَغْفِرُ لَهُ، وَإِنْ عَافَيْتُهُ فَجَسَدٌ مَغْفُورٌ لَهُ لا ذَنْبَ لَهُ". رواه الطبرانى(٧٧٠١) و الحاكم (٧٨٧١)، وقال:صحيح الإسناد.

واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی ،بەدڵنیایی ئەگەر موسڵمان نەخۆش کەوت خوای عز وجل وەحی بۆ فریشتەکانی دەکات ، دەفەرموێت ، ئەی فریشتەکانم من بەندەم بەستەوە بەبەستنەوەیەك لەبەستنەوەکانی خۆم (واتە نەخۆشم کرد) ئەگەر ڕوحم کێشا ئەوا لێی خۆش دەبم، ئەگەر شیفام دا لاشەکەی بوراوە گوناهی نامێنێت.

نەخۆش چ ڕێزی هەیە لەلای خوای گەورە

۞عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ -صلى الله عليه وسلم- «إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يَقُولُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَا ابْنَ آدَمَ مَرِضْتُ فَلَمْ تَعُدْنِي. قَالَ يَا رَبِّ كَيْفَ أَعُودُكَ وَأَنْتَ رَبُّ الْعَالَمِينَ. قَالَ أَمَا عَلِمْتَ أَنَّ عَبْدِى فُلاَنًا مَرِضَ فَلَمْ تَعُدْهُ أَمَا عَلِمْتَ أَنَّكَ لَوْ عُدْتَهُ لَوَجَدْتَنِى عِنْدَهُ يَا ابْنَ آدَمَ اسْتَطْعَمْتُكَ فَلَمْ تُطْعِمْنِى. قَالَ يَا رَبِّ وَكَيْفَ أُطْعِمُكَ وَأَنْتَ رَبُّ الْعَالَمِينَ. قَالَ أَمَا عَلِمْتَ أَنَّهُ اسْتَطْعَمَكَ عَبْدِى فُلاَنٌ فَلَمْ تُطْعِمْهُ أَمَا عَلِمْتَ أَنَّكَ لَوْ أَطْعَمْتَهُ لَوَجَدْتَ ذَلِكَ عِنْدِى يَا ابْنَ آدَمَ اسْتَسْقَيْتُكَ فَلَمْ تَسْقِنِى. قَالَ يَا رَبِّ كَيْفَ أَسْقِيكَ وَأَنْتَ رَبُّ الْعَالَمِينَ قَالَ اسْتَسْقَاكَ عَبْدِى فُلاَنٌ فَلَمْ تَسْقِهِ أَمَا إِنَّكَ لَوْ سَقَيْتَهُ وَجَدْتَ ذَلِكَ عِنْدِى». رواه مسلم (٦٧٢١).

معانى بعض الكلمات:

(مرضت فلم تعدني) أضاف المرض إليه والمراد العبد تشريفا له وتقريبا.

(أما علمت أنك لو عدته لو جدتني عنده) أي وجدت ثوابي وكراميّ.

وقال السبكي: سر ذلك أن المريض لا يروح إلى أحد بل يأتي الناس إليه فناسب قوله لوجدتني عنده. فيض القدير شرح الجامع الصغير ج ٣ ص ٢١٣.

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی خوای گەورە لەڕۆژی قیامەت دەفەرموێ ئەی نەوەی ئادەم نەخۆش بووم سەردانت نەکردم (ئەمە مانای ئەوە نییە کە خوای گەورە نەخۆش دەکەوێ نەخێر پاك و بێگەردی بۆ خوای گەورە، بەڵکو ئەمە ڕێزو پایەی نەخۆشە لای خوای گەورە کەئێمە سەردانی

ناکەین جا خوای گەورە لەجیاتی نەخۆشەکە ئەم لێپێچنەوە دەکات)، ووتی ئەی پەروەردگارە چۆن سەردانت بکەم کەتۆ پەروەردگاری جیهانیانی، خوای گەورە فەرمووی، ئەی نەتدەزانی کە بەندەی من فلان نەخۆش بوو سەردانت نەکرد ئایا نەتدەزانی ئەگەر سەردانت بکردبایە منت لەلای ئەو دەدیتەوە (واتە پاداشت وەرێزلێنانی خوای گەورە لای نەخۆشە کاتێ سەردانی بکەی)، ئەی نەوەی ئادەم داوای خواردنم لێکردی خواردنت پێ نەدام، ووتی ئەی پەروەردگارە چۆن خواردنت بدەمێ کە تۆ پەروەردگاری جیهانیانی (واتە ڕزق و ڕۆزی هەموو بوونەوەر لای تۆیە تۆ ڕەزاقی، نێمە پێویستیمان بەتۆیە)، خوای گەورە فەرمووی، ئەی نەتدەزانی کە بەندەی من فلان داوای خواردنی لێکردی خواردنت پێ نەدا ئایا نەتدەزانی ئەگەر خواردنت پێ دابا ئەوە لەلای منت دەدیتەوە (واتە پاداشتی خوای گەورە لەڕۆژی دوایی ئەوەیە هەرگیز برسی نەدەکردی)، ئەی نەوەی ئادەم داوای ئاوم لێکردی ئاوت پێ نەدام، ووتی ئەی پەروەردگارە چۆن ئاوت بدەمێ کە تۆ پەروەردگاری جیهانیانی (واتە ئێمە داوات لێ دەکەین تۆ خاوەنی هەموو شتێکی)، خوای گەورە فەرمووی ، ئەی نەتدەزانی کە بەندەی من فلان داوای ئاوی لێکردی ئاوت پێ نەدا ئایا نەتدەزانی ئەگەر ئاوت پێ دابا ئەوە لەلای منت دەدیتەوە (واتە پاداشتی خوای گەورە لەڕۆژی دوایی ئەوەیە کە هەرگیز تێنوی نەدەکردی).

۞عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَا تَعُدُّونَ الشَّهِيدَ فِيكُمْ قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ مَنْ قُتِلَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَهُوَ شَهِيدٌ قَالَ إِنَّ

شُهَدَاءَ أُمَّتِي إِذًا لَقَلِيلٌ قَالُوا فَمَنْ هُمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ مَنْ قُتِلَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَهُوَ شَهِيدٌ وَمَنْ مَاتَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَهُوَ شَهِيدٌ وَمَنْ مَاتَ فِي الطَّاعُونِ فَهُوَ شَهِيدٌ وَمَنْ مَاتَ فِي الْبَطْنِ فَهُوَ شَهِيدٌ قَالَ ابْنُ مِقْسَمٍ أَشْهَدُ عَلَى أَبِيكَ فِي هَذَا الْحَدِيثِ أَنَّهُ قَالَ وَالْغَرِيقُ شَهِيدٌ. رواه مسلم(١٩١٥).

واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرمویەتی ئێوە چ کەسانێك بەشەهید دەژمێرن؟ ، ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەرکەسێك لەپێناوی خوا بکوژرێت ئەوا شەهیدە، فەرمووی ، ئەگەر وابێ شەهیدانی ئومەتم کەمن، ووتیان ئەی کێن ئەوانەی کەشەهیدن ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)؟،فەرمووی ،هەرکەسێك لەپێناوی خوا بکوژرێت ئەوا شەهیدە،وەهەر کەسێك لەپێناوی خوا بمرێت ئەوا شەهیدە، وەهەرکەسێك بەنەخۆشی تاعون (طاعون) بمرێت ئەوا شەهیدە، وەهەر یەکێك بەئازاری ژانە زگ بمرێت ئەوا شەهیدە،(ابن مقسیم) دەڵێت من شایەتی دەدەم لەسەر ئەم فەرموودەیە کەباوکت گوتویەتی هەروەها (واتە گێراویتەوە لەپێغەمبەری خوا (ﷺ))ئەوکەسەی دەخنکێت(لەئاودا) شەهیدە (ئەمە ئەو کەسانە دەگرێتەوە بەبێ ویستی خۆیان دەخنکێن، لەبەر ئەوەی کەسانێك هەن کە توشی ناخۆشیەك دێن ئارام ناگرن لەسەر ئەو ناخۆشیە تاکو خوای گەورە پاداشی زۆریان پێ بدات رێگای خنکاندن دەگرنە بەر ئەمەش تاوانێکی گەورەیە).

۞عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ قَالَ أَتَانِي رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَأَنَا مَرِيضٌ فِي نَاسٍ مِنْ الْأَنْصَارِ يَعُودُونِي فَقَالَ هَلْ تَدْرُونَ مَا الشَّهِيدُ فَسَكَتُوا فَقَالَ هَلْ تَدْرُونَ مَا الشَّهِيدُ فَسَكَتُوا قَالَ هَلْ تَدْرُونَ مَا الشَّهِيدُ فَقُلْتُ لِامْرَأَتِي

أَسْنِدِينِي فَأَسْنَدَتْنِي فَقُلْتُ مَنْ أَسْلَمَ ثُمَّ هَاجَرَ ثُمَّ قُتِلَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَهُوَ شَهِيدٌ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِنَّ شُهَدَاءَ أُمَّتِي إِذًا لَقَلِيلٌ الْقَتْلُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ شَهَادَةٌ وَالْبَطْنُ شَهَادَةٌ وَالْغَرَقُ شَهَادَةٌ وَالنُّفَسَاءُ شَهَادَةٌ. رواه احمد(٢٢٧٥٤)والبزاز(٢٦٩٢). تعليق شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح.

واتە: عبادی کوڕی صامت دەڵێ من نەخۆش بووم پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەگەڵ کۆمەڵێك لە ئەنصاریەکان هاتن سەردانیان کردم ، فەرمووی، ئایا دەزانن کێ شەهیدە ؟ خۆیان بێ دەنگ کرد ، فەرمووی ، دەزانن کێ شەهیدە ؟خۆیان بێ دەنگ کرد، فەرمووی ، دەزانن کێ شەهیدە ؟ ووتم خێزانم پاڵپشتیم بکە(واتە هەلمستێنەوە) ئینجا ئەویش وای کرد ووتم ئەو کەسە شەهیدە کە موسڵمانبوە وکۆچی کردووە لەدوادا لەڕێگای خوا کوژراوە ئەوە شەهیدە ، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی،بەدڵنیایی ئەگەر وابێ شەهیدانی ئومەتەکەم کەمن ، فەرمووی ،کوشتن لەپێناوی خوا شەهیدە وە ئازاری زگ (واتە بەئازاری ژانە زگ بمرێت) شەهیدە وە خنکان شەهیدە زەیسانی (نفاس) (خوێنێکە بەئەندامی زاوزێی ئافرەتدا دێتە دەرەوە لەدوای چۆلبوونی منداڵدانە: بەدانانی ئەو بارەی تێدایە، جیاوازی نیە بارەکە: منداڵێکی وێنەکراو بێ، یان هەر پارچە خوێن، یان پارچە گۆشت بێ بەهۆی ئەمەوە بمرێت) شەهیدە.

۞عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو قَالَ قَالَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم « إِنَّ الْعَبْدَ إِذَا كَانَ عَلَى طَرِيقَةٍ حَسَنَةٍ مِنَ الْعِبَادَةِ، ثُمَّ مَرِضَ قِيلَ لِلْمَلَكِ الْمُوَكَّلِ اكْتُبْ

لَهُ مِثْلَ عَمَلِهِ إِذَا كَانَ طَلِقًا حَتَّى أُطْلِقَهُ أَوْ أُكْفِتَهُ إِلَيَّ ».رواه أحمد (٦٨٩٥) والبيهقى (٦٣٣٨). تعليق شعيب الأرنؤوط: صحيح وهذا إسناد حسن.

معانى بعض الكلمات :

(أو أكفته إلي) أي: أضمه إلى قبره. شرح السنة للإمام البغوى ج٥ ص٢٤١

واتە: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی ئەگەر بەندە لەسەر رێگای چاکە بوو لەبەندایەتی کردن (واتە بەندایەتی خوای گەورەی دەکرد بەپەیڕەوێکی ڕاست ودروست)، لەپاشان نەخۆش کەوت بەو فریشتانە دەوترێت کە(الْمُوَكَّلِ) (ئەوانەی چاکەو خراپە دەنووسن کە ناویان رقیب و عتیدە) بۆی(واتە بەندەم) بنووسن وەکو ئەو کارانەی کە دەیکرد کاتێ کەساغ بوو، هەتاکو لەش ساغی دەکەمەوە یاخود بە گۆڕ باوەشی دەدەم (واتە دەمرێت و لەناو گۆڕ دەنرێت) بۆ لای خۆمی دێنمەوە.

پرسیارکردن لەنەخۆش

عن ابن عباسٍ رضي الله عنهما: أَنَّ عليَّ بْنَ أَبي طالب رضي الله عنه، خَرَجَ مِنْ عِنْدِ رسول الله صلى الله عليه وسلم، فقالَ النَّاسُ: يَا أَبَا الحَسَنِ، كَيْفَ أَصْبَحَ رَسُولُ اللهِ صلى الله عليه وسلم ؟ قَالَ: أَصْبَحَ بِحَمْدِ اللهِ بَارِئاً. رواه البخاري (٤٤٤٧).

معانى بعض الكلمات:

(أَصْبح بحمد الله بارئاً) أي: مُعافى

واتە: ئیمام علی ڕەزای خوای لێبێت (لەخزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو کاتێ نەخۆش بوو) هاتە دەرەوە خەڵکەکەش ووتیان ئەی باوکی حسن پێغەمبەری خوا (ﷺ)چۆنە فەرمووی الحمدلله باشە(واتە باشتر بووە).

باس کردنی نەخۆشی و ئازار بۆ بەرامبەرەکەت

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆز ئەوەمان بۆ باس دەکات کەچۆن پێغەمبەر ئەیوب (ﷺ) باسی ئازاری خۆی دەکات ئەمەش ڕێپێدانێکە لەلایەن خوای گەورە کە نەخۆش باسی ئازارەکانی بکات وە لەڕووی دەروونیەوە دڵی خۆش دەبێ کاتێ یەکێك پرسیاری لێبکات ئەویش باسی ئازارو نەخۆشیەکەی بکات ئەمەش ئایەتی قورئانی پیرۆزە:

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

(وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَى رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنْتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ) سورة الانبياء(٨٣).

واتە: وە (باسی) ئەیووب (بکە) کاتێ هاواری لەپەروەردگاری کرد (لەدوای ناساغی ماوەیەکی زۆر) بەڕاستی من زیان و ئازار و نەخۆشی دووچارم بووە(واتە لە نەخۆشی و مردنی منالەکانی و نەمانی سەروەت وسامانی) وە تۆش میهرەبانترینی میهرەبانانی.

(فَاسْتَجَبْنَا لَهُ فَكَشَفْنَا مَا بِهِ مِنْ ضُرٍّ وَآتَيْنَاهُ أَهْلَهُ وَمِثْلَهُمْ مَعَهُمْ رَحْمَةً مِنْ عِنْدِنَا وَذِكْرَى لِلْعَابِدِينَ) سورة الانبياء (٨٤).

واتە:جا ئێمەش (واتە خوای گەورە) هاوارو نزاکەیمان گیرا کرد ولامان برد ئەو زیان و ئازارو نەخۆشییەی هەیبوو وە هەموو مالّ و منالّمان پێ بەخشیەوە (کەپێشتر مردبوون) و ئەوەندەی تریش لەگەلّیاندا ئەوە ڕەحمەتێکی تایبەت بوو لە ئێمەوە وەبیرخەرەوە و ئامۆژگاری بوو بۆ خواپەرستان.پوختەی تەفسیری قورئان(ل ٣٢٩)

۞عن ابن مسعود رضي الله عنه قال: دَخَلْتُ عَلَى النَّبِيِّ – صلى الله عليه وسلم – وَهُوَ يُوعَكُ، فَقلتُ: إِنَّكَ لَتُوعَكُ وَعَكاً شَديداً، فَقَالَ« أجَلْ، إِنِّي أُوعَكُ كَمَا يُوعَكُ رَجُلانِ مِنْكُمْ ».رواه البُخاري(٥٦٤٧)ومسلم (٦٦٥١).

معانى بعض الكلمات:

(توعك) يصيبك الألم والتعب من الحمى

واتە: عبدالله ی کوڕی مسعود ڕەزای خوای لێبێت دەڵێ چوومە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) تای لێ بوو(واتە ئازارێکی زۆری هەبوو بەهۆی تاکەی) ووتم تاکەت تا یەکی زۆر بەرزە(واتە ئازارت زۆرە)، فەرمووی، بەڵێ تاکەی من بەقەد(ئازاری) دوو پیاوی لەئێوەیە.

۞عَنْ الْقَاسِمَ بْنَ مُحَمَّد قَالَ قَالَتْ عَائِشَةُ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا وَا رَأْسَاهْ فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَلْ أَنَا وَا رَأْسَاهْ. رواه البخاري(٦٧٩١).

واتە: دایکی ئیمانداران عائیشە ڕەزای خوای لێبێت ووتی وای سەرم (واتە ئازارم هەیە) : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی، بەڵکو من وای سەرم (واتە منیش ئازاری سەرێشەم هەیە).

کەوا بوو لەڕووی شەرعەوە دروستە کە باسی ئازارو دەردەکانمان بکەین بۆ ئەو کەسانەی کە لێمان دەپرسن یان بەخۆمان باسی نەخۆشیەکەی خۆمان بکەین.

دوعا کردن بۆ نەخۆش چۆنە:

۞عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ إِذَا أَتَى مَرِيضًا أَوْ أُتِيَ بِهِ قَالَ أَذْهِبْ الْبَاسَ رَبَّ النَّاسِ اشْفِ وَأَنْتَ الشَّافِي لَا شِفَاءَ إِلَّا شِفَاؤُكَ شِفَاءً لَا يُغَادِرُ سَقَمًا. رواه البخاري(٥٣٥١) ومسلم (٢١٩١).

معانى بعض الكلمات:

(الباس) الشدة والألم ونحو ذلك.

(يغادر) يترك.

(سقما) ألما ومرضا.

واتە: عائیشە ڕەزای خوای لێبێت دەفەرموێ ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەردانی هەر نەخۆشێکی کردبایە یاخود نەخۆشەکەیان بۆ لای هێنابایە دەیفەرموو(أَذْهِبْ الْبَاسَ رَبَّ النَّاسِ اشْفِ وَأَنْتَ الشَّافِي لَا شِفَاءَ إِلَّا

شِفَاؤُكَ شِفَاءً لَا يُغَادِرُ سَقَمًا).(کەوابوو وا سوننەتە نێمەش ئەم دوعایە بکەین بۆ نەخۆشەکانمان).

۞عَنْ عَائِشَةَرَضِى اللهُ عَنْهَا: كَانَ النَّبِيُّ(ﷺ)إِذَا اشْتَكَى يَقْرَأُ عَلَى نَفْسِهِ بِالْمُعَوِّذَاتِ وَيَنْفُثُ فَلَمَّا اشْتَدَّ وَجَعُهُ كُنْتُ أَقْرَأُ عَلَيْهِ وَأَمْسَحُ عَنْهُ بِيَدِهِ رَجَاءَ بَرَكَتِهَا. رواه البخاري (٤٧٢٨) ومسلم (٢١٩٢).

معانى بعض الكلمات:

(اشتكى) مرض.

(نفث) تفل بريق خفيف أو بدونه.

(بالمعوذات) بسورتي الفلق والناس. فتح الباري(ج٨ ص١٣١)

واتە: عائیشە ڕەزای خوای لێبێت دەڵێ ئەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەخۆش بوایە (قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ..الخ)و(قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ..الخ) لەسەر خۆی دەخوێندو فووی دەکرد (بەسەر خۆیدا واتە: پاش خویندنەوەی ئەم دوو سورەتە فوی لەدەستە پیرۆزەکانی دەکرد ئینجا بەلاشەی خۆی دادەهێنا) وە کاتێ ئازاری زۆر توند دەبوو من لەسەرم دەخوێند دەستیشم لەجیاتەوی بەلاشەی دادەهێنا بەهیوای بەرکەتی (ئەم دوو سورەتە).

۞عَنْ عُثْمَان بن أَبِي الْعَاصِ الثَّقَفِيّ: " أَنه شكى إِلَى رَسُول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وجعاً يجده فِي جسده مُنْذُ أسلم، فَقَالَ رَسُول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ

وَسَلَّمَ : ضع يدك عَلَى الَّذِي تألّم من جسدك وَقل: بِسم الله - ثَلَاثًا - وَقُلْ سَبْعَ مَرَّاتٍ أَعُوذُ بِاللَّهِ وَقُدْرَتِهِ مِنْ شَرِّ مَا أَجِدُ وَأُحَاذِرُ " رَوَاهُ مُسلم (٢٢٠٢).

واتە: عثمان كوري عاص **شكواى برد بۆ لاى پێغەمبەرى خوا(ﷺ) لەو كاتەى كە موسڵمان بووە ئازارێكى لەلاشەى هەبووە ، پێغەمبەرى خوا (ﷺ) فەرمووى دەست لەسەر ئەو جێگايەى دابنێ كە لەلاشەت ئازارى هەيە و سێ جار بڵێ(بسم الله)وە حەوت جاريش بڵێ (أَعُوذُ بِاللَّهِ وَقُدْرَتِهِ مِنْ شَرِّ مَا أَجِدُ وَأُحَاذِرُ).**

تێبينى:لەم فەرموودە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت لەكاتى نەخۆشيمان دەتوانين ئەم دوعايە بۆخۆمان بكەين تاكو خواى گەورە شيفامان بدات.

۞ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ عَنِ النَّبِيِّ -صلى الله عليه وسلم- قَالَ «مَنْ عَادَ مَرِيضًا لَمْ يَحْضُرْ أَجَلُهُ فَقَالَ عِنْدَهُ سَبْعَ مِرَارٍ أَسْأَلُ اللَّهَ الْعَظِيمَ رَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ أَنْ يَشْفِيَكَ إِلاَّ عَافَاهُ اللَّهُ مِنْ ذَلِكَ الْمَرَضِ». رواه أبو داود (٣١٠٨) و ابن حبان (٢٩٧٥) قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح.

واتە: پێغەمبەرى خوا(ﷺ) فەرموويەتى هەر كەسێك بچێتە لاى نەخۆشێك كەتەجەلى نەهاتبێ ئينجا لاى نەخۆشەكە حەوت جار نزا بكات وبڵێ (أَسْأَلُ اللَّهَ الْعَظِيمَ رَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ أَنْ يَشْفِيَكَ)، (واتە: لەخواى گەورەى خاوەنى عەرشى گەورە دەپارێمەوە شيفات بداتێ) ئەوە بەدڵنيايى خواى گەورە شيفاى دەدات لەو نەخۆشيە.

۞عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَامِرٍ، عَنْ أَبِيهِ، وكان أحدنا يستحي أَنْ يغتسل وَأَحَدٌ يَرَاهُ، فَاسْتَتَرَ مِنِّي، حَتَّى إِذَا رَأَى أَنْ قَدْ فَعَلَ، نَزَعَ جُبَّةً عَلَيْهِ مِنْ كِسَاءٍ، ثُمَّ دَخَلَ الْمَاءَ، فَنَظَرَت إِلَيْهِ فَأَعْجَبَنِي خَلْقُهُ فَأَصَبْتُهُ مِنْهَا بِعَيْنٍ، فَأَخَذَهُ قَفْقَفُهُ وَهُوَ فِي الْمَاءِ، فَدَعَوْتُهُ فَلَمْ يُجِبْنِي، فَانْطَلَقْتُ إِلَى رَسُولِ اللهِ صلى الله عليه وسلم، فَأَخْبَرْتُهُ الْخَبَرَ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صلى الله عليه وسلم: قُومُوا، فَأَتَاهُ فَرَفَعَ عَنْ سَاقِهِ، ثُمَّ دَخَلَ إِلَيْهِ الْمَاءَ، فَلَمَّا أَتَاهُ ضَرَبَ صَدْرَهُ، فَقَالَ: اللهمَّ أَذْهِبْ حَرَّهَا وَبَرْدَهَا وَوَصَبَهَا ثُمَّ قَالَ: قُمْ فَقَامَ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صلى الله عليه وسلم: إِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ مِنْ نَفْسِهِ أَوْ مَالِهِ أَوْ أَخِيهِ، فَلْيَدْعُ بِالْبَرَكَةِ، فَإِنَّ الْعَيْنَ حَقٌّ. رواه النسائي في الكبرى (٧٤٦٩)والحاكم (٧٥٠٠) وصححه ووافقه الذهبي.

واتە: عبداللەی کوڕی عامر لە باوکیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێت هەر یەکێك لەئێمە پێ شەرمە کاتێ خۆی بشوات یەکێك ببینێت (یەك لەهاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ)) خۆی لەمن لەپەنا گرت..... جوبە وپۆشاکەی داکەناند ئینجا چوو بۆ ناو ئاو منیش سەیرم کرد پێم دروست کراوێکی جوان بوو (واتە لاشەیەکی رێکو پێکی هەبوو) چاوم کاری تێکرد لەناو ئاودا لەرزی بانگم کرد وەڵامی نەدامەوە لەو کاتە چووم بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەواڵەکەم پێ ووت، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی، هەستن، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) هاتە لای قاچی خۆی هەڵکردوو چوو بۆ ناو ئاو کاتێ هاتە لای بەدەست لەسینگی دا، فەرمووی (اللهمَّ أَذْهِبْ حَرَّهَا وَبَرْدَهَا وَوَصَبَهَا)ئینجا فەرمووی، هەستەوە

ئەویش هەستاوە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی هەر یەکێك لەئێوە شتێکی بینی لەخودی خۆیەوە یاخود سەروەت و سامانی یاخود لە برایەکەی با دوعای بەرەکەتی بۆ بکات(واتە ئەگەر شتێکی جوانت بینی بڵێ ماشاءالله) لەبەر ئەوەی چاو حەقە (واتە ئەگەر دوعایی بەرکەتی بۆ نەکەین چاو کار لەشتە بینراوەکە دەکات(واتە:دەبێتە چاو پیسی خوای گەورە پەنامان بدات).

۞ قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دَعَوَاتُ الْمَكْرُوبِ اللَّهُمَّ رَحْمَتَكَ أَرْجُو فَلَا تَكِلْنِي إِلَى نَفْسِي طَرْفَةَ عَيْنٍ أَصْلِحْ لِي شَأْنِي كُلَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ. رواه أحمد (٢٠٤٤٧) وأبو داود (٥٠٩٠). قال الشيخ شعيب الأرناؤوط: إسناده حسن

۞وكذلك عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ -صلى الله عليه وسلم- يَقُولُ « اللَّهُمَّ أَصْلِحْ لِى دِينِىَ الَّذِى هُوَ عِصْمَةُ أَمْرِى وَأَصْلِحْ لِى دُنْيَاىَ الَّتِى فِيهَا مَعَاشِى وَأَصْلِحْ لِى آخِرَتِى الَّتِى فِيهَا مَعَادِى وَاجْعَلِ الْحَيَاةَ زِيَادَةً لِى فِى كُلِّ خَيْرٍ وَاجْعَلِ الْمَوْتَ رَاحَةً لِى مِنْ كُلِّ شَرٍّ ». واه مسلم(٢٧٢٠)،

واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرمویەتی دوعایەکانی تەنگانەو ناخۆشیەکان (واتە لەکاتی هاتنی بەلآو ناخۆشیەکان ئەم دوعایە بکەین) (اللَّهُمَّ رَحْمَتَكَ أَرْجُو فَلَا تَكِلْنِي إِلَى نَفْسِي طَرْفَةَ عَيْنٍ أَصْلِحْ لِي شَأْنِي كُلَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ).

هەروەها لەفەرموودەکی تر هاتووە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: «اللَّهُمَّ أَصْلِحْ لِى دِينِىَ الَّذِى هُوَ عِصْمَةُ أَمْرِى وَأَصْلِحْ لِى دُنْيَاىَ الَّتِى فِيهَا

مَعَاشِي وَأَصْلِحْ لِي آخِرَتِي الَّتِي فِيهَا مَعَادِي وَاجْعَلِ الْحَيَاةَ زِيَادَةً لِي فِي كُلِّ خَيْرٍ وَاجْعَلِ الْمَوْتَ رَاحَةً لِي مِنْ كُلِّ شَرٍّ».

۞ عَنْ عِكْرِمَةَ عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دَخَلَ عَلَى أَعْرَابِيٍّ يَعُودُهُ قَالَ وَكَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا دَخَلَ عَلَى مَرِيضٍ يَعُودُهُ فَقَالَ لَهُ لَا بَأْسَ طَهُورٌ إِنْ شَاءَ اللَّهُ..... . رواه البخارى (٥٦٥٦).

معانى بعض الكلمات:

(أعرابي) قيل هو قيس بن أبي حازم.

(لا بأس) عليك.

(طهور) بفتح الطاء أي مرضك مطهر لك من الذنوب.

(إن شاء الله) دل على أن طهور دعاء لا خبر. التيسير بشرح الجامع الصغير ج٢

واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) سەردانی نەخۆشێکی ئەعرابی کرد (ووتیان ناوی قەیس بوو) وە هەرکاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر چووبا سەردانی نەخۆشێکی کردبا پێی دەفەرموو (لَا بَأْسَ طَهُورٌ إِنْ شَاءَ اللَّه).

۞عن عائشة رضي الله عنها، قالت: سَمِعْتُ النبيَّ - صلى الله عليه وسلم يَقُولُ: « اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي وارْحَمْنِي، وأَلْحِقْنِي بالرَّفِيقِ الأَعْلَى ». رواه البخاري (٤١٧١).

معانى بعض الكلمات:

(الرفيق الأعلى) أي: الجماعة من الأنبياء الذين يسكنون أعلى عليين، وقيل: المعنى ألحقني بالرفيق الأعلى، أي: بالله تعالى. حاشية السندى على صحيح البخارى ج٣ ص٣٦.

واتە: دايكى ئيمانداران عائيشە ڕەزاى خواى لێبێت دەفەرموێ گوێم لەپێغەمبەرى خوا بوو(ﷺ) دەيفەرموو(دوعاى دەكرد لەكاتى نەخۆشى) خوايە لێم خۆشبە و ڕەحمم پێ بكە وەبمگەێنە بەكۆمەڵەى پێغەمبەران (سەلامى خوايان لەسەر بێت)كە لەشوێنى هەرەبەرزن، وەهەروەها هەندێك لە زاناكان واى بۆچوونە كە مەبەستى (أَلْحِقْنِي بالرَّفِيقِ الأَعْلَى) كە بگات بە لیقاى خواى گەورە.(جا نەگەر هەر نەخۆشێك بێ هیوا بوو لەژیان دەتوانى نەم دوعایە بكات بۆ خۆى كە لەم فەرموودەدا هاتووە).

۞عَنْ أَسْمَاءَ بِنْتِ يَزِيدَ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ اسْمُ اللَّهِ الْأَعْظَمُ فِي هَاتَيْنِ الْآيَتَيْنِ وَإِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ وَفَاتِحَةِ آلِ عِمْرَانَ الم اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ.رواه الترمذي (٣٤٧٨) و ابوداود (١٤٩٦) قَالَ أَبُو عِيسَى هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ.

واتە: پێغەمبەرى خوا (ﷺ) فەرمویەتى (اسْمُ اللَّهِ الْأَعْظَمُ) لەم دوو ئایەتەیە (وَإِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ) سورەتى البقره (١٦٣) لەگەڵ سەرەتاى سورەتى ال عمران(أَلم اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ).

(بەم دوو ئایەتە دەتوانین دوعا بکەین بۆ نەخۆشەکانمان وە بۆ خۆشمان تاکو خوای گەورە دوعاکانمان قبوولّ بکات).

۞عَنْ مَالِكِ بْنِ مِغْوَلٍ حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّه بْنُ بُرَيْدَةَ عَنْ أَبِيه أَنَّ رَسُولَ اللَّه – صلى الله عليه وسلم– سَمِعَ رَجُلاً يَقُولُ اللَّهُمَّ إِنِّى أَسْأَلُكَ أَنِّى أَشْهَدُ أَنَّكَ أَنْتَ اللَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ الأَحَدُ الصَّمَدُ الَّذى لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ. فَقَالَ « لَقَدْ سَأَلْتَ اللَّهَ بِالاِسْمِ الَّذِى إِذَا سُئِلَ بِهِ أَعْطَى وَإِذَا دُعِىَ بِهِ أَجَابَ».رواه ابو داود (١٤٩٣) وابن حبان (٨٩١). قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح.

واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) گوێی لەپیاوێك بوو دەیووت(نزای دەکرد) (اللَّهُمَّ إِنِّى أَسْأَلُكَ أَنِّى أَشْهَدُ أَنَّكَ أَنْتَ اللَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ الأَحَدُ الصَّمَدُ الَّذى لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ) پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرمووی بەو ناوە (واتە: (اسْمُ اللَّهِ الْأَعْظَمُ))داوات لەخوای گەورە کرد ئەگەر داوای (شتێکی) لێ بکەی پێت دەبەخشی، ئەگەر پاڕانەوەش بێ قبوولّی دەکات.

۞ عَنْ إِبْرَاهِيم بن مُحَمَّد بن سعد قَالَ: كُنَّا جُلُوسًا عِنْد رَسُول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: أَلا أُخْبِركُم – أَو أحدثكُم – بِشَيْء إِذا نزل بِرَجُل مِنْكُم كرب أَو بلَاء من بلَاء الدُّنْيَا ودعا بِهِ فرج عَنهُ ؟ فَقيل لَهُ: بلَى. قَالَ: دُعَاء ذِي النُّون: لَا إِلَه إِلَّا أَنْت سُبْحَانَكَ إِنِّي كنت من الظَّالِمين ". رواه الحاكم بسند صحيح (١٨٦٤) والنسائى(١٠٤٩١).

واته: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی ئایا پێتان نەڵێم –یان بۆتان باس نەکەم–بەشتێك ئەگەر پیاوێك لەئێوە (تووشی) تەنگانەیەك یان بەڵایەك لەبەڵاکانی دونیادا هات دوعایەك بکات لەسەری لابچێ؟،پێیان ووت بەڵێ (واتە پێمان خۆشە بزانین ئەم دوعایە چیە)، فەرمووی، دوعای ذِي النُّون (واتە پێغەمبەر یونس(ﷺ)) لَا إِلَه إِلَّا أَنْت سُبْحَانَكَ إِنِّي كنت من الظَّالِمين.(کەوابوو با ئەم دوعایە بکەین لەکاتی تەنگانەو ناخۆشی ونەخۆشی بۆ ئەوەی خوای گەورە بمانپارێزی).

۞ عَنْ سَعْد قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ دَعْوَةُ ذي النُّون إِذْ دَعَا وَهُوَ فِي بَطْنِ الْحُوت لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنْ الظَّالِمِينَ فَإِنَّهُ لَمْ يَدْعُ بِهَا رَجُلٌ مُسْلِمٌ فِي شَيْءٍ قَطُّ إِلَّا اسْتَجَابَ اللَّهُ لَهُ. رواه الترمذى (٣٥٠٥)، والنسائى (١٠٤١٧)، والحاكم (٣٤٤٤) وقال الحاكم: صحيح الإسناد. ووافقه الذهبي

واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرموویەتی پاڕانەوەی ذِي النُّونِ (واتە پێغەمبەر یونس(ﷺ)) کە پاڕاوە کاتێ ئەو لەناو زگی حوتدا بوو (لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنْ الظَّالِمِينَ)جا هەر پیاوێکی موسڵمان ئەم دوعایە بۆ هەر شتێك بکات بەدڵنیایی خوای گەورە وەڵامی دەداتەوە (واتە داواکەی قبوڵ دەکات کەوا بوو دەتوانین لەکاتی نەخۆشی ئەم دوعایە بکەین).

۞عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ يُسْتَجَابُ لِأَحَدِكُمْ مَا لَمْ يَعْجَلْ يَقُولُ دَعَوْتُ فَلَمْ يُسْتَجَبْ لِي.رواه البخاري (٥٩٨١) ومسلم(٢٧٣٥).

معانى بعض الكلمات:

(يستجاب لأحدكم) يجاب دعاؤه.

(ما لم يعجل) يسأم ويترك الدعاء أو يستبطئ الإجابة.

واتە:پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرموویەتی دوعای یەکێك لەئێوە قبوڵ دەبێت بەمەرجێك پەلە نەکات دەڵێ دوعام کرد، بەڵام وەڵامم نەدراوە (واتە چەند جار داوام لەخوای گەورە کرد داواکەم جێ بەجێ نەبوو).

(کەوا بوو دەبێ ئارام بگرین لەهەر داواکاریەك کە لەخوای گەورە دەکەین نابێ پەلە بکەین وە دەبێ دڵنیا بین کەخوای گەورە داواکانمان جێ بەجێ دەکات).

پاداشی سەردانی نەخۆش

۞عَنْ عَلِيٌّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قال سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ (إِذَا عَادَ الرَّجُلُ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ مَشَى فِي خِرَافَةِ الْجَنَّةِ حَتَّى يَجْلِسَ فَإِذَا جَلَسَ غَمَرَتْهُ الرَّحْمَةُ فَإِنْ كَانَ غُدْوَةً صَلَّى عَلَيْهِ سَبْعُونَ أَلْفَ مَلَكٍ حَتَّى يُمْسِيَ وَإِنْ كَانَ مَسَاءً صَلَّى عَلَيْهِ سَبْعُونَ أَلْفَ مَلَكٍ حَتَّى يُصْبِحَ). رواه أحمد (٦١٢) و ابن ماجه (١٤٤٢) و الحاكم (١٢٩٣)وصححه.

معانی بعض الكلمات:

(خرَافَة): أي في اجتناء ثمارها

(غَمَرَتْهُ): أي علته وغطته وسترته.

واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرموویەتی ئەگەر پیاوێك سەردانی(نەخۆشەکی) برایی موسڵمانی کرد(وەك ئەوە وایە) لەناو بەهەشت بڕوا و بەروبوومی لێبکاتەوە ، هەتاکو دادەنیشی کاتێ دانیشت ڕەحەمی خوای گەورە دایدەپۆشی، جا ئەگەر بەیانی بوو (سەردانی نەخۆشەکەی کرد) ئەوە حەفتا هەزار فریشتە دوعای بۆ دەکەن تا ئێوارێ، جا ئەگەر ئێوارە بوو (سەردانی نەخۆشەکەی کرد)ئەوە حەفتا هەزار فریشتە دوعای بۆ دەکەن تا بەیانی.

۞عَن أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَنْ عَادَ مَرِيضًا أَوْ زَارَ أَخًا لَهُ فِي اللَّهِ نَادَاهُ مُنَادٍ أَنْ طِبْتَ وَطَابَ مَمْشَاكَ وَتَبَوَّأْتَ مِنْ الْجَنَّةِ مَنْزِلًا. رواه الترمذي(٢٠٠٨) بسند حسن.

معانی بعض الكلمات :

(مَنْ عَادَ مَرِيضًا) أَيْ مُحْتَسِبًا (أَوْ زَارَ أَخًا لَهُ) أَيْ فِي الدِّينِ .

(فِي اللَّهِ) أَيْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا لِلدُّنْيَا.

(مُنَادٍ) أَيْ مَلَكٌ .

(أَنْ طِبْت) دُعَاءٌ لَهُ بِطِيبِ عَيْشِهِ فِي الدُّنْيَا وَالْأُخْرَى.

(وَطَابَ مَمْشَاك) مَصْدَرٌ أَوْ مَكَانٌ أَوْ زَمَانٌ مُبَالَغَةً. قَالَ الطِّيبِيُّ: كِنَايَةٌ عَنْ سَيْرِهِ وَسُلُوكِهِ طَرِيقَ الْآخِرَةِ بِالتَّعَرِّي عَنْ رَذَائِلِ الْأَخْلَاقِ وَالتَّحَلِّي بِمَكَارِمِهَا. تحفة الأحوذي ج٦ص٢٥٩

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ)فەرموویەتی هەر کەسێك بچێتە لای نەخۆشێك یان سەردانی برایەکی موسڵمان بکات لەبەر خوای گەورە، مەلائیکەتێك بانگی دەکات و دوعای بۆ دەکات (کەژیانت) باش بێت (واتە خوای گەورە لەدونیاو دوا ڕۆژت ژیانت خۆش بکات)، ڕۆیشتنەکەت (واتە چونت بۆ لای نەخۆش) پاکو چاکە و شوێنێکیشت لەبەهەشت بۆ خۆت ئامادە کرد.

۞عَنْ ثَوْبَانَ عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ إِنَّ الْمُسْلِمَ إِذَا عَادَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ لَمْ يَزَلْ فِي خُرْفَةِ الْجَنَّةِ حَتَّى يَرْجِعَ. قِيلَ: يَا رَسولَ الله، وَمَا خُرْفَةُ الجَنَّةِ ؟ قَالَ: « جَنَاهَا ». رواه مسلم (٢٥٦٨).

معانى بعض الكلمات :

(الخرفة) أى اجتناء ثمر الجنة

(والجنا) ما يجتني من الثمر.

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: بەدڵنیایی ئەگەر موسڵمان سەردانی نەخۆشێکی موسڵمان بکات، تا دەگەڕێتەوە هەر لە(خُرْفَةِ) بەهەشتدا دەبێ ووتیان (خُرْفَةُ) چیە؟ فەرمووی میوە چنینە (واتە: بەروبومی بەهەشتە).

چەند ئاگاداریەك:.

ئاگاداری یەكەم: ئەگەر نەخۆشەكە بەهۆی سەردان تووشی ئازارو ناخۆشی دەبو، ئەو كاتە سەردانی ناپەسندە، هەروەها سوننەتە: سەردانەكە جار جارە بێ، مەگەر خزم، یان دۆستی نەخۆشەكە بێو نەخۆشەكە دڵی پێی خۆش ببێ، ئەو كاتە گشت ڕۆژێك سوننەتە.

ئاگاداری دووەم: ناپەسندە زۆر لەلای نەخۆشەكە بمێنێتەوە، مەگەر نەخۆشەكە داوای مانەوەی لێ بكا، ئەو كاتە سوننەتە بمێنێتەوە.

ئینجا بزانە: ناپەسند نییە نەخۆشەكە نالە نال بكا، بەڵام وا سوننەتە: زیكری خوا بكاو قورئان بخوێنێو دوعا بۆ خۆی بكا.

بەشی سێیەم

چۆن خوا پەرستی دەکەین لەکاتی نەخۆشی

ئاسانکردنی خوا پەرستی لەکاتی نەخۆشی:

۞عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ كَانَتْ بِي بَوَاسِيرُ فَسَأَلْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ الصَّلَاةِ فَقَالَ صَلِّ قَائِمًا فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَقَاعِدًا فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَعَلَى جَنْبٍ.رواه البخاري (١٠٦٦).

واتە: عمران ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێ مایە سیریم هەبوو پرسیارم کرد لەپێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆن نوێژەکان بکەم ؟ فەرمووی بەڕاوەستاوی نوێژ بکە ئەگەر نەتوانی (واتە بەڕاوەستاوی نوێژ بکەیت) ئەوا بەدانیشتن (نوێژ بکە) ئەگەر نەتوانی (واتە بەدانیشتن) ئەوا لەسەر تەنیشت (نوێژ بکە).

ئاگاداری: موسڵمانی بەڕێز لەم فەرمودە پیرۆزە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەهەرگیز نابێت نوێژ نەکەین تاکو ڕوح لەلاشەمان مابێت تەنها بۆ ئافرەت نەبێت هەندێك کات بۆ ئەوان دروستە کە لەحاڵەتی (حيض ونفساء)زەیسانیو حەیزدار نوێژ نەکەن وە دووبارە بوونەوەشیان لەسەر نییە.

تێبینی : زۆرجار دەبینین کاتێك موسڵمانێك نەخۆش دەکەوێت واز لەنوێژەکان دەهێنێت کە ئەمەش بەهیچ شێوەیەك دروست نییە لە ڕووی شەرعەوە تاوانێکی گەورەیە گوناە باریش دەبێت بەنەکردنی نوێژەکانی وە دەبێت نوێژەکانیش دووبارە بکاتەوە.

کۆکردنەوەی دوو نوێژ بەهۆی نەخۆشی چۆنە

بزانە: چەند زانایەکی مەزهەبی (شافعی) فەرموویانە: دروستە بەهۆی نەخۆشی دوو نوێژ کۆ بکاتەوە بەگوێرەی بۆ گونجانی نەخۆشەکە: بە (جَمْع التَّقْدِيم)، یان بە(جَمْع التَّأْخِير)، لە(المجموع) دا ئەو فەرموودەیەی بە بەهێز داناوەو بەڵگەی بەم حەدیسە بۆ هێناوە:

۞عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ جَمَعَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم بَيْنَ الظُّهْرِ وَالْعَصْرِ وَالْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ بِالْمَدِينَةِ فِي غَيْرِ خَوْفٍ وَلاَ مَطَرٍ. فِي حَدِيثِ وَكِيعٍ قَالَ قُلْتُ لاِبْنِ عَبَّاسٍ لِمَ فَعَلَ ذَلِكَ قَالَ كَىْ لاَ يُحْرِجَ أُمَّتَهُ. رواه مسلم(٧٠٥).

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە(مدینە) دوو نوێژی کۆکردنەوە(بەڵام کورتی نەکردەوە وەك نوێژی لەکاتی سەفەر کردن)، نیوەڕۆ و عەسر وە مەغریب و شێوان (عیشاء) ترسو بارانیش نەبو.

ئینجا بزانە: لێرەدا مەبەست ئەوەیە نەخۆشی لەو پلەیە بێ: بەهۆی نوێژکردن تووشی ئازارێکی ئاشکرا ببێ، کەوابو: ئەگەر لەکاتی نوێژی دووەمدا بەو جۆرە نەخۆشتر دەبو، ئەوە (جَمْع التَّقْدِيم) دەکا، بەو سێ مەرجانەی لە(جَمْع التَّقْدِيم)ی سەفەردا باس کراوە لەسەرچاوەکان، هەم بەم مەرجەش:لەسەرەتای هەردوو نوێژەکانداو لەکاتی سەلامدانەوەی نوێژی یەکەمدا نەخۆشی بەردەوام بێ، بەڵام ئەگەر لەکاتی نوێژی یەکەمدا بەو جۆرە نەخۆشتر بوو، ئەوە بەنیەتی (جَمْع التَّأْخِير)

نوێژەکەی دوا دێخێو لەکاتی نوێژی دووەمدا دەیکا، هەروەك لە(تحفة)و (الشرواني)دا ڕوون کراوەتەوە.

موسڵمانی بەڕێز: هەندێك نەخۆش هەنە ناتوانن نوێژەکان لەکاتی خۆیدا بکەن جا بۆیان هەیە دوو نوێژ پێکەوە کۆبکەنەوە(بەڵام کورت ناکرێتەوە وەك نوێژی سەفەر)، ئەم کۆکردنەوەش دەکرێتە دوو بەش:

یەکەم: پێشخستنی نوێژی بەکۆکردنەوە(**جَمْع التَّقْدِيم**).
دووەم: دواخستنی نوێژ بەکۆکردنەوە(**جَمْع التَّأْخِير**).

یەکەم: مەرجەکانی پێشخستنی نوێژی بەکۆکردنەوە(**جَمْع التَّقْدِيم**) سێ مەرجن :

مەرجی یەکەم: (اَلْبَداءَ ةُ بِالأُولَى) لەپێشدا نوێژی یەکەم بەدروستی بکا، ئینجا کە سەلامی داوە، یەکسەر نوێژی دووەم بکا، کەوابو: **(فَلَوْ صَلَّاهُمَا)** ئەگەر نوێژی یەکەمو نوێژی دووەمی بە **(جَمْع التَّقْدِيم)** کردن **(فَبَانَ فَسَادُهَا)** ئینجا ئاشکرا بوو: نوێژی یەکەم بەتاڵەو دروست نەبووە **(فَسَدَتِ الثَّانِيَةُ)** ئەو کاتە نوێژەکەی دووەمیش بەتاڵەو دروست نابێ، چونکە مەرجەکەی لەدەست چووە، کەوابو: واجبە هەردووکیان دووبارە بکاتەوە: یان بە **(جَمْع التَّقْدِيم)**، یان بە **(جَمْع التَّأْخِير)**، یان هەر یەکەی لە کاتی خۆیدا.

مەرجی دووەم: (وَنِيَّةُ الْجَمْعِ) نیەت هێنانی(جَمْع التَّقْدِيم)، واتە: پێشخستنی نوێژی دووەم(وَمَحَلُّهاَ)شوێنی نیەت هێنانەکەش(أَوَّلُ الأُولَى) سەرەتای نوێژی یەکەمە (وَتَجُوزُ فِي أَثْنَائِهَا) لەناو نوێژی یەکەمیشدا پێش سەلامدانەوە نیەت هێنانەکە دروستە (فِي الأَظْهَرِ) لەفەرموودەی بەهێزتردا ، واتە : لە (الله أكبر)ی نوێژ دابەستنەوە تا تەواو بوونی سەلامدانەوەی نوێژی یەکەم، دروستە هەر کاتێك نیەت بێنێ: نوێژی دووەم پێش دێخێو بە (جَمْع التَّقْدِيم) دەیکا، ئیتر پێویست ناکا: لەکاتی دابەستنی نوێژی دووەمدا نیەتی (جَمْع التَّقْدِيم) دووبارە بکاتەوە.

جا بزانە: لەلای ئیمامی (اَلْمُزَنِي) دروستە لەدوای سەلامدانەوەی نوێژی یەکەم،نیەتی(جَمْع التَّقْدِيم) بێنێ: پێش دابەستنی نوێژی دووەمو لەگەڵ دابەستنی، هەروەك لە(إحياءالعلوم)و (المجموع)دا فەرموویانە.

ئینجا بزانە: ئەگەر لەناو نوێژی یەکەمدا نیەتی (جَمْع التَّقْدِيم) پێشخستنی نوێژی دووەمی هێنا، ئینجا دڵی گۆڕاو نیەتی هێنا پێشی نێخێ، ئینجا دیسان دڵی گۆڕاوەو دووبارە نیەتی هێنا پێشی بێخێ، ئەوە لە فەرموودەی بەهێزتردا: زیانی نیەو دروستە (جَمْع التَّقْدِيم) بکا– هەروەك لەسەرچاوەکاندا فەرموویانە– بەڵام ئەگەر لەناو نوێژی یەکەمدا دڵی نەگۆڕاوەو دووبارە نیەتی (جَمْع التَّقْدِيم)ی نەهێناوە، بەڵکو لە دوای سەلامدانەوەی نوێژی یەکەم دڵی گۆڕاوەو دووبارە نیەتی(جَمْع التَّقْدِيم) ی هێناوە، ئەوە سوودی نیەو (جَمْع التَّقْدِيم)ی بۆ دروست نیە، چونکە کاتی نیەتەکەی بەسەر چووە،هەروەك لە(الشرواني)دا ڕوون کراوەتەوە.

بەڵام ئەگەر لە ناو نوێژی یەکەمدا نیەتی (جَمْع التَّقْدِيم)ی هێنا، ئینجا لە دوای سەلامدانەوە دڵی گۆڕاو نیەتی هێنا: (جَمْع التَّقْدِيم) نەکا، ئینجا دڵی گۆڕاوەو نیەتی هێنا (جَمْع التَّقْدِيم) بکا، ئەو کاتە (جَمْع التَّقْدِيم)ی بۆ دروستە، بەو مەرجەی ماوەیەکی درێژ نەکەوێتە نێوان دڵ گۆڕانو نیەتەکان ، هەروەك لە (نهاية)و (الشرواني)دا ڕوون کراوەتەوە.

مەرجی سێیەم: (وَالْمُوَالاَةُ) یەکسەر نوێژی دووەم لەدوای نوێژی یەکەم بکا (بِأَنْ لاَ يَطُولَ بَيْنَهُمَا فَصْلٌ) بەجۆرێکی وەها: ماوەی نێوان هەردووکیان درێژ نەبێ.

(فَإِنْ طَالَ) جا ئەگەر نێوانەکەیان درێژ بوو (وَلَوْ بِعُذْرٍ) هەر چەند بەهۆی عوزرێکیش بێ: وەك سەهوو، یان هەر ڕووداوێکیتر، ئەو کاتە (جَمْع التَّقْدِيم)ی بۆ دروست نیە، کەوابو: (وَجَبَ تَأْخِيرُ الثَّانِيةِ إِلى وَقْتِهَا) واجبە: نوێژەکەی دووەم دوا بێخێ بۆ کاتەکەی خۆی و لە کاتەکەی خۆیدا بە تاك بیکا، بەڵام (وَلاَ يَضُرُّ فَصْلٌ يَسِيرٌ) نێوانێکی کەم زیان نادا: وەك ئیقامەت کردن بۆ نوێژی دووەم (وَيُعْرَفُ طُولُهُ بِالْعُرْفِ) درێژیو کورتی نێوان هەردوو نوێژەکان بە گوێرەی عادەت دەناسرێ.

کەواتە: ئەندازەی دوو ڕەکعەت نوێژی سووکو بەپەلە درێژەو (جَمْع التَّقْدِيم) بەتاڵ دەکا، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە ﴿عَنْ جَابِرٍ رضي الله عنه فِي صِفَةِ وُقُوفِ رَسُولِ اللهِ ﷺ بِعَرَفَاتٍ: ثُمَّ أَذَّنَ ثُمَّ أَقَامَ فَصَلَّى الظُّهْرَ، ثُمَّ أَقَامَ فَصَلَّى الْعَصْرَ وَلَمْ يُصَلِّ بَيْنَهُمَا شَيْئاً﴾ رواه مسلم(١٢١٨)، پێغەمبەر ﷺ لە (حجة الوداع)دا کە لە (عرفات)دا بانگی

نیوەڕۆ دراو ئیقامەت کرا، نوێژی نیوەڕۆی کرد، ئینجا دووبارە ئیقامەت کراو نوێژی عەسری بە (جَمْع التَّقْدِيم) کردو هیچ سوننەتێکی لە نێوان هەردوو نوێژەکاندا نەکرد.

ئینجا بزانە: بە بەڵگەی ئەو حەدیسە: لە(جَمْع التَّقْدِيم)دا دروست نیە هیچ سوننەتێك لەنێوان هەردوو نوێژەکاندا بکرێ، کەوابو: ئەگەر ویستی سوننەتەکانی پاش نوێژی نیوەڕۆو پێش عەسر بکا، یان سوننەتەکانی پاش نوێژی مەغریبو پێش نوێژی عیشا بکا، ئەوە با لەدوای تەواو کردنی هەردوو نوێژە واجبەکان ئەو سوننەتانە-بەڕیز- بکا، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ڕوون کراوەتەوە.

(وِلِلْمُتَيَمِّمِ اْلجَمْعُ)کۆکردنەوەی دوو نوێژ دروستە:بۆ ئەو ڕێبوارەی لەنێوان هەردوو نوێژەکاندا تەیەمموم دەکا (عَلى الصَّحِيحِ) لەسەر فەرموودەی ڕاست، واتە: تەیەمموم کردن بۆ نوێژی دووەم زیان لە (جَمْع التَّقْدِيم) نادا، هەروەك دەستنوێژگرتنیش زیان نادا، چونکە نێوانەکەیان کەمە، کەوابو: (وَلا يَضُرُّ) زیان لە (جَمْع التَّقْدِيم) نادا (تَخَلُّلُ طَلَبٍ خَفِيفٍ) گەڕانێکی سووك بە دوای ئاودا بکەوێتە نێوان هەردوو نوێژەکان، واتە: ماوەکەی کەم بێو نەگاتە ئەندازەی دوو ڕەکعەتی سووك.(وَلَوْ جَمَعَ) ئەگەر هەردوو نوێژەکانی بە(جَمْع التَّقْدِيم) کۆکردنەوە (ثُمَّ) ئینجا لە دوای تەواوکردنی هەردوو نوێژەکان، یان هەر لە ناو نوێژی دووەمدا پاش ماوەیەکی درێژ (عَلِمَ تَرْكَ رُكْنٍ مِنَ الأُولَى) زانی ڕوکنێکی لە نوێژی یەکەم نەکردوە (بَطَلَتَا) ئەوە هەردوو نوێژەکان بەتاڵ دەبن،

چونکه یەکەمەکەیان ڕوکنێکی ناتەواوە، دووەمەکەش بە ڕیز نەکراوە، هەروەك لە مەرجی یەکەمدا ڕابرا، کەوابو: (وَيُعِيدُهُمَا) واجبە: هەردوو نوێژەکان دووبارە بکاتەوە: (جَامِعاً) یان بە (جَمْع التَّقْدِيم)، یان بە (جَمْع التَّأْخِير)، یان ئەگەر حەز دەکا: هەریەکەی لەکاتی خۆیدا دەکا. (أَوْ مِنَ الثَّانِيةِ) یان لەدوای سەلامدانەوەی نوێژی دووەم زانی ڕوکنێکی لەنوێژی دووەم نەکردوە ، ئەوە (فَإِنْ لَم يَطُلْ) ئەگەر نێوانی سەلامدانەوەو زانینەکەی درێژ نەبو (تَدَارَكَ) دەگەڕێتەوە ناو نوێژەکەو ڕوکنەکەی دەکاو لەڕوکنەکەوە نوێژەکەی تەواو دەکاو هەردوو نوێژەکانی دروست دەبن (وَإِلاَّ) بەڵام ئەگەر نێوانی سەلامو زانینەکەی درێژ بوو (فَبَاطِلَةٌ) ئەو کاتە نوێژی دووەم بەتاڵەو (وَلاَ جَمْعَ) دروست نیە بە (جَمْع التَّقْدِيم) بیکا، بەڵکو واجبە: نوێژەکەی دووەم لەکاتی خۆیدا بکاتەوە.(وَلَوْ جَهِلَ) ئەگەر نەیزانی ڕوکنە نەکراوەکە لە نوێژی یەکەمە، یان لە دووەمە، ئەو کاتەش (جَمْع التَّقْدِيم)ی بۆ دروست نیە، بەڵکو (أَعَادَهُمَا) واجبە: هەردوو نوێژەکان دووبارە بکاتەوە (لِوَقْتَيْهِمَا) هەریەکەی لە کاتی خۆیدا، یان ئەگەر حەز بکا: یەکەمەکەیان دوا بێخێو لەکاتی دووەمەکەدا بە (جَمْع التَّأْخِير) بیکا، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

دووەم: دواخستنی نوێژ بەکۆکردنەوە(جَمْع التَّأخِير).

(وَإِذَا أَخَّرَ الأُولَى) هەر کاتێك ڕێبوار(یا نەخۆش) نوێژی یەکەمی دواخست، تاکو بە (جَمْع التَّأْخِير) لەکاتی نوێژی دووەمدا بیکا (لَمْ يَجِبِ التَّرْتِيبُ) ڕیزکردن واجب نیە، واتە: واجب نیە لەپێشدا نوێژی یەکەم بکا (وَالْمُوَالاَةُ) هەروەها واجب نیە: یەکسەر نوێژی دووەم لەدوای نوێژی یەکەم بکا (وَنِيَّةُ الْجَمْعِ) هەروەها نیەتی (جَمْع التَّأْخِير)ش لە دابەستنی نوێژی یەکەمدا واجب نیە، بەڵکو ئەو سێیانە گشتیان سوننەتن (عَلَى الصَّحِيحِ) لەسەر فەرموودەی ڕاست.

(وَيَجِبُ) بۆ دروستبوونی (جَمْع التَّأْخِير) دوو شت واجبن،

یەکەم : (كَوْنُ التَّأْخِيرِ بِنِيَّةِ الْجَمْعِ) واجبە: دواخستنی نوێژی یەکەم بە نیەتی (جَمْع التَّأْخِير) بێ، وەك بڵێ: (نیەتمە ئەم نوێژەی نیوەڕۆ دوا بخەم تاکو لە کاتی عەسردا بیکەم.)؟ بۆ ئەوەی بەو نیەتە جیاوازی هەبێ لەگەڵ ئەو کەسەی بە گونامکاری نوێژەکە دوا دەخا–یان نایکا– هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)و حاشیەکانیاندا ڕوون کراوەتەوە.

دووەم:واجبە ڕێبوارەکە هەر لەسەفەردابێ(یا نەخۆش نەخۆشیەکەی بەردەوام بێ): لەکاتی نیەت هێنانی دواخستنی نوێژەکەوە تا هەردوو نوێژەکان تەواو دەبن، هەروەك لە سەرچاوەکاندا فەرموویانە(بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەم کۆکردنەوانە لەسەرچاوەکان بەدرێژی باس کراوە). ڕووناکی رب العالمين‌ڕونکردنەوەی منهاج الطالبين ج٢.

بەڕۆژووبوون بەهۆی نەخۆشی چۆنە

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَمَنْ كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ هەر کەسێك لەڕەمەزاندا نەخۆش بوو، یان لەسەفەردا بوو–ئەگەر بەڕۆژوو نەبو– واجبە: بە ژمارەی ئەو ڕۆژانەی نەیگرتون قەزا بکاتەوە.

ئینجا بزانە: ئەگەر نەخۆشیەکەی بەشەو و بەڕۆژ بوو، ئەوە بۆی دروستە: هەر لە شەوێدا نیەتی ڕۆژووەکە نەهێنێ، ئەگەر نا: واجبە بە شەو نیەتی ڕۆژوو بێنێ، ئینجا ئەگەر بەڕۆژ نەخۆش بۆوە، دروستە: ڕۆژووەکەی بشکێنێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

هەروەها(وَلَوْ أَصْبَحَ صَائِماً)ئەگەر یەکێکی ساغ بەڕۆژوو بوو (فَمَرِضَ) ئینجا لەڕۆژێدا نەخۆش بوو (أَفْطَرَ) دروستە: ڕۆژووەکەی بشکێنێ، چونکە بە بێ ویستی خۆی نەخۆشی تووش بووە، کەوابو: (وَإِنْ سَافَرَ) ئەگەر مرۆڤێکی بەڕۆژوو لە ڕۆژێدا بەسەفەر چوو (فَلَا) دروست نیە ڕۆژووەکەی بشکێنێ، چونکە بەویستی خۆی بۆ سەفەر دەڕوا، بەڵام ئەگەر پێش دەرکەوتنی بەیان بۆ سەفەر دەربچێ، ئەو کاتە بۆی دروستە ڕۆژووەکەی بشکێنێ، هەروەك لە سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

هەروەها (وَلَوْ أَصْبَحَ الْمُسَافِرُ وَالْمَرِيضُ صَائِمَيْنِ) ئەگەر مرۆڤی ڕێبوارو نەخۆش بە شەو نیەتیان هێناو بەڕۆژوو بوون (ثُمَّ أَرَادَا الْفِطْرَ) ئینجا بە ڕۆژ ویستیان ڕۆژووەکەیان بشکێنن (جَازَ) بۆیان دروستە، چونکە لە شەوێوە عوزرەکەیان بەردەوامە (فَلَوْ أَقَامَ) بەڵام ئەگەر ڕێبوارەکە هەر بەڕۆژوو بوو و هاتەوە ماڵەوەی، یان بووە نیشتەجێ (وَشُفِيَ) هەروەها

ئەگەر نەخۆشی بەڕۆژوو شیفای بۆ هات (حَرُمَ الْفِطْرُ) لە هەردووکیان حەڕامە: ڕۆژووەکەیان بشکێنن (عَلَى الصَّحِ) لەسەر فەرموودەی ڕاست، چونکە هۆیەکە نەماوە.

(وَإِذَا أَفْطَرَ الْمُسَافِرُ وَالْمَرِيضُ) هەر کاتێك ڕێبوارو نەخۆش بەڕۆژوو نەبون (قَضَيَا) لەسەر هەردووکیان واجبە: ڕۆژووەکانیان قەزا بکەنەوە، بە بەڵگەی ئایەتەکەی ڕابردوو، ئینجا بزانە: مەبەست بە نەخۆش لێرەدا نەخۆشی کاتیيە، چونکە نەخۆشی بەردەوام وەکو پیر قەزاکردنەوەی لەسەر نیە، بەڵکو (فدية)دەدا.

﴿ ئاگاداری ﴾ :

یەکەم:هەر کەسێك بەئەندازەیەکی وەها برسی ببێ، یان تێنوو ببێ: مەترسی لەناوچوونو نەمانی لێ بکرێ، واجبە: ڕۆژووەکەی بشکێنێ، لەو حاڵەتەدا جیاوازی ساغو نەخۆشو ڕێبوارو نیشتەجێ نییە، بەڵام واجبە: ڕۆژووەکەی قەزا بکاتەوە، لە (المجموع)و(مغنی)دا بەڵگەیان بەم ئایەتە هێناوەتەوە: ﴿وَلاَ تَقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا﴾ خۆتان بە کوشت مەدەن، خوای گەورە لەگەڵتان بە ڕەحمە.

دووەم: بۆ دروێنەچیەکانو جوتیارەکانو کارکەرەکانی خانوو و کێڵگەو باغو کاسبکارەکانی ترو گشت ئەو کەسانەی تر: کە بۆیان ناگونجێ بە شەو کار بکەنو بۆ بەخێوکردنی خۆیانو خێزانیان پێویستیشیان بەو کارە هەیە،بۆ گشتیان دروستە:ڕۆژووەکەیان بشکێنن

، جیاوازی نیە: ئەو کارانەی ڕابردوو بە کرێ بن، یان بە خۆڕایی بن، بەڵام واجبە: بە شەو نیەتی ڕۆژووەکە بێنن، ئینجا ئەگەر بە ڕۆژ بێهێز بون، ئەو کاتە دروستە: ڕۆژووەکەیان بشکێنن‌و لە کاتێکی‌ترا ڕۆژووەکەیان قەزا بکەنەوە، هەروەك لە (تحفة)و(نهاية)و حاشیەکانیاندا ڕوون کراوەتەوە. واتە: بەڵام ئەگەر دەگونجا بە شەو ئەو کارە بکرێ، یان بۆ بەخێوکردنی خۆیان‌و خێزانیان پێویستییان پێنەبو، ئەو کاتە دروست نیە: بەڕۆژوو نەبن، وَاللهُ أَعْلَم.

سێیەم: -بۆ وێنە-ئەگەر کافرەکان هێرش بێننە سەر وڵاتی موسڵمانان‌و موسڵمانەکانیش بەهۆی بەڕۆژوو بوون توانای بەرگرییان نەبو، دروستە ڕۆژوو بشکێنن، بەڵکو ئەگەر مەترسی سەرکەوتنی کافرەکان هەبێ، ئەو کاتە واجبە: ڕۆژووەکەیان بشکێنن، واتە: ئینجا لەدوای کۆتایی جەنگ قەزای بکەنەوە، هەروەك لە (الشبراملسي)دا ڕوون کراوەتەوە ﴿عَنْ أَنَسٍ ﷺ: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ فِي سَفَرٍ فَصَامَ بَعْضٌ، وَأَفْطَرَ بَعْضٌ، فَتَحَرَّمَ الْمُفْطِرُونَ وَعَمِلُوا وَضَعُفَ الصُّوَّامُ عَنْ بَعْضِ الْعَمَلِ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ذَهَبَ الْمُفْطِرُونَ الْيَوْمَ بِالأَجْرِ﴾رواه مسلم(١١١٩)، پێغەمبەر (ﷺ)و (صحابة)کان لەسەفەرێکی غەزادا بون، هەندێکیان ڕۆژوویان شکاندو بە هێز بون‌و کاری پێویستیان کرد، هەندێکیشیان بەڕۆژوو بون‌و بۆ هەندێك کاری پێویست بێهێز بون، جا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ڕۆژووشکێنەکان ئەمڕۆ پاداشی گەورەیان بۆ خۆیان برد.

(وَكَذَا الْحَائِضُ) هەروەها لەسەر ئافرەتی حەیزدارو زەیسانیو منداڵ لێبوو، واجبە: پۆژووەکانیان قەزا بکەنەوە ﴿عَنْ عَائِشَةَرَضِيَ اللهُ عَنْهَا: أَنَّهُ كَانَ يُصِيبُنَا ذَلِكَ-أَيِ الْحَيْضُ- فَنُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّوْمِ وَلاَ نُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّلاَةِ﴾ رواه مسلم(٣٣٥)، لە سەردەمی پێغەمبەرداﷺ حەیز تووشمان دەبو، ئینجا فەرمانمان دەدرایێ پۆژووەکان قەزا بکەینەوەو، فەرمانمان نەدەدرایێ نوێژ قەزا بکەینەوە.

(وَالْمُفْطِرُ بِلاَ عُذْرٍ) هەروەها ئەو کەسەش کە بێعوزر پۆژووەکەی شکاندبێ، واجبە: قەزا بکاتەوە (وَتَارِكُ النِّيَّةِ) هەروەها ئەو کەسەش کە لە شەوێدا نیەتی نەهێنابێ: بە قەسدی، یان لەبیری چوبێ، واجبە: پۆژووەکەی قەزا بکاتەوە.

(وَيَجِبُ قَضَاءُ مَا فَاتَ بِالإِغْمَاءِ) واجبە ئەو پۆژوانە قەزا بکاتەوە: کە بەهۆی بێهۆشی فەوتاون (وَالرِّدَّةِ) هەروەها واجبە: ئەو پۆژوانەش قەزا بکاتەوە کە بەهۆی کافربوون فەوتاون، چونکە بەهۆی ئیسلامەتی پۆژووی لەسەر واجب بووە، کەوابو: بە کافربوون لەسەری لا ناچێ.

(دُونَ الْكُفْرِالأَصْلِيِّ) جگە لە کوفری بنچینەیی، واتە: ئەو کافرەی لە بنچینەدا کافرە، کە بووە موسڵمان واجب نیە پۆژوو قەزا بکاتەوە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿قُلْ لِلَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ يَنْتَهُوا يُغْفَرْ لَهُمْ مَا قَدْ سَلَفَ﴾ بە کافرەکان بڵێ: ئەگەر واز لە کوفر بێنن‌و ببنە موسڵمان، لە ڕابردووبیان دەبوردرێ.

ئینجا بزانه: له مەزهەبی ئیمامی(حنفی)دا موسڵمانی کافربووش- ئەگەر ببێتەوە موسڵمان-قەزاکردنەوەی پۆژووەکانی ماوەی کافربوونی لەسەر نیە، هەروەك لە(المجموع)دا فەرموویەتی.

(وَالصِّبَا) هەروەها ئەو پۆژوانەی لە کاتی منداڵیدا نەیگرتون، واجب نیە: قەزایان بکاتەوە (وَالْجُنُونِ) هەروەها پۆژووەکانی ماوەی شێتیش واجب نیە: قەزا بکاتەوە، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا أَنَّ النَّبِيَّ -صلى الله عليه وسلم- قَالَ :« رُفِعَ الْقَلَمُ عَنْ ثَلاَثَةٍ عَنِ النَّائِمِ حَتَّى يَسْتَيْقِظَ وَعَنِ الْمَجْنُونِ حَتَّى يَفِيقَ وَعَنِ الصَّبِيِّ حَتَّى يَبْلُغَ ». رواه البيهقي(٢٢١٢٠)وابن حبان(١٤٢). قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح

معانى بعض الكلمات:

(يفيق) يصحو من جنونه.

(يبلغ) معنى يحتلم.

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ نووسینی تاوان لەسەر سێ کەسان هەڵگیراوە، لەسەر خەوتوو تا هەشیار دەبێتەوە، لەسەر شێت تا چاك دەبێتەوە، لەسەر منداڵ تا بڵوغی دەبێ. پووناکی رب العالمين پونکردنەوەی منهاج الطالبين ج٢

باسی (فِدْيَة)ی پیرو نەخۆش و ئاوس و شیردەر

(وَالأظْهَرُ) بە فەرموودەی بەهێزتر (وُجُوبُ الْمُدِّ) مستێك دانەوێڵە بۆ (فدية)ی هەر ڕۆژوویەك واجبە: (عَلَى مَنْ أفْطَرَ) لەسەر ئەو کەسەی ڕۆژووی شکاندوە، یان بەڕۆژوو نەبوە (لِلْكِبَرِ) بەهۆی پیریو بێهێزی، یان بە هۆی نەخۆشیەکی بەردەوام: کە چاوەڕوانی چاکبوونەوەی نەکرێ، هەروەك لە سەرچاوەکاندا فەرموویانە :

﴿عَن ابْنِ عَبّاسٍ رَضِى اللهُ عَنْه: فِى قَوْلِه تَعَالَى: (وَعَلَى الذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِين). هِيَ لِلشَّيْخِ الْكَبِيرِ وَالْمَرْأَةِ الْكَبِيرَةِ لاَيَسْتَطِيعَانِ أَنْ يَصُوما فَيُطْعِمَانِ مَكَانَ كُلِّ يَوْمٍ مِسْكِيناً﴾رواه البخاري (٤٢٣٥)،

واتە: خوای گەورە دەفەرموێ: لەسەر ئەو کەسانەی توانای بەڕۆژووبوونیان نەماوە، واجبە بۆ هەر ڕۆژێك (فدية)ی بدەنە هەژارێك.

ئینجا بزانە: ئەگەر پیرەکە، یان نەخۆشەکە لەدوای بەڕۆژوونەبوون توانایان پەیدا بوو، واجب نییە: قەزا بکەنەوە، بەڵام ئەگەر لە وەرزێکدا توانایان نەبوو لەوەرزێکیشدا توانایان هەبو،ئەو کاتە واجبە:لەم وەرزەدا ڕۆژووەکان قەزا بکەنەوە، هەروەك لە (تحفة)و (نهاية)دا فەرموویانە، جا لەو بڕیارانەی ڕابردووش جیاوازی ڕۆژووی ڕەمەزانو نەزرو کەفارەت نییە، هەروەك لە سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

﴿ **ئاگاداری** ﴾ لە مەزهەبی ئیمامی(حنفي)دا: (فدية)ی هەر ڕۆژوویێك نیو ساع گەنم لەسەر پیر واجبە، واتە: (١٨١٥) غرام، یان نرخەکەی،

ئینجا دروستە: هەر لەسەرەتای ڕەمەزانەوە (فدية)ی هەموو ڕەمەزانەکە بدا، هەروەک لە (شرح الملتقى)و (ابْن عابدين)دا فەرموویانە.

بەڵام لەمەزهەبی ئیمامی(الشافعي)دا واجبە: لەکۆتایی ڕەمەزان (فدية)کە بدرێ‌و دروستیشە: لە شەوێ‌دا(فدية)ی ڕۆژووی سبەینێ بدرێ، دروست نیە: زیاتر وەپێش بخرێ، جا ئەگەر (فدية)کەش دوا بێخن هیچیان لەسەر نیە، هەروەها ئەگەر پیرو نەخۆشی بەردەوام بەڕۆژوو بن، ڕۆژووەکەیان دروست دەبێ‌و (فدية)ی ناوێ، هەروەک لە (نهاية)و (مغنى)دا ئەو مەسەلانە ڕوون کراونەوە.

(وَأَمَّاالْحَامِلُ) بەڵام ئافرەتی ئاوس‌و (وَالْمُرْضِعُ) ئافرەتی شیردەر، هەردووک بۆیان دروستە بەڕۆژوو نەبن، ئینجا (فَإِنْ أَفْطَرَتَا) ئەگەر ئافرەتی ئاوس‌و ئافرەتی شیردەر بەڕۆژوو نەبون (خَوْفاً عَلَى نَفْسِهِمَا) لە ترسی خۆیان: نەوەک زیانێکیان پێ بگا (وَجَبَ الْقَضَاءُ) واجبە: ڕۆژووەکان قەزا بکەنەوە (بِلاَ فِدْيَةٍ) بە بێ(فِدْية)دان (أَوْ عَلَى الْوَلَدِ) یان لەترسی منداڵەکەیان بەڕۆژوو نەبون: نەوەک زیانێك بە منداڵەکەیان بگا، ئەو کاتە (لَزِمَتْهُمَا الْفِدْيَةُ) واجبە: (فِدية)ش بدەن‌و ڕۆژووەکەش قەزا بکەنەوە (فِي الأَظْهَرِ) لە فەرموودەی بەهێزتردا ﴿عَن ابْن عبّاس رَضِي اللهُ عَنْه: اَلْحُبْلَى وَالْمُرْضِعُ إِذَا خَافَتَا أَفْطَرَتَا وَأَطْعَمَتَا﴾ رواه ابوداود(٢٣١٧) بسند حسن. قَالَ أَبُو دَاوُد: إِذَا خَافَتَا يَعْنِي عَلَى أَوْلَادِهِمَا.

واتە: ئافرەتی ئاوس‌و ئافرەتی شیردەر ئەگەر ترسان(ابو داود دەڵێ ئەگەر لە منداڵەکانیان ترسان)، ڕۆژوو دەشکێنن‌و (فدية) دەدەن.

ئینجا بزانە: لە مەزهەبی ئیمامی(حنفی)دا: هەردوو ئافرەتەکان تەنها قەزاکردنەوەیان لەسەر واجبەو (فدیة)یان لەسەر نیە، هەروەك لە (مجمع الانهر)دا فەرموویەتی، هەروەها بزانە: ئەگەر ئافرەتە ئاوسەکە بترسێ منداڵەکەی لەبار بچێ، یان ترسا منداڵەکەی لە برسان بمرێ، واجبە: پۆژووەکەی بشکێنێو بەپۆژوو نەبێ، هەروەك لە (مغنی)دا فەرموویەتی.

(وَالأَصَحُّ) فەرموودەی پاستتر: (أَنَّهُ يُلْحَقُ بِالْمُرْضِعِ) وەکو ئافرەتی شیردەر بڕیاری بۆ دەدرێ (مَنْ أَفْطَرَ ئەو کەسەی پۆژووەکەی شکاندبێ (لإِنْقَاذِ مُشْرِفٍ عَلَى هَلَاكٍ) بۆ پزگارکردنی کەسێك: کە نزیکی بەهیلاك چوون بێ، بەو مەرجەی بەبێ پۆژووشکاندن نەگونجێ پزگاری بکا، وەك خەریك بێ: بسوتێ، یان بخنکێ، یان درێندە بیخوا، لەو حاڵەتانەدا واجبە: پۆژووەکە بشکێنێو پزگاری بکا، هەم واجبە: قەزای بکاتەوەو (فدیە)ش بدا، چونکە وەکو شیردەرەکە لەبەر خاتری کەسێکیتر پۆژووەکەی شکاندوە، هەروەك لەسەرچاوەکاندا فەرموویانە.

ئینجا بزانە: ئەگەر پۆژووەکەی بشکێنێ تاکو گیانی خۆی، یان مااڵی خۆی پزگار بکا، ئەوە تەنها قەزاکردنەوەی لەسەرە، بەاڵم ئەگەر پۆژووەکەی بشکێنێ تاکو مااڵی کەسێکیتر پزگار بکا، یان ئاژەاڵی خۆی، یان ئاژەاڵی کەسێکیتر پزگار بکا، ئەو کاتە واجبە: قەزا بکاتەوەو (فدیە)ش بدا، هەروەك لە (تحفە)دا پوون کراوەتەوە.

(لاَ الْمُتَعَدِّی بِفِطْرِ رَمَضَانَ) بەاڵم (فدیة) واجب نیە: لەسەر ئەو کەسەی بەبێ عوزر پۆژووی پەمەزانی شکاندوە، یان بەپۆژوو نەبوە،

بەڵکو تەنها قەزاکردنەوەی لە سەر واجبە، هەم لەسەر کاربەدەستانیش واجبە: تەمبێی بکەن بەگوێرەی گەورەیی ئەو تاوانە، هەروەك لە (تحفه)و (نهایه)دا فەرموویانە.

حەج کردن لە جیاتی مردوو و پەککەوتوو چۆنە

جا بزانە: ئەو کەسەی حەج لەجیاتی مردوو و پەککەوتوو دەکا، مەرج نیە–لە نێرایەتی و مێیایەتیدا– لەگەڵ ئەوان یەکسان بێ، هەروەك لە (الشروانی)دا فەرموویەتی ﴿عَنْ ابْنِ عَبَّاس رَضِيَ اللهُ عَنْه: قَالَتْ امْرَأَةٌ: يَا رَسُولَ اللهِ، إِنَّ فَرِيضَةَ اللهِ عَلَى عِبَادِهِ فِي الْحَجِّ أَدْرَكَتْ أَبِي شَيْخاً كَبِيراً لاَ يَثْبُتُ عَلَى الرَّاحِلَةِ، أَفَأَحُجُّ عَنْهُ؟ قَالَ نَعَمْ. وَذَلِكَ فِي حَجَّةِ الْوَدَاعِ﴾ رواه الشيخان البخاري(١٤٤٢) ومسلم (١٣٣٤)، لە (حجة الوداع)دا ئافرەتێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، باوکم حەجی لەسەر واجب بووەو زۆریش پیرە، خۆی لەسەر وولاغ ڕاناگرێ، ئایا حەجی لەجیاتی بکەم؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بەڵێ. واتە: حەجی واجب لەجیاتی باوکت بکە.

(وَيُشْتَرَطُ) بەمەرج دادەندرێ: (كَوْنُهَا فَاضِلَةً) ئەو کرێیە هاووێنەیەی ڕابردوو، زیاد بێ (عَنِ الْحَاجَاتِ الْمَذْكُورَةِ) لەو پێویستیانەی باس کران (فِيمَنْ حَجَّ بِنَفْسِهِ) لەباسی ئەو کەسەدا: کە بەخۆی حەجی دەکرد: وەك قەرزو شوێنی نیشتەجێبوون (لَكِنْ لاَ يُشْتَرَطُ) بەڵام بەمەرج داناندرێ (نَفَقَةُ الْعِيَالِ)کرێیەکە زیاد بێ لەئەرکی بەخێوکردنی خێزانو منداڵەکانی (ذَهَاباً وَإِيَاباً) لەماوەی چوونە حەجو هاتنەوەدا، چونکە پەککەوتووەکە

بەخۆی ناڕوا، بەڵکو لەگەڵ خێزانەکەیدا دەمێنێتەوەو بەچەند ڕێگایەک دەتوانێ بەخێویان بکا.

(وَلَوْ بَذَلَ وَلَدُهُ) ئەگەر کوڕێکی خۆی، یان کیژێکی خۆی ماڵیان دایێ (أَوْ أَجْنَبِيٌّ مَالاً) یان بێگانەیەک ماڵی دایێ (لِلأُجْرَةِ) تاکو یەکێکی پێ بەکرێ بگرێ بۆ ئەوەی حەجی واجبی لەجیاتی بکا (لَمْ يَجِبْ قَبُولُهُ) واجب نییە: پەککەوتووەکە قبوڵی بکاو لێیان وەربگرێ (فی الأصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستردا، چونکە منەتباریی تێدایە.

بەڵام(وَلَوْ بَذَلَ الْوَلَدُ الطَّاعَةَ)ئەگەر کوڕەکەی،یان کیژەکەی گوێڕایەڵی خۆی دایێ، واتە: بەخۆی بچێ حەجی واجبی لەجیاتی بکا (وَجَبَ قَبُولُهُ) واجبە:پەککەوتووەکە قبوڵی بکاو ئیزنی بدا حەجی واجبی لەجیاتی بکا

(وَكَذَا الأَجْنَبِيُّ) هەروەها بێگانەش ئەگەر بچێ حەجی واجبی لە جیاتی بکا، واجبە: قبوڵی بکاو ئیزنی بدا (فی الأصَحِّ) لە فەرموودەی ڕاستردا، چونکە منەتباریەکەی زۆر نیە.

﴿ **ئاگاداری** ﴾: ئەگەر پەککەوتووەکە حەجیشی لەسەر واجب نەبوبێ، هەر بۆی دروستە جێگرێك دابنێ–بە کرێ، یان بە خۆڕایی– تاکو حەجی ڕوکنی ئیسلامی لەجیاتی بکا، هەم بۆ ئەوەش حەجێکی سوننەت، یان دوو، یان زیاتریشی لەجیاتی بکا، هەروەك لە (المجموع)و (الشروانی)دا ڕوون کراوەتەوە.

پێشەکی بزانە: حەجو عومرە–واجب بێ، یان سوننەت بێ–جگە لەمردوو و پەککەوتوو، لەجیاتی هیچ کەسێکی تری توانا دروست نیە،

هەروەك لە (ابن قاسم)و (الشروانی)دا فەرموویانە، جا حەجو عومرەی لەجیاتی کەسێکی تر بەگوێرەی ئەم ڕوونکردنەوەیە:

یەکەم: ئەو کەسەی لەجیاتی کەسێکی تری مردوو، یان پەککەوتوو، حەجو عومرە دەکا –بە کرێ، یان بە خۆڕایی– مەرجە: بۆ خۆی حەجی ڕوکنی ئیسلامی کردبێو هیچ حەجی نەزرو قەزای لەسەر نەبێ، کەواتە: ئەگەر بۆ خۆی حەجی ڕوکنی ئیسلامی نەکردبو، یان حەجی نەزر، یان حەجی قەزای لەسەر بوو، ئینجا لەجیاتی کەسێکی تر ئیحرامی حەجی بەست، ئەو ئیحرامە بۆ خۆی دادەبەسترێو حەجەکە بۆ خۆی دەبێو نابێتە حەجی مردووەکە، یان پەککەوتووەکە، هەروەك لە (المجموع)دا فەرموویەتی. ﴿عَنْ ابن عَبَّاس رَضِيَ اللهُ عَنْهُ: سَمِعَ النَّبِيُّ ﷺ رَجُلاً يَقُولُ: لَبَّيْكَ عَنْ شُبْرُمَةَ. قَالَ: مَنْ شُبْرُمَةُ؟ قالَ: أَخٌ لِي أَوْ قَرِيبٌ. قَالَ: حَجَجْتَ عَنْ نَفْسِكَ؟ قَالَ: لاَ. قَالَ: حُجَّ عَنْ نَفْسِكَ، ثُمَّ حُجَّ عَنْ شُبْرُمَةَ﴾ رواه ابوداود (١٨١٣)باسناد صحيح على شرط مسلم،پیاوێك دەیگوت:(لَبَّيْكَ) لەجیاتی (شُبْرُمَة). پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (شُبْرُمَة) کێیە ؟گوتی:برایەکی خۆمە، یان خزمێکمە.فەرمووی:بۆ خۆت حەجت کردوە؟ گوتی: نا. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بۆ خۆت حەج بکە، ئینجا لەجیاتی (شُبْرُمَة) حەج بکە.

دووەم: مرۆڤی شێت وەکو پەککەوتوو نیە، کەواتە: ئەگەر کەسێك حەجی لەسەر واجب بوو و حەجی نەکرد، ئینجا شێت بوو، دروست نیە حەجی لەجیاتی بکرێ، چونکە لە چاکبوونەوەی بێئومێد نین، کەوابو: هەر کاتێك شێتەکە مرد حەجی لەجیاتی دەکرێ، هەروەها گشت

نەخۆش و بێهێزێك كە لە چاكبوونەوەی بێئومێد نەبین، ئەویش وەكو شێت بڕیاری ڕابردووی بۆ دەدرێو نابێ حەجی لەجیاتی بكرێ.

سێیەم: ئەگەر پەككەوتووەكە حەجی لەجیاتی كرا، ئینجا شیفای هاتو چاك بۆوە، ئەو حەجە بۆ پەككەوتووەكە دروست نابێو واجبە: بەخۆی حەج بۆ خۆی بكا، هەروەك لە (المجموع)دا ئەو مەسەلانە ڕوون كراونەوە.

بەڵام ئەگەر لەبەر نەخۆشیو سەرماو گەرما دەبەریان بكا، ئەو كاتە (فِدْيَة)ی لەسەر واجب دەبێ،هەروەك لەسەرچاوەكاندا ڕوون كراوەتەوە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيضًا أَوْ بِهِ أَذًى مِنْ رَأْسِهِ فَفِدْيَةٌ...﴾سورە البقرە(١٩٦). هەر كەسێك لە ئێوە نەخۆش بوو و جلو بەرگی خۆی دەبەر كرد، یان ئازارێك لەسەریدا هەبو و سەری تاشی، واجبە: (فِدْيَة) بدا.

ئینجا بزانە: پیاوی بە ئیحرام بۆی دروست نیە: پێڵاو دەبەر بكا، بەڵام بۆی دروستە: جووتە نەعلێكی وەها دەبەر بكا: كە پاشنەی پێو سەرەپەنجەكانی پێی تێدا دیار بێ، واتە: زیانی نیە نەعلەكان پشتەپێی دابپۆشێ، یان بەشێكی پەنجەكانی دابپۆشێ، هەروەك لە (تحفة) و حاشیەكانیدا ڕوون كراوەتەوە، پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: ﴿إِلاَّ أَحَدٌ لاَ يَجِدُ نَعْلَيْنِ فَلْيَلْبَسْ خُفَّيْنِ وَلْيَقْطَعْهُمَا أَسْفَلَ مِنَ الْكَعْبَيْنِ﴾ رواه الشيخان البخاري (١٣٤) ومسلم(١١٧٩)، تەنها یەكێك نەبێ: كەجووتە

نەعلێکی دەست نەکەوێ، با جووتە خوففێك دەبەر بکاو لە گۆزینگ بەرەو خوارتر لێیان بکاتەوە. واتە: دەبەرکردنی نەعل دروستە.

ئیحرام شکاندن بەهۆی نەخۆشی و عوزرەکانی تر

(وَلاَ تَحَلُّلَ بالْمَرَضِ) خۆ حەڵاڵ کردن دروست نیە بەهۆی نەخۆشی، ئەگەر مەرجی دانەنابێ، بەڵکو واجبە: خۆی ڕابگرێ تا چاك دەبێتەوە، بەڵام (فإِنْ شَرَطَهُ) ئەگەر لەگەڵ نیەتی ئیحرام بەستندا مەرجی دانابو: هەر کاتێك نەخۆش ببێ، یان عوزرێکی تری ببێ، خۆی حەڵاڵ بکا (تَحَلَّلَ بِهِ) ئەو کاتە دروستە: بەهۆی نەخۆشی و شکستو بریندارییوونو عوزرەکەی تر خۆی حەڵاڵ بکا (على الْمَشْهُورِ) لەسەر فەرموودەی ناسراوی مەزهەب﴿عَنْ عائشَةَرَضِيَ اللهُ عَنْها: أَنَّ النَّبِيَّﷺ دَخَلَ عَلَى ضُباعَةَ فَقالَت: يارَسُولَ اللهِ انِّي أُرِيدُ الْحَجَّ وَأَنا شاكِيَةٌ؟ فَقالَ النَّبِيُّﷺ: حُجِّي وَاشْتَرِطِي: أَنَّ مَحِلِّي حَيْثُ حَبَسْتَنِي﴾ رواه الشيخان البخاري(٤٨٠١) ومسلم(١٢٠٧)،(ضباعة) گوتی: دەمەوێ حەج بکەمو گیانیشم بە ئازارە، پێغەمبەرﷺ پێی فەرموو: ئیحرام بە حەج ببەستەو مەرج دابنێو بڵێ: لەهەر شوێنێك بەهۆی نەخۆشی ڕاگیرام، لەوێ خۆم حەڵاڵ بکەم.

ئینجا بزانە: ئەگەر بە مەرجی دانابێ: بەبێ خوێندان خۆی حەڵاڵ بکا، ئەو کاتە خوێنەکەشی لەسەر واجب نابێ، ئەگینا: واجب دەبێ، هەروەك لە سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

ئاگاداری : دروستە-لەگەڵ نیەتی ئیحرام بەستنی حەج-بەمەرج دابنێ: حەجەکەی بگۆڕێو ببێتە عومرە، هەر کاتێك نەخۆشی، یان عوزرێکی تری وەکو نەخۆشی لێی ڕوودا، جا لەکاتی پەیدابوونی عوزرەکە، حەجەکەی دەبێتە عومرەو بەر عومرەی ڕوکنی ئیسلام دەکەوێ، هەروەك لە زۆربەی سەرچاوەکاندا فەرموویانە.

(وَمَنْ تَحَلَّلَ) هەر کەسێك ویستی خۆی لەئیحرام حەڵاڵ بکاو ئیحرام بشکێنێ: بەهۆی قەدەغەکردن، یان نەخۆشی، یان عوزرێکی تر (ذَبَحَ شَاةً) واجبە: مەڕێك، یان بزنێك سەر ببڕێ، بە بەڵگەی ئایەتەکەی ڕابردوو (حَيْثُ أُحْصِرَ) سەر بڕینەکەشی لەو شوێنە بێ: کە لێیەوە قەدەغە کراوە-جا (حَرَم) بێ، یان دەرەوەی(حَرَم) بە بەڵگەی حەدیسەکەی داهاتوو، واتە: شوێنی قەدەغەکردن دەرهەقی قەدەغە کراوەکە وەکو(حَرَم)ی لێ دێو سەربڕینەکەی لەشوێنێکی تری جگە لە شوێنی قەدەغەکردنەکە دروست نابێ،هەروەك لەزۆربەی سەرچاوەکاندا ڕوون کراوەتەوە.

ئینجا بزانە:واجبە:گۆشتەکەش بداتە گەداو هەژارەکانی ئەو شوێنەی لێیەوە قەدەغەکراوە، جا ئەگەر گەداو هەژاری لێنەبون، دەیگوازێتەوە نزیکترین شوێنو دەیداتە هەژارەکانی ئەوێ ، هەروەك لە(تحفە)و (الشروانی) دا ڕوون کراوەتەوە.

(قُلْتُ) ئیمامی (النواوی) دەفەرموێ: (إِنَّمَا يَحْصُلُ التَّحَلُّلُ) حەڵاڵبوون لە ئیحرام دێتە جێ، تەنها (بِالذَّبْحِ) بە سەربڕینی ئاژەڵەکەو هەم (وَنِيَّةِ

التَّحَلُّل)بەنیەتی خۆ حەڵاڵ کردن لەکاتی سەربڕینی ئاژەڵەکەداو (وكَذَا الْحَلْقُ) هەروەها بە سەرتاشینیش (إِنْ جَعَلْنَاهُ نُسُكاً) ئەگەر بە خوا پەرستی دابنێین.

ئینجا واجبە: سەرتاشینەکە بکەوێتە دوای سەربڕینی ئاژەڵەکە، بە بەڵگەی ئایەتەکەی ڕابردوو، هەم ئەم فەرموودەیە ﴿عَنْ ابنْ عُمَرَرَضِيَ اللهُ عَنْهُما: خَرَجْنا مَعَ النّبِيﷺ مُعْتَمِرِينَ فَحالَتْ كُفّارُ فَإِنْ فُقِدَ الدَّمُ فَالأَظْهَرُ أَنَّ لَهُ بَدَلاً وَأَنَّهُ طَعَامٌ بقِيمَةِ الشَّاة، فَإِنْ عَجَزَ صَامَ عَنْ كُلِّ مُدٍّ يَوْماً، وَلَهُ التَّحَلُّلُ فِي الْحَالِ فِي الأَظْهَرِ وَاللهُ أَعْلَمُ.قُرَيْشٍ دُونَ الْبَيْتِ فَنَحَرَ رَسُولُ اللهﷺ بُدْنَهُ وَحَلَقَ رَأْسَهُ-أَيْ بِالْحُدَيْبِيَةِ-﴾ رواه البخاری، لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ بۆ عومرە چوینە (مكة)، بەڵام کافرەکان ڕێگەیان لێگرتینو نەگەیشتینە (بَيْت)، ئینجا پێغەمبەر ﷺ لە (اَلْحُدَيْبِيَة)دا ووشترەکانی سەر بڕینو سەری خۆی تاشی. واتە: (اَلْحُدَيْبِيَة) لە دەرەوەی زەمینی (حَرَم)ە.

ئینجا (فَإِنْ فُقِدَالدَّمُ) ئەگەر لەشوێنی قەدەغەکردندا ئاژەڵی خوێنەکە نەبو ، یان پارەی نەبو ، یان ڕێگەی نەدرایێ بیکڕێ (فَالأَظْهَرُ) بە فەرموودەی بەهێزتر: (أَنَّ لَهُ بَدَلاً) لەجیاتی خوێنەکە (فِدْيَة) هەیە (وَأَنَّهُ طَعَامٌ) ئەو (فِدْيَة)یەش دانەوێڵەیە (بِقِيمَةِ الشَّاة) بە ئەندازەی نرخی مەڕەکە، یان بزنەکە لەو شوێنەدا، واتە: دانەوێڵەکە دەداتە هەژارەکانی ئەو شوێنە، ئینجا سەری دەتاشێ، هەم واجبە: لەگەڵ بەشکردنی دانەوێڵەو سەرتاشیندا نیەتی حەڵاڵبوون بێنێ، هەروەك لە (تحفة)و (الشروانی)دا فەرموویانە.

(فَإِنْ عَجَزَ) جا ئەگەر توانای دانەوێڵەی نەبو: وەك دەستی نەكەوێ، یان پارەی نەبو بیكڕێ (صَامَ عَنْ كُلِّ مُدٍ يَوْماً) واجبە: لەجیاتی هەر مستێكی دانەوێڵەكە ڕۆژێك بەڕۆژوو ببێ، جا لەهەر شوێنێكدا بەڕۆژوو ببێ دروست دەبێ، ئینجا (وَلَهُ التَّحَلُّلُ فی الْحَالِ) لە حاڵەتی ڕۆژووگرتندا بۆی دروستە: هەر ئەودەم خۆی حەڵاڵ بكا، واتە: پێش دەست پێكردنی بەڕۆژووبوون سەری بتاشێو لەگەڵ سەرتاشیندا نیەتی حەڵاڵبوون بێنێ (فی الأَظْهَرِ) لە فەموودەی بەهێزتردا (وَاللهُ أَعْلَمُ).

ئاگاداری بە فەرموودەیەكی تری ئیمامی(الشافعي): ئەگەر لە شوێنی قەدەغەكردندا ئازەڵی خوێنەكە نەبو، ئەوە لەجیاتی ئازەڵەكە دە ڕۆژان بەڕۆژوو دەبێ:وەك دە ڕۆژووەكانی خوێنی (تَمَتُّعِ) حەجی بەلەزەت، جا بەم فەرموودەیەش–وەك فەرموودەكەی بەهێزتر– بۆی دروستە: هەر ئەو دەم پێش ڕۆژووگرتن خۆی حەڵاڵ بكا، هەروەك لە (المجموع)و حاشیەی (عُمَيرة)دا ڕوون كراوەتەوە. ڕووناكی رب العالمين ڕوونكردنەوەی (منهاج الطالبين) ج٢.

بەشی چواردەم

خۆ پاراستن بەخوای گەورە لەنەخۆشی ونـاخۆشی

خۆ پاراستن بەخوای گەورە لە شەو رۆژدا

۞عَنْ عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ وَهُوَ يَقُولُ قَالَ رَسُولُ اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَنْ قَالَ فِي أَوَّلِ يَوْمِه أَوْ فِي أَوَّلِ لَيْلَتِه بِسْمِ اللَّه الَّذِي لَا يَضُرُّ مَعَ اسْمِهِ شَيْءٌ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي السَّمَاءِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ لَمْ يَضُرَّهُ شَيْءٌ فِي ذَلِكَ الْيَوْمِ أَوْ فِي تِلْكَ اللَّيْلَةِ. رواه أحمد (٤٧٤) تعليق شعيب الأرنؤوط: إسناده حسن.

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی هەر یەکێك لەسەرەتای رۆژ بوونەوەی یان لەسەرەتای شەوبونەوەیدا سێ جار بڵێ: (بِسْمِ اللَّه الَّذِي لَا يَضُرُّ مَعَ اسْمِهِ شَيْءٌ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي السَّمَاءِ وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ) هیچ شتێك زیانی پێ ناگەینی لەو رۆژەیدا یاخود لەو شەوەدا.

۞عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُعَوِّذُ الْحَسَنَ وَالْحُسَيْنَ وَيَقُولُ إِنَّ أَبَاكُمَا كَانَ يُعَوِّذُ بِهَا إِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّةِ مِنْ كُلِّ شَيْطَانٍ وَهَامَّةٍ وَمِنْ كُلِّ عَيْنٍ لَامَّةٍ. رواه البخاري (٣٣٧١).

معانى بعض الكلمات:

(يعوذ) من التعويذ وهو الالتجاء والاستجارة.

(التامة) الكاملة في فضلها وبركتها ونفعها.

(هامة) كل حشرة ذات سم وقيل مخلوق يهم بسوء.

(لامة) العين التي تصيب بسوء وتجمع الشر على المعيون. وقيل هي كل داء وآفة تلم بالإنسان.

واته: پێغەمبەرمان (ﷺ)پەنابەری(بەخوای گەورە) لەحسن وحسین دەکرد دەیفەرموو باوکتان (واته پێغەمبەر ابراهیم(ﷺ)بە ووتنی (أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّةِ مِنْ كُلِّ شَيْطَانٍ وَهَامَّةٍ وَمِنْ كُلِّ عَيْنٍ لَامَّةٍ)پەنابەری لە اسماعیل و اسحاقی دەکرد.

۞عَنْ سَعْدَ بْنَ أَبِي وَقَّاصٍ يَقُولُ سَمِعْتُ خَوْلَةَ بِنْتَ حَكِيمٍ السُّلَمِيَّةَ تَقُولُ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ -صلى الله عليه وسلم- يَقُولُ « مَنْ نَزَلَ مَنْزِلاً ثُمَّ قَالَ أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ. لَمْ يَضُرُّهُ شَىْءٌ حَتَّى يَرْتَحِلَ مِنْ مَنْزِلِهِ ذَلِكَ ». رواه مسلم (٧٠٥٣).

واته: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی هەر یەکێك لەجێگایەك دابەزی پاشان ووتی (أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ) ئەوە هیچ شتێك زیانی پێ ناگەینی هەتاکو لەو جێگایە دەردەچێت کەلێی بوو.

۞عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّهُ قَالَ جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ -صلى الله عليه وسلم- فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا لَقِيتُ مِنْ عَقْرَبٍ لَدَغَتْنِي الْبَارِحَةَ قَالَ « أَمَا لَوْ قُلْتَ حِينَ أَمْسَيْتَ أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ لَمْ تَضُرُّكَ ». رواه مسلم (٧٠٥٥).

واتە: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) ووتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوێنێ.....دوو پشكێك پێی وەدام، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ، ئەگەر هاتوو ئەمەت ووتبا كاتی شەوت بەسەرهات (أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ) زیانی پێ نەدەگەیاندی.

بەشی پێنجەم

چارەسەری هەندێك نەخۆشی
لەڕوانگەی قورئان و فەرموودەدا

١.نەخۆشی شێرپە نجە بەهەموو جۆرەکانی:

تێبینی :چۆن قورئان دەخوێنین بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانمان :.

ئێمە دەزانین شێرپەنجە ئەوەیە کەبەرگری لەش کەم دەبێت هەر ئەمەشە دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم نەخۆشیە ترسناکە جا وا باشە ئەم ئایەتە (٧)جار بخوێنین(إِنَّ اللَّهَ سَيُبْطِلُهُ إِنَّ اللَّهَ لَا يُصْلِحُ عَمَلَ الْمُفْسِدِينَ * وَيُحِقُّ اللَّهُ الْحَقَّ بِكَلِمَاتِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْمُجْرِمُونَ) (سورەتی یونس٨١–٨٢) بەڵام بەمەرجێك بڕوایەکی تەواومان پێی هەبێ کەخوای گەورە شیفامان دەدات بەهۆی خوێندنەوەی ئەم ئایەتە قورئانیە بەڵام وا باشە نەخۆش بەخۆی قورئان بخوێنێت ئەگەر توانای هەبوو دەنا با گوێ بگرێت ڕۆژێ بەلای کەمی دووکاتژمێر بۆ ئەوەی خوای گەورە شیفای بدات بە ئیزنی خۆی..

۞عَنْ أَبِي سَعِيد الْخُدْرِيِّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّ نَاسًا مِنْ أَصْحَاب النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَتَوْا عَلَى حَيٍّ مِنْ أَحْيَاءِ الْعَرَب فَلَمْ يَقْرُوهُمْ فَبَيْنَمَا هُمْ كَذَلكَ إِذْ لُدِغَ سَيِّدُ أُولَئكَ فَقَالُوا هَلْ مَعَكُمْ مِنْ دَوَاءٍ أَوْ رَاقٍ فَقَالُوا إِنَّكُمْ لَمْ تَقْرُونَا وَلَا نَفْعَلُ حَتَّى تَجْعَلُوا لَنَا جُعْلًا فَجَعَلُوا لَهُمْ قَطِيعًا مِنْ الشَّاءِ فَجَعَلَ يَقْرَأُ بِأُمِّ الْقُرْآن وَيَجْمَعُ بُزَاقَهُ وَيَتْفلُ فَبَرَأَ فَأَتَوْا بالشَّاءِ فَقَالُوا لَا نَأْخُذُهُ حَتَّى نَسْأَلَ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَسَأَلُوهُ فَضَحِكَ وَقَالَ وَمَا أَدْرَاكَ أَنَّهَا رُقْيَةٌ خُذُوهَا وَاضْرِبُوا لِي بِسَهْمٍ. متفق عليه

معانى بعض الكلمات:

(يقروهم) يضيفوهم .

(الشاء) الغنم .

(فجعل يقراء بام القرأن)اي: بفاتحة الكتاب وكان أبو سعيد يقراء عليه.

(يتفل) يخرج بزاقه من فمه مع نفس.فتح الباري/باب الرقي بفاتحة الكتاب.

واتە: كۆمەڵێك لەهاوەڵانى(صحاب) پێغەمبەرى خوا(ﷺ) چونە گەڕەكێك لەگەڕەكەكانى عەرەب بەڵام میواندارياڵ نەكردن لەوكاتەدا(كە میواندارياڵ نەكردن) سەرۆكەكەيان (واتە:سەرۆك هۆزى ئەم گەڕەكە) (دووپشك) پێیوەدا(جا ئەوان هەموو شتێكيان بەكارهێنا سودى نەبوو بۆ ژەهرەكە) ،ووتيان ئايا ئێوە دەرمانتان لانيە(واتە بۆ سەرۆك هۆزەكە) يا نوشتە(دوعا)، ووتيان ، ئێوە میواندارياڵ نەكردين ئێمەش واناكەين(چارەسەرى بكەين) هەتاكو مێگەلێك مەڕمان پێ نەدەن

ئەوانیش (ڕازیبوون) مێگەلە مەڕیان بۆ دابڕین ، (یەکێك لەهاوەڵان) دەستی کرد بەخوێندنەوەی (سورەتی) فاتیحە لەو کاتە لیکی لەناو دەمی کۆدەکردەوە لیکەکەی بەسەردا‌کرد(واتە شوێنی پێوەدانی)،چاك بوەوە مێگەلە مەڕەکەیان هێنا(هاوەڵەکانی تر) ووتیان ئێمە هیچ وەرناگرین (لەو مێگەلە)هەتاکو پرسیار لەپێغەمبەری خوا (ﷺ)نەکەین ،پرسیاریان کرد، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێکەنی ،فەرمووی ،چۆن زانیت ئەمە (نوشتیە)دوعایە(واتە چارەسەرە بۆ ئەو ئازارە)، فەرمووی ، وەریبگرن بەشێکیش بۆ من دابنێن .

تێبینی : ئەگەر خوێندنی سورەتی فاتیحە چارەسەر بێت بۆ کەسێك کەئەهلی خوا نەبێت ئەی دەبێ بۆ بڕوا داران چۆن بێت بەدڵنیایی دەبێتە شیفا بەمەرجێك بڕوای تەواومان پێی هەبێت هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت :{ وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ } سورة الإسراء (٨٢). واتە :وە لەم قورئانەدا دەنێرینە خوارەوە ئەوەی کە هۆی شیفایە و میهرەبانیە بۆ بڕوا داران.

٢.بۆ نەخۆشی پیست و نەخۆشی دڕێژ خایەن:

ئەم ئایەتە (٧) جار بخوێنین (أَنِّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنْتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ) (سورة الانبياء ٨٣) وە هەروەها سورەتی (الزمر ٢٣) (اللَّهُ نَزَّلَ أَحْسَنَ الْحَدِيثِ كِتَابًا مُتَشَابِهًا مَثَانِيَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلُودُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُمْ ثُمَّ تَلِينُ

جُلُودُهُمْ وَقُلُوبُهُمْ إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ ذَلِكَ هُدَى اللَّهِ يَهْدِي بِهِ مَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ).

٣.نەخۆشی ترس و ناخۆشی و دڵتەنگی:

ئەم ئایەتە(٧) جار بخوێنین (لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنْتُ مِنَ الظَّالِمِينَ)سورەتی(الانبياء ٨٧).

٤.نەخۆشی نەزۆکی:

هەروەك پێغەمبەر زکریا(علیه السلام) داوای لەخوای گەورە کرد کەمنالّی پێ ببەخشێ جا ئەم دوعایەی کرد (وَزَكَرِيَّا إِذْ نَادَى رَبَّهُ رَبِّ لا تَذَرْنِي فَرْدًا وَأَنتَ خَيْرُ الْوَارِثِينَ (٨٩) فَاسْتَجَبْنَا لَهُ وَوَهَبْنَا لَهُ يَحْيَى) (سورة الانبياْ ٨٧-٨٩) واتە :ئەی پەروەردگارم بەتەنها مەهێلەرەوە (منداڵێکم پێ ببەخشە)وە تۆ چاکترین میراتگرانی ئێمەش دوعای ئەومان وەڵام دایەوە یەحیامان پێ بەخشی(سەلامی خوای لێبی). پوختەی تەفسیری قورئان(ل٣٢٩)

٥.چارەسەری بەناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە:

وەك (الغنی)بۆ هەژاری و نەداری (القوی) بۆ نەخۆشی و لاوازی و بێتاقەتی (الرزاق)بۆ داوا کردنی رزق و ڕۆزی...هتد(بۆ زیاتر زانین لەناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە دەتوانین سوود لەم پەرتووکانە وەربگرین کەباسی ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورەی تێدایە).

٦. چارەسەری بە استغفار بۆ پێدانی منداڵ:.

ووتنی ئەم یادە (أستغفر الله العظيم وأتوب إليه) دەبێتە هۆی زیاد بوونی باران بارین و سەروەت وسامان و بوونی منداڵ و.... هتد. هەروەك خوای گەورە لەسورەتی نوح(١٠-١٢) دەفەرموێ (فَقُلْتُ اسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنَّهُ كَانَ غَفَّارًا * يُرْسِلِ السَّمَاءَ عَلَيْكُمْ مِدْرَارًا * وَيُمْدِدْكُمْ بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَيَجْعَلْ لَكُمْ جَنَّاتٍ وَيَجْعَلْ لَكُمْ أَنْهَارًا)

چارەسەری لەڕوانگەی فەرموودەی پێغەمبەرمان محمد (ﷺ)

۞عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ تَعَالَى عَنهُ عَنِ النَّبِي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: مَا أنزل الله من دَاء إِلَّا أنزل لَهُ شِفَاء. رَوَاهُ البُخَارِيّ(٥٣٥٤).

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ)فەرمویەتی خوای گەورە هیچ دەردێکی نەناردووە بە دڵنیایی شیفاشی بۆ ناردووە.

۞عَنْ جَابر عَن رَسُول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: لكل دَاء دَوَاء، فَإِذا أُصِيب دَوَاء الدَّاء برأ بِإِذن الله ". رَوَاهُ مُسلم (٢٢٠٤).

واتە:پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرمویەتی هەموو دەردێك دەرمانی هەیە ئەگەر دەرمانەکە دەردەکەی لەناو برد(زاڵ بوو) چا دەبێ بەئیزنی خوا.

۞عَنْ أُسَامَة بن شريك قَالَ: " قَالَت الْأَعْرَاب: يَا رَسُول الله ! أنتداوى ؟ فَقَالَ تَدَاوَوْا فَإِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ لَمْ يَضَعْ دَاءً إِلَّا وَضَعَ لَهُ دَوَاءً غَيْرَ دَاءٍ وَاحِدٍ الْهَرَمُ. رَوَاهُ أَبو دَاوُد(٣٨٥٥) وصححه، ووافقه الذهبي.

واتە: پرسیاریان لەپێغەمبەری خوا کرد(ﷺ)ووتیان دەرمان بەکار بهێنین، فەرمووی ،دەرمان بەکاربهێنن لەبەر ئەوەی خوای گەورە هەر دەردێکی دانابێت بەدڵنیایی دەرمانیشی بۆ داناوە تەنها یەك دەرد نەبێت، ووتیان چیە ؟فەرمووی، پیری.

چارەسەری بەکل :

۞عَنْ عِكْرِمَةَ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ أَنَّ النَّبِيَّ صلى الله عليه وسلم قَالَ: اكْتَحِلُوا بِالإِثْمِدِ فَإِنَّهُ يَجْلُو الْبَصَرَ وَيُنْبِتُ الشَّعْرَ. رواه الترمذى (١٧٧٥) و حسنه.

معانى بعض الكلمات:

(الإثمد): حجر أسود يضرب إلى الحمرة يكون ببلاد الحجاز وأجوده يؤتى به من أصبهان.

(يجلو): أى يحسن النظر ويزيد نور العين.

(الشعر): شعر رموش العين.

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی کلی(الإثمد) بەکار بهێنن (باشترین جۆری کلە) لەبەر ئەوەی چاو بەهێز دەکات وەمو دێنێتەوە (واتە موی بژانگ).

چارەسەری بەقەسپی عجوە :

۞عَنْ عَامِرُ بْنُ سَعْدٍ عَنْ أَبِيهِ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَنْ تَصَبَّحَ كُلَّ يَوْمٍ سَبْعَ تَمَرَاتٍ عَجْوَةً لَمْ يَضُرَّهُ فِي ذَلِكَ الْيَوْمِ سُمٌّ وَلَا سِحْرٌ.رواه البخاري(٥٤٣٦).

واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی هەر یەکێك بەیانی بکاتەوە بەخواردنی حەوت دەنکە قەسپی عجوە(جۆرێکە لەشاری مدینە هەیە) ئەوا لەو رۆژە نە ژەهر نە جادوو(سحر) کاری لێ ناکات.

چارەسەری بە ئاوی جۆ :

۞عَنْ عَائِشَةَ زَوْجِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَّهَا كَانَتْ إِذَا مَاتَ الْمَيِّتُ مِنْ أَهْلِهَا فَاجْتَمَعَ لِذَلِكَ النِّسَاءُ ثُمَّ تَفَرَّقْنَ إِلَّا أَهْلَهَا وَخَاصَّتَهَا أَمَرَتْ بِبُرْمَةٍ مِنْ تَلْبِينَةٍ فَطُبِخَتْ ثُمَّ صُنِعَ ثَرِيدٌ فَصُبَّتْ التَّلْبِينَةُ عَلَيْهَا ثُمَّ قَالَتْ كُلْنَ مِنْهَا فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ التَّلْبِينَةُ مُجِمَّةٌ لِفُؤَادِ الْمَرِيضِ تَذْهَبُ بِبَعْضِ الْحُزْنِ.رواه البخارى (٥١٠١) ومسلم (٢٢١٦).

معانى بعض الكلمات :

(التَّلْبِينَةُ): هي حساء يعمل من دقيق أو نخالة.

(مُجِمَّةٌ): أي تريح فؤاده. وتزيل عنه الهم وتنشطه.

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی (التلبینه)شۆربای جۆ(یا کەپەکی جۆ) دڵ ئارام دەکات وە هەندێك خەمیش لادەبات (لەبەر ئەوەی دڵ کە تووشی خەم وپەژارە هات بێ هێز دەبێت گەدەش ووشك

دەبێت کەشۆربای جۆت خوارد لەو کاتە گەدە تەڕ دەبێت و ئازاری لادەبات وهەندێك خەم لەسەر دڵیش کەم دەکاتەوە).

چارەسەری خەمو پەژارە :

۞عَنْ الْقَاسِمِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ عَنْ أَبِيهِ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَا قَالَ عَبْدٌ قَطُّ إِذَا أَصَابَهُ هَمٌّ وَحَزَنٌ اللَّهُمَّ إِنِّي عَبْدُكَ وَابْنُ عَبْدِكَ وَابْنُ أَمَتِكَ نَاصِيَتِي بِيَدِكَ مَاضٍ فِيَّ حُكْمُكَ عَدْلٌ فِيَّ قَضَاؤُكَ أَسْأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ هُوَ لَكَ سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ أَوْ أَنْزَلْتَهُ فِي كِتَابِكَ أَوْ عَلَّمْتَهُ أَحَدًا مِنْ خَلْقِكَ أَوْ اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِي عِلْمِ الْغَيْبِ عِنْدَكَ أَنْ تَجْعَلَ الْقُرْآنَ رَبِيعَ قَلْبِي وَنُورَ صَدْرِي وَجِلَاءَ حُزْنِي وَذَهَابَ هَمِّي إِلَّا أَذْهَبَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ هَمَّهُ وَأَبْدَلَهُ مَكَانَ حُزْنِه فَرَحًا، قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ يَنْبَغِي لَنَا أَنْ نَتَعَلَّمَ هَؤُلَاءِ الْكَلِمَاتِ قَالَ أَجَلْ يَنْبَغِي لِمَنْ سَمِعَهُنَّ أَنْ يَتَعَلَّمَهُنَّ. رواه احمد (٤٣١٨) و ابن أبي شيبة (٣٢٩).وابن حبان(٩٧٢)قال شعيب الأرنؤوط:إسناده صحيح.

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی نیە هەر بەندەیەك ئەگەر توشی خەم و پەژارە بوو ئەوە بڵێ (واتە ئەم دوعایە بکا) (اللَّهُمَّ إِنِّي عَبْدُكَ وَابْنُ عَبْدِكَ وَابْنُ أَمَتِكَ نَاصِيَتِي بِيَدِكَ مَاضٍ فِيَّ حُكْمُكَ عَدْلٌ فِيَّ قَضَاؤُكَ أَسْأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ هُوَ لَكَ سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ أَوْ أَنْزَلْتَهُ فِي كِتَابِكَ أَوْ عَلَّمْتَهُ أَحَدًا مِنْ خَلْقِكَ أَوْ اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِي عِلْمِ الْغَيْبِ عِنْدَكَ أَنْ تَجْعَلَ الْقُرْآنَ رَبِيعَ قَلْبِي وَنُورَ صَدْرِي وَجِلَاءَ حُزْنِي وَذَهَابَ هَمِّي) **ئەوە بەمسۆگەری خوای عز وجل بۆی دەگۆڕێ لەجیاتی خەم وپەژارەکانی بۆ دڵخۆشی،**

ووتیان ئەی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەسەرمانە ئەم ووشانە فێر بین، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بەڵێ ئەوەی گوێبیستی بێ دەبێ فێری بێت.

چارەسەری ئازاری لاق :

۞ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قال: في عِرْقِ النَّسَا يأخذ أَلْيَةُ كَبْشٍ عَرَبِيٍّ ليست بأعظمها و لا أصغرها فيقطعها صغارا ثم يذيبها فيجيد إذابتها و يجعلها ثلاثة أجزاء فَيَشْرَبَ كُلَّ يَوْمٍ جُزْءًا عَلَى رِيقِ النَّفَسِ. رواه احمد(١٣٢٩٥)وابن ماجه(٣٤٦٣) الحاكم (٣١٥٣) وصححه ووافقه الذهبي.

قال أنس بن سيرين: فلقد أمرت بذلك ناسا ذكر عددا كثيرا كلهم يبرأ بإذن الله تعالى

معانى بعض الكلمات :

(عِرْق النَّسَا): وَجَعٌ يَبْتَدِئُ مِنْ مَفْصِلِ الْوَرِكِ ،وَيَنْزِلُ مِنْ جَانِبِ الْوَحْشِيِّ عَلَى الْفَخِذِ، وَرُبَّمَا امْتَدَّ إِلَى الرُّكْبَةِ وَإِلَى الْكَعْبِ، (النَّسَا): وَرِيدٌ يَمْتَدُّ عَلَى الْفَخِذِ مِنْ الْوَحْشِيِّ إِلَى الْكَعْبِ. تحفة الأحوذي (ج ٧ / ص ٤٤٤).

(الكبش): الذكر أو الفحل من الضأن.

واتە:پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرموویەتی لەسەر(عرق النسا) (ئازارێکە لە سمتەوە تا ڕان یاخود زیاتر دێتە خوارەوە تاوەکو چۆک دێت یا پاژنی پێ ئەمەش لەدەمارێکە ڕووەدات) کەبەرانێکی عەرەبی نە گەورە نە بچوک وەردەگری (پاش سەر بڕینی گۆشتەکەی) بەپارچەی

بچوك دەبڕی (لەبەر ئەوەی ڕوونەکەی بەو شێوە زیاتر دەبێت) لەدوایدا دەتوێنرێتەوە تواوەیەکی (واتە ڕوونی) دەست دەکەوێت ئینجا دەیکەیە سێ بەش هەموو ڕۆژێك بەشێك دەخورێتەوە لەسەر خورێنی.

ئەنس دەڵێ فەرمانم بەچەندەها مرۆڤ کرد(بەخواردنەوەی ئەم ڕوونە کە لە فەرموودەکەدا باس کرا) باسی ژمارەیەکی زۆری کرد هەموویان بە ئیزنی خوای گەورە لەو نەخۆشیە رزگاریان بوو چارەسەریان بۆ هات لەلایەن خوای گەورەوە.

ئاگاداری: دەبێت ئەوە باش بزانین چارەسەری هەموو دەردێك لای خوای گەورەیە ئەگەر ویستی لەسەر بێت بەبێ دەرمان شیفا دێت کەوا بوو دەرمان بەکار دەهێنین بەڵام دەبێت بڕوامان وابێت کەخوای گەورە ئەمەی کردۆتە هۆکارێك بۆ چارەسەری لەکاتی بەکارهێنانی هەر دەرمانێك دەنا شیفا هەر لەلای ئەوە.

چارەسەری قورگ و سینگ :

۞ عَنْ أُمِّ قَيْسٍ قَالَتْ دَخَلْتُ بِابْنٍ لِي عَلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَقَدْ أَعْلَقْتُ عَلَيْهِ مِنْ الْعُذْرَةِ فَقَالَ عَلَى مَا تَدْغَرْنَ أَوْلَادَكُنَّ بِهَذَا الْعِلَاقِ عَلَيْكُنَّ بِهَذَا الْعُودِ الْهِنْدِيِّ فَإِنَّ فِيهِ سَبْعَةَ أَشْفِيَةٍ مِنْهَا ذَاتُ الْجَنْبِ يُسْعَطُ مِنْ الْعُذْرَةِ وَيُلَدُّ مِنْ ذَاتِ الْجَنْبِ ».رواه البخاري(٥٣٨٨)ومسلم(٢٢١٤).

معانى بعض الكلمات :

(العذرة): وجع وورم فى حلق الصبى.

(الدَّغْر): غَمْزُ الحَلْقِ بالأصْبَعِ، وذلك أن الصَّبِيَّ تأخُذه العُذْرَة، وهي وجعٌ يَهيجُ في الحَلْق من الدَّمِ، فتُدْخِلُ المرأةُ فيه إصْبَعَها فترفع بها ذلك المَوضعَ وتَكْبِسُه.

(العلاق): من الإعلاق وهو معالجة عذرة الصبي وهو وجع أو ورم في حلقه تدفعه أمه بأصبعها أو بغيره.

(عليكن) بمعنى خذوا والزموا. (أشفيه) جمع شفاء أي دواء.

(العود الهندي) خشب طيب الرائحة يؤتى به من الهند قابض فيه مرارة يسيرة وقشره كأنه جلد موشى.

(ذات الجنب): الدملة الكبيرة التي تظهر في باطن الجنب وتنفجر إلى الداخل وقلما يسلم صاحبها.

(يسعط): أي: يُدَقُّ ناعمًا، ويُسعط في الأنف.

(العذرة) وجع في الحلق يهيج من الدم وقيل قرحة تخرج بين الأنف والحلق ولعله ما يسمى الآن بالتهاب اللوزات

(يلد) من اللدود وهو ما يصب في أحد جانبي الفم من الدواء، ويعطى الشراب الذى يسقاه المريض فى أحد شقى فمه.

(ذات الجنب) هو ورم الغشاء المستبطن للأضلاع. المفهم لما أشكل من تلخيص كتاب مسلم

واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرمووی ئێوە لەبەرچی پەنجە لەگەروی منداڵەکانتان دەنێن(ئازارێکە تووشی منداڵ دەبێت دەبێتە هۆی ئەستور بوونی گەروویان) ئێوە دەست بگرن بە بەکارهێنانی داری هیندی

(داریکه لەهیند هەیە بۆنی خۆشە تۆپکلیشی وەک پیستی ئاژەڵە) لەبەر ئەوەی شیفایە بۆ حەوت نەخۆشی لەوانە گرێی بن پەراسوو ، بۆ گەروو ئەستور بوونەکە هەندێك لەناو لوتی دەکرێت ،بەڵام بۆ گرێی بن پەراسووەکە دەکرێتە ناو ئاو (ئینجا دەخورێتەوە).

چارەسەری لەشتی حەرامدا نییە :

۞عَنْ حَسَّانَ بْنِ مُخَارِقٍ، قَالَ: قَالَتْ أُمُّ سَلَمَةَ: اشْتَكَتِ ابْنَةٌ لِي فَنَبَذْتُ لَهَا فِي تَوْرٍ، فَدَخَلَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم، وَهُوَ يَغْلِي، فَقَالَ: مَا هَذَا ؟ فَقُلْتُ: إِنَّ ابْنَتِي اشْتَكَتْ فَنَبَذْتُ لَهَا هَذَا، فَقَالَ: إِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ لَنْ يَجْعَلَ شِفَاءَكُمْ فِي حَرَامٍ. رواه أبي يعلى في مسنده(٦٩٦٦) وابن حبان (١٣٩١). قال حسين سليم أسد: إسناده جيد.

معانى بعض الكلمات:

(تور):وعاء.

واتە: دایکی سەلەمە دەڵێ کچێکم ئازاری هەبوو منیش لەناو جامێك شەراب(عەرەق)م بۆ تێکرد لەو کاتە پێغەمبەر (ﷺ) هاتە ژوورەوە هەڵدەچوو(واتە تووڕە بوو بەم کارە)،فەرمووی،ئەوە چیە؟وتم کچەکەم ئازاری هەبوو منیش ئەو شەرابەم بۆ تێکرد، فەرمووی، خوای عز وجل بەهیچ شێوەیەك چارەسەریتان نادات لەشتی حەرام.

چارەسەری بە دۆمبەلاّن :

۞عَنْ سَعِيدِ بْنِ زَيْدٍ عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ الْكَمْأَةُ مِنْ الْمَنِّ وَمَاؤُهَا شِفَاءُ الْعَيْنِ. رواه البخارى(٤٦٣٩).

معانى بعض الكلمات:

(الكمأة): نوع من الدرنيات والجذور التي لا ورق لها ولا ساق تخرج في الأرض بدون زرع وتكثر أيام الخصب وكثرة المطر والرعد.

(من المن): قيل أي نوع ما أنزل على بني إسرئيل وقيل تشبيه من حيث المعنى فإنها مما يمن الله تعالى به على عباده بدون جهد منهم.

(شفاء للعين): هذا من طبه صلى الله عليه و سلم ونحن نؤمن بذلك إيمان اليقين ولكن ينبغي الرجوع في ذلك إلى ذوي الاختصاص المؤمنين لأن وصفة الطبيب لا يجوز استعمال أي مريض لها بدون مراجعته. الجامع الصحيح المختصر

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی دۆمبەلاّن لە (المن)ە (هەندێك دەلێن (المن) تەو خۆراکەیە کەبۆ نەوەی ئیسرائیلی دابەزیوە هەندێکیشیان دەلێن ئەمە منەتی خوایە لەسەر بەندەکان لەبەر ئەوەی بەبێ ماندوبونی بەندە ئەمەیان پێ دەدرا) ئاوەکەشی(واتە ئاوی دۆمبەلاّن) چارەسەرە بۆ چاو.

ئاگاداری: نابێ کەس ئەم ئاوە بەکاربهێنێت تاکو پرس بەو کەسانە نەکات کە شارەزان لەبواری بەدەست هێنانی ئاوەکە و بەکارهێنانی جا وا باشە کەس لەخۆیەوە ئەم کارە نەکات نەوەك توشی هەلّە بێت لە بەکارهێنانی.

چارەسەری تا بەئاو یا بەئاوی زەم زەم:

۞عَنْ أَنَسٍ أَنَّ رَسُولَ اللهِ صلى الله عليه وسلم قَالَ: إِذَا حُمَّ أَحَدُكُمْ فَلْيَشُنَّ عَلَيْهِ الْمَاءَ ثَلاَثَ لَيَالٍ مِنَ السَّحَرِ. رواه الحاكم (٧٤٣٨)تعليق الذهبي في التلخيص: على شرط مسلم

معانى بعض الكلمات:

(فَلْيَشُنَّ) :أي فليَرُشَّه عليه رَشّاً متفرِّقا. الشَّنّ: الصَّبُّ المُنْقَطِع والسَّنُّ: الصَّب المُتَّصِل

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی ئەگەر یەکێك لەئێوە تووشی تا هات با ئاو پەرژێنی (جیا جیا) بەسەردا بکرێت سێ شەو لە(کاتی) سەحەر.

۞عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ الْحُمَّى مِنْ فَيْحِ جَهَنَّمَ فَأَبْرِدُوهَا بِمَاءِ زَمْزَمَ. رواه احمد(٢٦٤٩) وابن حبان (٦٠٦٨) تعليق شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح.

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی (پەتای) تا گەرمی(فَيْحِ) ناگری دۆزەخە ساردی کەنەوە بەئاوی زەمزەم .

تێبینی: لەم فەرمودەیە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت هەرکەسێك توشی پەتای تا هات ئەوا بەئاوی زەمزەم ساردی بکاتەوە خوای گەورە شیفای دەدات انشاالله.

چارەسەری بە دەنکە ڕەشکە :

۞عَنْ عَائِشَةَ قالت سَمِعَتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ إِنَّ هَذِهِ الْحَبَّةَ السَّوْدَاءَ شِفَاءٌ مِنْ كُلِّ دَاءٍ إِلَّا مِنْ السَّامِ قُلْتُ وَمَا السَّامُ قَالَ الْمَوْتُ. رواه البخارى(٥٣٦٣).

واتە: عائیشەی دایکی ئیمانداران ڕەزای خوای لێبێت دەڵێ گوێم لەپێغەمبەری خوا بوو(ﷺ) دەیفەرموو بەدڵنیایی ئەو دەنکە ڕەشە(ڕەشکە) شیفایە بۆ هەموو نەخۆشیەك جگە لە (سام) نەبێت ووتم (سام) چی یە؟ فەرمووی مردنە(واتە مردن هیچ دەرمانی نییە).

چارەسەری بە گلی سەر زەوی :

۞عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها: أَنَّ النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ إِذَا اشْتَكى الإِنْسَانُ الشَّيْءَ مِنْهُ، أَوْ كَانَتْ بِهِ قَرْحَةٌ أَوْ جُرْحٌ، قَالَ النَّبِيُّ - صلى الله عليه وسلم - بِأُصْبُعِهِ هكَذا - وَوَضَعَ سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَة الرَّاوي سَبَّابَتَهُ بِالأَرْضِ ثُمَّ رَفَعَها - وقال: « بِسمِ اللهِ، تُرْبَةُ أَرْضِنَا، بِرِيقَةِ بَعْضِنَا، يُشْفَى بِهِ سَقِيمُنَا، بِإِذْنِ رَبِّنَا ». متفقٌ عَلَيْهِ البخاري(٥٤١٤) ومسلم(٢١٩٤).

معانى بعض الكلمات:

(أرضنا بريقة)قال النووي معنى الحديث أنه يأخذ من ريق نفسه على إصبعه السبابة ثم يضعها على التراب فيعلق بها منه شيء ثم يتمسح به على الموضع الجريح أو العليل ويقول هذا الكلام في حال المسح. وخصه بعضهم بريق النبي

صلى الله عليه و سلم وتربة المدينة والأصح العموم والشفاء من الله سبحانه يجعله فيما يشاء من الأسباب.الجامع الصحيح المختصر ج٥ ص ٢١٦٨.

وقال النووي المراد (بأرضنا) ها هنا جملة الأرض وقيل أرض المدينة خاصة لبركتها والريقة أقل من الريق (يشفى) بصيغة المجهول علة للممزوج قاله السندي (بإذن ربنا) متعلق يشفى.عون المعبودج١٠ ص٢٧٧.

واتە: دایکی ئیمانداران عائیشە ڕەزای خوای لێبێت دەڵێ ئەگەر مرۆڤێك شكوای ئازارێكی هەبوایە یا قونێری(كۆبونەوەی كێم)یا برین(لەلای پێغەمبەر (ﷺ) بكردبایە)، پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو پەنجەی والێكرد (ئەوەی ئەم فەرمووەی گێڕاوەتەوە ناوی سفیانە دەڵێ پەنجەی بەسەر زەوی داهێنا(واتە پێغەمبەر (ﷺ)(لەپاشان ئەم دوعایەی دەكرد)(بِسمِ اللهِ، تُرْبَةُ أَرْضِنَا، بِرِيقَةِ بَعْضِنَا، يُشْفَى بِهِ سَقِيمُنَا، بِإِذْنِ رَبِّنَا). جا زاناكان هەندێكیان دەڵێن ئەمە تایبەت بوو بە لیكی دەمی(ریق)ی پێغەمبەر(ﷺ) یا بەس خاكی مدینەیە ئەویش لەبەر پیرۆزی ئەم خاكە بەڵام راسترینیان هەموو خاكێكە كە خوای گەورە بیەوێ شیفا بدات هۆكار (سبب)ی بۆ دەرخسێنێ.

چارەسەری بە شەو نوێژ :

۞قَالَ رَسُولُ اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ :"عَلَيْكُمْ بِقِيَامِ اللَّيْلِ، فَإِنَّهُ دَأْبُ الصَّالِحِينَ قَبْلَكُمْ، ومَقْرُبَةٌ لَكُمْ إِلَى اللَّه عَزَّ وَجَلَّ، وَمَكْفَرَةٌ لِلسَّيِّئَاتِ، وَمَنْهَاةٌ عَنِ الإِثْمِ، وَمَطْرَدَةُ الدَّاءِ عَنِ الْجَسَدِ". رواه الترمذي (٣٥٤٩) وقال سنده حسن والطبراني في الكبير (٤٣١٨).

واته: پێغەمبەری خوا (ﷺ)فەرموویەتی دەست بگرن بەشەو هەڵستانەوە (واتە بۆ شەو نوێژ کردن و قورئان خوێندن یاخود یادی خوای گەورە... هتد) لەبەر ئەوەی ئەمە ڕێی پیاو چاکانی پێش ئێوەیە، وە نزیك بوونەوەتانە لە خوای عز وجل ، وە ڕەشکەرەوەی گوناهەکانە ، وە ڕێگرە لەتاوان ، وە دەرچوونی نەخۆشیە لەلاشە.

چارەسەری بە هەنگوین وحجامە :

قال الله عز وجل: { يَخْرُجُ مِنْ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ فِيهِ شِفَاءٌ لِلنَّاسِ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَةً لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ } سورة النحل (٦٨).

واتە: لەسکی ئەو (هەنگانەوە)دێتەدەر خواردنەوەیەك کەڕەنگەکانی جیاوازە کەشیفای تێدایە بۆ خەڵکی بێگومان لەوەدا نیشانەی گەورە هەیە بۆ کەسانێك کە بیر دەکەنەوە. پوختەی تەفسیری قورئان ل٢٧٤

۞عَنْ أَبِي سَعِيد قَالَ جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ إِنَّ أَخِي اسْتَطْلَقَ بَطْنُهُ فَقَالَ اسْقِه عَسَلًا فَسَقَاهُ فَقَالَ إِنِّي سَقَيْتُهُ فَلَمْ يَزِدْهُ إِلَّا اسْتِطْلَاقًا فَقَالَ صَدَقَ اللَّهُ وَكَذَبَ بَطْنُ أَخِيكَ. رواه البخاري (٥٣٦٠) ومسلم(٢٢١٧).

معانى بعض الكلمات:

(استطلق بطنه) كثر خروج ما فيه أي أصابه الإسهال لفساد هضمه واعتلال معدته.

واته: باوکی سعید دەڵێ پیاوێك هاته لای پێغەمبەری خوا(ﷺ)ووتی برایەکم زگی دەچێ، فەرمووی، هەنگوینی پێ بدە،هەنگوینی پێدا ،(لەپاشان هاتەوە لای پێغەمبەری خوا(ﷺ))ووتی هەنگوینم پێدا بەڵام زگ چوی زیاتر بوو، فەرمووی، خوا ڕاستی فەرمووە. (واته خوای گەوره لەقورئان ئاماژەی به هەنگوین کردووه فەرموویەتی (فِيهِ شِفَاءٌ لِلنَّاسِ) سورة النحل(٦٩) واته:(هەنگوین)شیفایه بۆ هەموو خەڵکێك)وه زگی براکەت درۆ دەکات.

۞عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ الشِّفَاءُ فِي ثَلَاثَةٍ فِي شَرْطَةِ مِحْجَمٍ أَوْ شَرْبَةِ عَسَلٍ أَوْ كَيَّةٍ بِنَارٍ وَأَنَا أَنْهَى أُمَّتِي عَنْ الْكَيِّ.رواه البخاري (٥٣٥٧).

شَرْطَةِ مِحْجَمٍ :قال القرطبي: المراد هنا الحديدة التي يشترط بها.فيض القدير.

واته: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی چارەسەری لەسێ شتانە تیخی حجامە(خوێن بەردان) یان خواردنەوەی هەنگوین یاخود داخکردن بەئاگر بەڵام نەهی لەئومەتم دەکەم بەداخکردن.

۞عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ إِنْ كَانَ فِي شَيْءٍ مِمَّا تَدَاوَوْنَ بِهِ خَيْرٌ فَفِي الْحِجَامَةِ.رواه احمد(٨٤٩٤) وابن حبان (٦٠٧٨) قال شعيب الأرنؤوط: إسناده حسن.

واته: پێغەمبەری خوا (ﷺ)فەرموویەتی ئەگەر ئەو شتانەی کەئێوە بۆ چارەسەری بەکاری دەهێنن باش بێت(باشترینیان) بەکەڵەشاخگرتنە (حجامه).

۞قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم: مَنِ احْتَجَمَ لِسَبْعَ عَشْرَةَ، وَتِسْعَ عَشْرَةَ، وَإِحْدَى وَعِشْرِينَ، كَانَ شِفَاءً مِنْ كُلِّ دَاءٍ.رواه ابوداود (٣٨٦١) والحاكم (٧٤٧٥)وصححه ووافقه الذهبي

واته: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی هەر یەکێك حجامه بکات له حەڤدەو نۆزدەو بیست و یەکە(لەمانگی کۆچی) دەبێتە شیفا بۆ هەموو دەردێك.

چارەسەری بە شیر:

۞عَنْ طَارِقِ بْنِ شِهَابٍ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ لَمْ يَضَعْ دَاءً إِلَّا وَضَعَ لَهُ شِفَاءً فَعَلَيْكُمْ بِأَلْبَانِ الْبَقَرِ فَإِنَّهَا تَرُمُّ مِنْ كُلِّ الشَّجَرِ.رواه احمد (١٨٨٥١) تعليق شعيب الأرنؤوط: حديث حسن.

معانى بعض الكلمات :

(ترم): أى تجمع وتأكل.

واته:پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرموویەتی خوای(عزوجل)هیچ دەردێکی دانەناوە بەدڵنیایی شیفای بۆ داناوە، شیری چێڵ بخۆنەوە(واته شیفایە بۆ دەردەکان) لەبەر ئەوەی بەرهەمەکەی کۆکراوەی چەند درەختێکە.

چارەسەری نەخۆشی دەرونی(علاج الأمراض النفسية) و دڵ تەنگی ئەمانەی خوارەوەیە :

١- هیدایەت و یەکتا پەرستی خوای گەورەیە ، هەروەکو چۆن گومڕایی و هاوتا پەرستی بۆ خوا خراپترین شتە بۆ دڵ تەنگی هەر وەك خوای گەورە بۆمان باس دەکات لەم ئایەتەدا دەفەرموێ (فَمَنْ يُرِدِ اللَّهُ أَنْ يَهْدِيَهُ يَشْرَحْ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ وَمَنْ يُرِدْ أَنْ يُضِلَّهُ يَجْعَلْ صَدْرَهُ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِي السَّمَاءِ كَذَلِكَ يَجْعَلُ اللَّهُ الرِّجْسَ عَلَى الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ)سورة الانعام(١٢٥) واتە: جا هەرکەسێ خوا بیەوێت ڕێنموونی بکات سینگی فراوان دەکات بۆ ئیسلام (و بڕوا هێنان)وە هەر کەس خوا بیەوێت گومڕایکات(لەبەر نەشیاویی خۆی) سینگی زۆر تەنگ دەکات وەك ئەوەی (بیەوێ) بەرز ببێتەوە بەرەو ئاسمان بەو جۆرە خوا پیسی وناپاکی دادەنێ لەسەر ئەوانەی کە بڕوا ناهێنن . پوختەی تەفسیری قورئان ل١٤٤

٢- ڕاستی تیشکی بڕوا کاتێ خوای گەورە لەدڵی بەندەدا جێگیری دەکات، لەگەڵ کاروکردەوەی چاك دڵ ئارام دەکات.

٣- زانیاری سود بەخش، هەرچەندە بەندە زانیاری زۆر بوو دڵی فراوان وئارام دەبێت.

٤- گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە،وە خوشەویستی خوا بەهەموو دڵی ئەویش بەڕوو تێکردنی و تام چێژ وەرگرتن لە عیبادەتکردنی.

٥- بەردەوام بوون لەسەر یادکردنەوەی خوای گەورە دەبێتە ئارامی بۆ دڵ هەر وەك خوای گەورە دەفەرموێ(أَلاَ بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ) سورة

الرعد(٢٨)، واتە: ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە ودڵیان ئارام دەبێت بەیادی خوا ئاگادارێبە هەر بەیادی خوا دڵەکان ئارام دەبن. ئەنجامەکەی دەبێتە خۆشی دڵ ولادانی خەم وپەژارە.

٦- چاکە کردن لەگەڵ دروست کراوەکانی خوای گەورە بە جۆرەها چاکەی سوود بەخش دڵ ئارام دەکات، چونکە کەسی چاکەکار هەردەم دڵی نەرمو فراوانە.

٧- ئازایەتی ، لەبەر ئەوەی ئەزایەتی دڵ یەک لای دەکاتەوە لەکارەکان ئەمەش دڵ ئارام دەکات لە دڵە ڕاوکێ کەدەبێتە هۆی دڵ تەنگی.

٨- پاکردنەوەی دڵ لەو سیفەتە خراپانەی کەدەبێتە هۆی دڵ تەنگی و ئازاردانی هەر وەک لەم فەرموودەدا هاتووە:

۞عَنْ عَبْدِ اللَّه بْنِ عَمْرٍو قَالَ قِيلَ لِرَسُولِ اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَيُّ النَّاسِ أَفْضَلُ ؟ قَالَ كُلُّ مَخْمُومِ الْقَلْبِ صَدُوقِ اللِّسَانِ، قَالُوا صَدُوقُ اللِّسَانِ نَعْرِفُهُ فَمَا مَخْمُومُ الْقَلْبِ، قَالَ هُوَ التَّقِيُّ النَّقِيُّ لَا إِثْمَ فِيهِ وَلَا بَغْيَ وَلَا غِلَّ وَلَا حَسَدَ.رواه ابن ماجة(٤٢١٦) بسند صحيح.

واتە: پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا(ﷺ)چ کەسانێك لەهەموو خەڵك باشترن؟ فەرمووی هەموو دڵێکی مخموم، وە زمانێکی ڕاست گۆ، ووتیان زمانی ڕاست گۆ دەزانین بەڵام دڵێکی مخموم چیە؟ فەرمووی ئەو دڵەی خۆپارێزەرە(لەگوناە) پاك و بێگەرد هیچ تاوانی نییە وە ستەمی نییە و قین لەدڵی نییە و حەسوودیی نییە.

٩- قسه زۆر کردنی بێ سوود وگوێ گرتن(له شتی ناڕەوا) و تێکەڵاوی (پیاو ژن)ونان زۆر خواردن و نوستنی زۆر دەبێتە هۆی دڵ تەنگی وازهێنان لەم کارانە لەگەڵ کەم کردنەوەی خواردنو خواردنەوە دەبێتە لادانی خەم ودڵ تەنگی.

١٠- خۆ خەریککردن بەکارێك لە کارەکانی زانستی بەسود کە دەبێتە هۆی ڕابواردنی دڵ لەو دڵ ڕاوکێیەی کە هەیەتی.

١١- بایەخ دان بەکاری ڕۆژانەی کە تێدایە وازهێنان لەکاتی داهاتوو و ڕابردوو چونکە بەندە دەبێت بایەخ بەو شتانە بدات کەسوودی ئاین و دواڕۆژی تێدایە وەهەروەها داوا لەخوای گەورە بکات ئاواتەکانی جێ بەجێ بکات پشت تەنها بەخوا ببەستێ ئەمانە لەخەم وپەژارە رزگارت دەکات.

١٢- تەماشا کردنی ئەوانەی لەخوارەوەی تۆنە لەسەروەت وسامان ولەش ساغی دڵت ئارام دەکات بەپێچەوانەوە دەبێتە دڵ تەنگی ئەگەر تەماشای ئەو کەسانە بکەی کە لەسەرەوەی تۆنە لەسەروەت وسامان ولەش ساغی.

١٣- لەبیر بردنەوەی ئەو کارە ناڕەوایانەی کە ئەنجامت داوە لەڕابردوو خۆت ئامادە بکەی بۆ کاری چاکە لە داهاتوو.

١٤- ئەگەر تووشی کارەساتێك هاتی هەوڵ بدە سووکی بکەی ئەویش وا هەست بکەی ئەگەر خراپترت بەسەر هاتبا چۆن دەبوو؟! بۆنمونە ئەگەر لە شوێنێك تووشی ڕووداوێك هاتی دەستت شکا باشترە لەوەی کە

پەنجەیەکت لێبێتەوە لەبەر ئەوەی دەست شکانەکە چا دەبێ بەڵام پەنجەکە ناگەڕێتەوە.

١٥- بەهێزکردنی دڵ وتەزیت نەدانی لەبەر ئەوەی هەندێك جار مرۆڤ فیکروخەیاڵی خراپی بۆ دێت دەبێتە خەمو پەژارەو دڵتەنگی بۆیە دەبێت پشت بەخوا ببەستین کەوا بێ ویستی خوای گەورە هیچ شتێك ڕوونادات.

١٦- پشت بەستنی دڵ بەخوای گەورە وە گومان بردنی باش بەخوای پاکو بێگەرد، لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی کە پشت بەخوای گەورە دەبەستێت هیچ کارێکی ناخۆش کاری لێناکات.

١٧- ئەو کەسەی کەژیرە دەزانێ ژیانی ڕاستەقینەی ژیانێکی خۆش و دڵ ئارامیە بەڵام کورتە کەوابوو ئەم ژیانە کورتە ناکاتەوە بە خەم وپەژارەو لەبەر ئەوەی دژی ژیانی ڕاستەقینەیە کە لەدوارۆژە.

١٨-ئەگەر ناخۆشیەکی تووش بوو جیاوازی دەکات لەسەر ئەو نیعمەتەی کە ماوەیەتی لەڕووی ئاینی یا دونیایی لەگەڵ ئەو ناخۆشیەی کەتووشی بووە، جا کاتێ جیاوازی کرد بۆی بەدیار دەکەوێت کە نیعمەتەکانی زیاترن، وەهەروەها ئەگەر جیاوازی بکات لەسەر ئەو ترسەی کەتووشی ببی لەگەڵ ئەو سەلامەتیەی کە زیاترە هەرگیز واناکات ئەم ترسە کەمە زاڵ بێ بەسەریدا کەوابوو خەم وپەژارەو ترسی لادەچێ.

١٩- دەبێ بزانی کە ئەزیەت دانی خەڵکی کارت لێناکات بەتایبەتی تانج و قسەی نەشیاو کە پێت دەوترێت (بەمەرجێك تۆ کاری خراپت نەکردبێ)

بەڵکو نازاری خۆیان دەدەن کەوا بوو هیچ گوێی پێ مەدە هەتاکو ئەزیەتت پێ نەگات.

٢٠- بیرکردنەوە لەو کاروکردەوانەی کە دەبێتە قازانجی دونیاو دواڕۆژ.

٢١-نابێ چاوەڕێی سوپاس وپێزانین بکەی لەسەر چاکەیەک کە بۆ کەسێک دەکەی تەنها لەخوای گەورە نەبێت هەر وەک خوای گەورە لەم ئایەتەدا دەفەرموێ (إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنْكُمْ جَزَاءً وَلَا شُكُورًا) سورة الإنسان (٩)(دەڵێن بێگومان ئێمە تەم خۆراکەتان هەر لەبەر خواو بۆ ڕزامەندی ئەو پێدەبەخشین نە پادشتمان لێتان دەوێ نە سوپاس).تەفسیری سورەتی ئینسان ئایەتی (٩).

٢٢- ئەو شتانەی کەدەزانی سوودی هەیە بۆت باهەردەم لەپێش چاوەکانت بێ وە هەوڵ بدە بگە بە ئامانجی ئەو کارەی کە دەتەوێت، واز لەو کارانە بێنە وە بیریشی لێ مەکەوە ئەگەر زانیت سوودی نییە.

٢٣- یەک لاکردنەوەی ئەو کارانەی لەداهاتوودا دەتەوێت ئەنجامی بدەی تاکو بەهێزی بیرکردنەوە کارەکەت لەدواڕۆژدا ئەنجام بدەی.

٢٤- هەڵبژاردنی ئەو کارانەی کە باشترو چاکترن جا چ لەڕووی ئیشی بەسود یا زانستێکی بەسود بێ ئەمەش ئەنجام دەدرێت بەپشت بەستن بەخوای گەورە لەگەڵ وەرگرتنی ڕای خەڵک بۆ هەر کارێک بەمەرجێک شیاو بن بۆ پرس و ڕا.

٢٥-باس کردنی نیعمەتەکانی خوای گەورە دوور لەڕیایی دەبێتە لادانی خەمو پەژارە وە بەندە هاندەدات لەسەر سوپاسگوزاری خوای باڵادەست.

٢٦- گوزەرانکردن لەگەڵ خێزان و خزم و برادەر ئەگەر هاتوو هەر یەکێك لەوانە کەم وکورتیان هەبوو لەگەڵ تۆ هەرگیز بڕیاری هەڵە مەدە کارە چاکەکانیشی هەڵسەنگێنە لەگەڵ ئەم کەم وکورتیە بزانە کامەیان زیاترە بەو شێوە ئەم جۆرە کەسانە لەدەست نادەی کاتێ کارێکی ناڕەوایی کرد لەو کاتە دڵ ئارام دەبێتەوە لەم بارەیەوە پێغەمبەر وخۆشەویستمان محمد (ﷺ) دەفەرموێ :

۞ « لاَ يَفْرَكْ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً إِنْ كَرِهَ مِنْهَا خُلُقًا رَضِيَ مِنْهَا آخَرَ ». رواه مسلم. (١٤٦٩).

وقوله: (لا يَفْرك مؤمن مؤمنة) ؛ أي: لا يبغضها بغضًا كليًّا يحمله على فراقها ؛ أي: لا ينبغي له ذلك، بل يغفر سيئها لحسنها

واتە: نابێ ئیماندار لەگەڵ ئیماندار ڕق وکینەی هەبێ (بەهۆی ناکۆکیەك ببێتە هۆی واز لەیەکتر هێنانیان) ئەگەر کارێکی پێ باش نەبوو کارێکی تری هەیە کە لێی ڕازی بێ(بەتایبەتی پیاو لەگەڵ خێزانی خۆی دەبێ ڕەچاوی کارە باشەکانی یەکتر بکەن کە لەنێوانیاندا هەیە هەرچەندە ئەگەر ڕۆژێك لێك تۆران لەسەر شتێکی کەم نەبێتە لێك ترازانیان) هەر وەك خوای گەورە لەم ئایتەدا دەفەرموێ(وَلاَ تَنسَوُاْ الْفَضْلَ بَيْنَكُمْ إِنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ) سورة البقرة(٢٣٧).واتە: ئەو چاکەیەی کە لەنیوانتاندا بووە لە بیرتان نەچێتەوە وە بێگومان خوا بینایە بەوەی کە دەیکەن.

چارەسەری بەڵا و ناخۆشی:

١- قال تعالى (مَا أَصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ فِي الْأَرْضِ وَلا فِي أَنْفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَابٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَبْرَأَهَا إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ (٢٢) لِكَيْ لا تَأْسَوْا عَلَى مَا فَاتَكُمْ وَلا تَفْرَحُوا بِمَا آتَاكُمْ وَاللَّهُ لا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ) سورة الحديد(٢٣).

واتە: هیچ زیان وبەڵایەك ڕووی نەداوە نە لە زەوی نە لەخودی خۆتاندا ئیللا لە (لوح المحفوظ) نوسراوە پێش ئەوەی بەدی بهێنین بێ گومان ئەوە بۆ خوا زۆر ئاسانە تا خەفت نەخۆن بۆ ئەوەی لەدەستتان چووە وە دڵخۆش و غەرا نەبن بەوەی کە پێی داوون وە خوا هیچ خۆ بەزل زانێکی شانازی کەری خۆش ناوێت. پوختەی تەفسیری قورئان ل٥٤٠

٢- قال تعالى (مَا أَصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ وَمَنْ يُؤْمِنْ بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ } سورة التغابن(١١).

واتە: هیچ ناڕەحەتی یەك تووشی (خەڵك) نابێت مەگەر بە فەرمانی خوا هەر کەسێك باوەڕی بێنێ بەخوا خوا ڕێنموونی دڵی دەکات وە خوا بە هەموو شت ئاگاداڕە. پوختەی تەفسیری قورئان ل٥٥٧

۞ عن أُم سَلَمة رضي اللهُ عنها قالت: سَمِعْتُ رسول الله - صلى الله عليه وسلم - يقول: « مَا مِنْ عَبْدٍ تُصيبُهُ مُصِيبَةٌ، فَيَقُولُ: إِنَّا للهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ، اللَّهُمَّ أْجرْنِي فِي مُصِيبَتِي وَاخْلفْ لِي خَيراً مِنْهَا، إِلا أَجَرَهُ اللهُ تَعَالَى فِي مُصِيبَتِهِ وَأَخْلَفَ لَهُ خَيْراً مِنْهَا » قالت: فَلَمَّا تُوُفِّيَ أَبُو سَلَمَة قلتُ كَمَا

أَمَرَنِي رسول الله صلى الله عليه وسلم فَأَخْلَفَ اللهُ لِي خَيْراً مِنْهُ رسولَ الله صلى الله عليه وسلم . رواه مسلم (٩١٨).

معانى بعض الكلمات:

(إلا أجره الله) بفتح الهمزة من غير مد، وبمدها لغتان، أي: أثابه.

واته: له دايكى سەلەمەوە ڕەزاى خواى لێبێت دەڵێ گوێم لەپێغەمبەرى خوا بوو(ﷺ) دەيفەرموو نييە هيچ بەندەيەك بەڵايەك لە بەڵاكانى تووش بێت بڵێ (إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ) خوايە پاداشى ئەم بەڵايەم پێ ببەخشە لەجياتى وى(واتە ئەم بەڵايە) چاكترم پێ بدە، بەدڵنيايى خواى گەورە پاداشى دەدات لەسەر بەڵايەكە و لەويش (واتە لە بەڵايەكە) چاكترى پێ دەدات، (دايكى سەلەمە)دەڵێ كاتى باوكى سەلەمە وەفاتى كرد ووتم (واتە ئەم دوعايەم كرد) هەر وەك پێغەمبەرى خوا(ﷺ) فەرمانى پێ كردم ، خواى گەورە لەجياتى ئەو (واتە باوكى سەلەمە) پێغەمبەرى خوا (ﷺ) بوو بەهاوسەرم (واتە بووم بەخێزانى پێغەمبەرى خوا(ﷺ)).

موسڵمانى بەڕێز: ئێمەش دەتوانين لەهەر بەڵاو ناخوشيەك كە دێتە پێشمان ئەم دوعايە بكەين(إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ) بۆ ئەوەى خواى گەورە هەم پاداشمان بداتەوە و بەچاكترينيش بۆمان بگۆڕى جا ئەم بەڵايە لەدەستدانى سەروەت و سامان بێت يا بەمردنى كەس وكار بێت.

چارەسەری لەکاتی تەنگانە:

۞عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَقُولُ عِنْدَ الْكَرْبِ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ الْعَظِيمُ الْحَلِيمُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ رَبُّ السَّمَوَاتِ وَرَبُّ الْأَرْضِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ. رواه البخاري (٦٩٩٠) ومسلم(٢٧٣٠).

واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەکاتی تەنگانەو ناخۆشی دەیفەرموو (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ الْعَظِيمُ الْحَلِيمُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ رَبُّ السَّمَوَاتِ وَرَبُّ الْأَرْضِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ).

۞عَنْ أَسْمَاءَ ابْنَةِ عُمَيْسٍ قَالَتْ عَلَّمَنِي رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَلِمَاتٍ أَقُولُهُنَّ عِنْدَ الْكَرْبِ اللَّهُ اللَّهُ رَبِّي لَا أُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا. رواه أحمد (٢٧١٢٧) و ابو داود (١٥٢٥). تعليق شعيب الأرنؤوط: حديث حسن.

واتە: ئەسماء دەڵێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) فێری کردم هەندێك ووشە بڵێم لەکاتی تەنگانەو ناخۆشی (اللَّهُ اللَّهُ رَبِّي لَا أُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا).

چارەسەری لەبینینی خەونی ناخۆش تا نەبێتە هۆی دڵە ڕاوکێ

۞عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ عَنْ أَبِيهِ عَنْ جَدِّهِ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ إِذَا فَزِعَ أَحَدُكُمْ فِي النَّوْمِ فَلْيَقُلْ أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ مِنْ غَضَبِهِ وَعِقَابِهِ وَشَرِّ عِبَادِهِ وَمِنْ هَمَزَاتِ الشَّيَاطِينِ وَأَنْ يَحْضُرُونِ فَإِنَّهَا لَنْ تَضُرَّهُ.رواه ابوداود(٣٨٩٣)و الترمذي (٣٥٢٨)وقال :حسن غريب والحاكم (٢٠١٠)وصححه.

واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرموویەتی ئەگەر یەکێك لەئێوە لەخەوکەی ترسا (واتە خەونێکی ناخۆشی بینی) با بڵێ (واتە ئەم دوعایە بکات) (أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ مِنْ غَضَبِهِ وَعِقَابِهِ وَشَرِّ عِبَادِهِ وَمِنْ هَمَزَاتِ الشَّيَاطِينِ وَأَنْ يَحْضُرُونِ) **زیانی پێ ناگات.**

چارەسەری تورەبون :

چارەسەری تورەبون بەدوو ڕێگا دەبێ :

ڕێگای یەکەم- خۆپاراستن:

ئەنجامی خۆ پاراستنی ئەم ڕێگایە بەهۆی دوورکەوتنەوە لەخۆ بەگەورە زانین (تکبر) ،لەخۆ ڕازی بوون،شانازی بەخۆکردن ،گاڵتە کردن لەکاتی خۆیدا نەبێ، ووشەی ناشیرین و بێ ڕێزی.....هتد.

ئەمەش دەکرێتە دوو خاڵ :

١- خۆ پاراستن بەخوای گەورە لەشەیتانی نەفرەتلێکراو(الاستعاذة بالله من الشيطان الرجيم).

۞عَنْ سُلَيْمَانَ بْنِ صُرَدٍ قَالَ اسْتَبَّ رَجُلَانِ عِنْدَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَجَعَلَ أَحَدُهُمَا تَحْمَرُّ عَيْنَاهُ وَتَنْتَفِخُ أَوْدَاجُهُ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِنِّي لَأَعْرِفُ كَلِمَةً لَوْ قَالَهَا لَذَهَبَ عَنْهُ الَّذِي يَجِدُ أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ.رواه مسلم(٢٦١٠)

معانى بعض الكلمات :

(الأوداج): العروق المحيطة بالعنق التى تقطع حالة الذبح واحدها الودج.

واتە: دوو پیاو لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) قسەیان بەیەکتر دەووت یەکێکیان چاوی سور هەڵدەگەڕا ملی هەڵدەئاوسا، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی من ووشەیەك دەزانم ئەگەر بیووتبایە ئەوەی کە تووشی ببوو لادەچوو(واتە: تورەبوون وهەڵچونەکەی)(أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ).

کەوا بوو ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت لەم فەرموودەدا کە تووشی تورە بوون هاتین بڵێین(أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ)**بۆ ئەوەی کارێك ئەنجام نەدەین کەپەشیمانی داد نەدا لەبەر ئەوەی تورەبوون لەلای شەیتانەوەیە.**

٢- گۆڕینی ئەو شێوەی کە تێیدای لەکاتی تورەبووندا.

۞عَنْ أَبِي ذَرٍّ قَالَ إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ -صلى الله عليه وسلم- قَالَ لَنَا « إِذَا غَضِبَ أَحَدُكُمْ وَهُوَ قَائِمٌ فَلْيَجْلِسْ فَإِنْ ذَهَبَ عَنْهُ الْغَضَبُ وَإِلاَّ فَلْيَضْطَجِعْ

».رواه ابو داود (٤٧٨٢) وابن حبان (٥٦٨٨). قال شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح.

۞عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ عَنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ وَإِذَا غَضِبَ أَحَدُكُمْ فَلْيَسْكُتْ.رواه احمد(٢١٣٦). تعليق شعيب الأرنؤوط: حسن لغيره

واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی ئەگەر یەکێك لەئێوە تورە بوو ئەویش لەڕاوەستاندا بوو با دانیشێ ئەگەر تورە بوونەکەی ڕۆیشت (ئەوە باشە)ئەگەر نا با پاڵداتەوە.

لە فەرموودەکی تردا هاتووە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرموویەتی ئەگەر یەکێك لە ئێوە تورە بوو با خۆی بێ دەنگ بکات.

<u>ڕێگای دووەم- چارەسەری پاش تورەبون :</u>

بەبیر هێنانەوەی ئەو پاداشتانەی کە لەکاتی تورە بووندا هەیە ئەگەر نەیدرکێنی وەهەروەها بەبیر هێنانەوەی ئەو سزایانەی کە لەکاتی درکاندنی تورە بووندا هەیە هەر وەك لەم فەرموودەدا هاتووە:

۞عَنْ بَعْضِ أَصْحَابِ النَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم، أَنَّهُ قَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ، عَلِّمْنِي عَمَلاً يُدْخِلُنِي الْجَنَّةَ وَلا تُكْثِرْ عَلَيَّ، قَالَ: لا تَغْضَبْ.رواه أبي يعلى في مسنده(١٥٩٣). قال حسين سليم أسد: إسناده صحيح

واتە:هەندێك لەهاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) ووتویانە یەکێك (پرسیاری) لەپێغەمبەری خوا (ﷺ) کرد ووتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاروکردەوەیەکم فێر بکە پێی بچمە بەهەشت بەڵام لەسەرم زۆر نەبێت، فەرمووی، تورە مەبە.

سەردان بۆ لای پزیشك بۆ چارەسەری نەخۆشی:

یەك لەسوننەتەکان ئەوەیە کە بچینە لای پزیشکی شارەزا هەروەك لەم فەرموودەدا باس کراوە:

۞عَنْ هِلاَلِ بْنِ يَسَافٍ قَالَ: عَادَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم رَجُلًا به جُرْحٌ، فَقَالَ: ادْعُوا لَهُ بِطَبِيبِ بَنِي فُلاَنٍ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ، وَيُغْنِي الدَّوَاءُ شَيْئًا ؟ قَالَ: سُبْحَانَ اللهِ وَهَلْ أَنْزَلَ مِنْ دَاءٍ إِلاَّ أَنْزَلَ اللهُ مَعَهُ شِفَاءً. رواه أحمد (٢٣٥٤٣). تعليق شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح

واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) سەردانی پیاوێکی کرد بریندی هەبوو، فەرمووی، بانگی پزیشکی بۆ بکەن کوڕی فلان، ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئایە دەرمان هیچ سوودی هەیە،فەرمووی، سبحان الله ئایا هەر دەردێك هاتبێت (لەلایەن خوای گەورە) بەدڵنیایی خوای گەورە شیفاشی لەگەڵ ناردووە.

کەوابوو با ئێمە لەسەر سوننەتەکانی پێغەمبەرمان (ﷺ)بین بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانمان با هەردووکیان بەکار بینین هەم قورئان خوێندن وفەرموودە هەم دەرمانی پزیشك بۆ ئەوەی خوای گەورە شیفامان بدات بە گەورە و جلالەتی خۆی.

چارەسەری بەئاوی زەم زەم:

۞عَن ابْن عَبَّاس رَضِي الله عَنْهُ أَن رَسُول الله صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسلم قَالَ: مَاء زَمْزَم لما شرب لَهُ . رواه ابن ماجه (٣٠٦٢) بسند حسن .

وَكَانَ ابْن عَبَّاس إِذا شرب مَاء زَمْزَم قَالَ : اللَّهُمَّ إِنِّي أَسأَلك علما نَافِعًا، وَرِزْقًا وَاسِعًا، وشفاءً من كل دَاء » . رَوَاهُ الْحَاكِم فِي «مُسْتَدْركه» . وقَالَ: هَذَا حَدِيث صَحِيح الْإِسْنَاد إِن سَلِمَ من مُحَمَّد بن حبيب الجارودي .

واتە : پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی ئاوی زەم زەم بۆچی دەخۆیتەوە بۆ ئەوە(واتە ئەگەر بۆ شیفا خواردتەوە خوای گەورە شیفات دەدات).

ابن عباس کاتێ ئاوی زەم زەمی دەخواردەوە ئەوا ئەم دوعایەی دەکرد (خوایە من داوای زانستێکی بەسوودت لێ دەکەم وڕزق و ڕۆزیەکی فراوان و شیفا بۆ هەموو دەردێکیش).

۞عن أبي ذر، قال: قال لي رسول الله صلى الله عليه وسلم « مَتَى كُنْتَ هَا هُنَا ». قَالَ قُلْتُ قَدْ كُنْتُ هَا هُنَا مُنْذُ ثَلاَثِينَ بَيْنَ لَيْلَةٍ وَيَوْمٍ قَالَ « فَمَنْ كَانَ يُطْعِمُكَ ». قَالَ قُلْتُ مَا كَانَ لِى طَعَامٌ إِلاَّ مَاءُ زَمْزَمَ. فَسَمِنْتُ حَتَّى تَكَسَّرَتْ عُكَنُ بَطْنِى وَمَا أَجِدُ عَلَى كَبِدِى سُخْفَةَ جُوعٍ قَالَ « إِنَّهَا مُبَارَكَةٌ إِنَّهَا طَعَامُ طُعْمٍ ». رواه مسلم (٢٤٧٣) وزاد ابن البزاز في مسنده (وَشِفَاءُ سَقَمٍ).

معانى بعض الكلمات:

(العكن): ما انطوى وتثنى من لحم البطن سمنا.

(السخفة): الرقة والهزال من الجوع.(السقم): المرض.

(إِنَّهَا طَعَامُ طُعْمٍ) هو بضم الطاء واسكان العين أي تشبع شاربها كما يشبعه الطعام. المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج ج١٦ ص٢٣٦

واتە:باوکی (ذر) دەڵێ پێغەمبەری خوا(ﷺ)پرسیاری لێ کردم لە کەیەوە تۆ لێرەی ووتی ووتم سی شەو رۆژە، فەرمووی، ئەی کێ خواردنی پێدەدای، ووتم خواردنم نەبوو جگە لەئاوی زەم زەم نەبێ. هەروەها قەڵەویش بووم هەتاکو لۆچی زگم پەیدا بوو هیچ هەستم بەبرسیەتی گەدەم نەدەکرد،فەرمووی،ئەو(واتە ئاوی زەم زەم)پیرۆزە خواردنەوەی خۆراکە (واتە وەك ئەوە وایە کەخۆراکی خواردەبێت).

ابن بزاز گیراویەتەوە لەپێغەمبەری خوا(ﷺ) کەفەرموویەتی شیفاشە بۆ نەخۆشی(واتە خواردنەوەی ئاوی زەم زەم).

*قال ابن القيم رحمه الله تعالى: وقد جربت أنا وغيري من الاستشفاء بماء زمزم أمورا عجيبة واستشفيت به من عدة أمراض فبرأت بإذن الله. زاد المعاد في هدي خير العباد.

*** ابن قیم رەحمەتی خوای لێبێت دەڵێ من و جگە لەمنیش ئاوی زەم زەم مان تاقیکردەوە بۆ چارەسەری شتی سەیرمان بینی وە شیفامان بۆ زۆربەی نەخۆشیەکان هات چاك بووینەوە بەئیزنی خوای گەورە.**

جۆرەکانی دڵ :

١- دڵی ساغ: با بزانین دڵی ساغ کامەیە خوای گەورە بۆمان باس دەکات لە قورئانی پیرۆز دەفەرموویێ{ يَوْمَ لا يَنْفَعُ مَالٌ وَلا بَنُونَ } { إِلا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ }سورة الشعراء(٨٨-٨٩). واتە: ڕۆژی کە مالێ وسامان ومندالێ و نەوە سوود ناگەیەنن بێجگە لەکەسێ بێتە خزمەتی خوای گەورە بەدڵێکی ساغ و پاك وخاوێن. کەوا بوو دڵی ساغ ئەو دڵەیە کە فەرمانەکانی خوای گەورە جێ بەجێ دەکات جا ئەگەر ئەم فەرمانە لەڕووی ئەنجام دان بێت دەیکات وەك نوێژکردن یا ڕۆژوگرتن یا زەکات دان یا حەجکردنی مالّی خوای گەورە بێت...هتد، هەروەها لەجێ بەجێ کردنی سوننەتەکان کەم تەرخەمی ناکات، بەڵام ئەگەر فەرمانەکە لەڕووی نەکردنی بێت وەك هاوتا بردن یا کوشتنی بەناحەق یا زیناکردن یا دزی...هتد لەکاری خراپ خۆی دوور دەخاتەوە،هەروەها ئەو کەسەی کە دڵی ساغە ئەگەر یەکێکی خۆش بوێ تەنها لەبەر خوای گەورەیە ئەگەر ڕقی لەیەکێك بێتەوە هەر لەبەر خوای گەورەیە ، هەروەها لە بەخشین و پشت بەستن وترسان و داواکارییش تەنها خوای گەورەی مەبەستە .

٢- دڵی مردوو :. ئەمەش بەپێچەوانەی دڵی زیندووە ئەو جۆرە دڵە خوای گەورە ناناسێ وەگوێرایەڵی فەرمانەکانی ناکات کەدەبێتە هۆی خۆشەویستو ڕەزابوونی خوای گەورە بەڵکو ئەم کارانە ئەنجام دەدات کەدەبێتە هۆی تووڕە بوونی خوای گەورە ئەم دڵە بەگوێرەی هەواو

نەفس گوزەران دەکات واتە بەخشین و خۆشەویست و تووڕەبوونی بەس بۆ ئارەزووەکانی دڵیەتی جا ئەم جۆرە دڵە مردووە لەئاستی راستیەکان بۆیە هەر چەند خۆشیەکانی دونیا ببینی کاتێك بۆ چرکەیەك لێی دوور بوو وا هەست دەکات هیچ خۆشی نەبینیوە خوای گەورە پەنامان بدات.

٣- دڵی نەخۆش: ئەو دڵەیە ژیانی تێدایە بەڵام هەندێك نەخۆشی هەیە ، ئەم جۆرە دڵە دوو جۆر ماددەی تێدایە جا کامیان زاڵ بوو ئەوی تر کز دەبێت جا ئەگەر خۆشەویستی بۆ خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) زیادبوو ئەوە دڵ ئارام و ساغ دەبێت هەروەها پشت بەستنو داواکردن وازهێنان لەکارە ناڕەواپەکان بۆ خوا دەبێت، ئەم جۆرە دڵە ژیانی تێدایە، بەڵام ئەگەر دڵ بڕوای بەخوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ)تێدا لاواز بوو ئەوا ئارەزووی نەفس بەسەری دا زاڵ دەبێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕوو لەکاری خراپ بکات وەك حەسودی و خۆ بەزل زانین و ڕابواردنی ناشەرعی وەك زیناو قومار و... هتد هەروەها دووڕویی و ڕیایی و ڕەزیل دەبێت کارەکانی ئەم جۆرە دڵە خاوەنەکەی بەهیلاك دەبا خوای گەورە پەنامان بدات لەم جۆرە دڵە.

نەخۆشیەکانی دڵ دوو جۆرن:

١- دڵێك هەست بەئازار ناکات ئەویش نەزانە (الجهل) لەگەڵ گومان بردن و گەڕان بەدوای شبوهاتە، ئەم جۆرە نەخۆشیە زۆر گەورە و ترسناکە بەڵام خاوەنەکەی هەست پێ ناکات لەبەر پیس بوونی دڵی.

٢- نەخۆشی دڵە لەکاتی خەموو پەژارە و تووڕە بوون دەبێتە هۆی ئازاری دڵ بەڵام ئەم جۆرە نەخۆشیە بەدەرمان چارەسەر دەکرێت یاخود ئەو شتەی کەخەمی بۆ خواردووە نەماوە (وەك کاتی تاقی کردنەوە هەموو قوتابیەکان خەم دەخۆن بەڵام پاش تەواو بوونی ئەم خەمەی نامێنێت....هتد).

چارەسەری بۆ نەخۆشیەکانی دڵ :.

١- قورئانی پیرۆز :. چارەسەرییە بۆ دڵ لەگومان و هاوتابردن و بێ بڕوایی هەروەها چارەسەرە بۆ ئارەزوو وە بۆ شتە ناڕەواکانی ژیان کەدەبێتە هۆی گومڕابوون، قورئانی پیرۆز ڕێگا نیشاندەرە بۆ ئەو کەسانەی کە بۆ زانین دەگەڕێن وە کاریشی پێدەکەن وەڕەحمەتیشە بۆ ئیمانداران لەسەر پێدانی پاداشتی ئێستاو دواڕۆژ هەر وەك خوای گەورە دەفەرمووێ (أَوَمَنْ كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَنْ مَثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِنْهَا كَذَلِكَ زُيِّنَ لِلْكَافِرِينَ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ) سورة الانعام(١٢٢).

واتە: ئایا کەسێك کە مردوو(بێ بڕوا) بێت وئێمە زیندووماڵ کردەوە و ڕوناکیمان بۆ فەراهەم هێنا (کە قورئانە)بەهۆی ئەوەوە لەناو خەڵکیدا دەگەڕێ ودەڕوات ئایا وەك ئەوە وایە لەناو تاریکستانێکدا بێت کەبەهیچ جۆرێ دەرچوونی نیە لێی بەو شێوەیە ڕازێنراوەتەوە بۆ بێ بڕوایان ئەو کردەوە(خراپانەی)دەیان کرد. پوختەی تەفسیری قورئان ل١٤٣

قال تعالى:(يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَتْكُمْ مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَشِفَاءٌ لِمَا فِي الصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ). سورة يونس(٥٦).

واتە: ئەی خەڵکینە بێ گومان بۆتان هاتووە ئامۆژگاری (قورئان) لەلایەن پەروەردگارتانەوە وە شیفا و چارەیە بۆ ئەوەی لەناو دڵ و دەروونتاندایە وە ڕێنموونیی ومیهرەبانیە بۆ بڕواداران.پوختەی تەفسیری قورئان ل٢١٥

٢- بەهێزی بڕواو کاری چاك وە پابەندبوون بەفەرمانەکانی خوا دەبێتە هۆی پاراستنی دڵ، بۆ نموونە ئەگەر کەسێك وابوو کارێکی ناڕەوای کرد لەدوایدا کاری چاکترو باشتر ئەنجام دەدات بۆ ئەوەی پاك بێتەوە لەو تاوانەی کە کردوویەتی.

٣- چارەسەری نەخۆشی دڵ لەزاڵبوونی شەیتان بەسەریدا ، ئێمە هەموو باش دەزانین شەیتان دوژمنی مرۆڤەکانە وە پێغەمبەرمان (ﷺ) فێرکردووین چۆن لەشەڕی شەیتان پارێزراو دەبین هەروەك لەم فەرموودەدا هاتووە :

۞ عَن أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ أَبَا بَكْرٍ الصِّدِّيقَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ مُرْنِي بِكَلِمَاتٍ أَقُولُهُنَّ إِذَا أَصْبَحْتُ وَإِذَا أَمْسَيْتُ قَالَ قُلْ اللَّهُمَّ فَاطِرَ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ عَالِمَ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ رَبَّ كُلِّ شَيْءٍ وَمَلِيكَهُ أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ نَفْسِي وَشَرِّ الشَّيْطَانِ وَشِرْكِهِ قَالَ قُلْهَا إِذَا أَصْبَحْتَ وَإِذَا أَمْسَيْتَ وَإِذَا أَخَذْتَ مَضْجَعَكَ. رواه أحمد (٥١)، وأبو داود (٥٠٦٧)، والترمذى (٣٣٩٢). قَالَ أَبُو عِيسَى هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ

واتە: ئەبا بەکری ڕاستگۆ ڕەزای خوای لێبێت ووتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)فەرمانم پێبکە بە ووتنی چەند وشەیەك بڵێم ئەگەر بەیانی بوو وە یا ئەگەر ئێوارە، فەرمووی بڵێ(اللَّهُمَّ فَاطِرَ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ عَالِمَ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ رَبَّ كُلِّ شَيْءٍ وَمَلِيكَهُ أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ نَفْسِي وَشَرِّ الشَّيْطَانِ وَشِرْكِهِ**)ئەمانە بڵێ ئەگەر بەیانیت کردەوە یا ئەگەر شەوت کردەوە یا ئەگەر لەناو جێگات بووی (واتە کاتی پاڵدانەوە پێش نووستن).**

تێبینی :. ئەم دوعایە بۆ ئەو کەسانە باشە کەلایەنی دەروونیان تێك دەچێت تووشی نەخۆشی دڵ دێن ئەمەش لەڕێی شەیتانی نەفرەتییە کەوابوو دەبێ ئێمە و ئەو کەسانەی کە نەخۆشی دەروونیان هەیە ئەم دوعایە فێر ببین تاکو خوای گەورە بمانپارێزی لەفڕوفێڵی شەیتانی نەفرەتی(ملعون) کە توشی خەم وپەژارەمان دەکات.

بەشی شەشەم

وەسیەت کردن چۆنە لەکاتی نەخۆشی

ئەو بەشە چەندە کەدەتوانی وەسیەت بکەی لەکاتی نەخۆشی:

لەڕووی سوننەتەوە پێوستە زیاتر لە سێیەکی مالّی خۆی وەسیەت نەکا، بەڵکو وەها سونەتە: لە سێیەك کەمتریش بێ:

۞عَنْ سعد بن أبي وقاصﷺ: مَرِضْتُ عَامَ الْفَتْحِ فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ أَفَأُوصِي بِمَالِي كُلِّه؟ قَالَ: لاَ. قُلْتُ: فَثُلُثَيْ مَالِي؟ قَالَ: لاَ. قُلْتُ: فَالشَّطْرُ؟ قَالَ: لاَ. قُلْتُ: فَالثُّلُث؟ قَالَ: اَلثُّلُثُ وَالثُّلُثُ كَثِيرٌ، إِنَّكَ إِنْ تَذَرْ وَرَثَتَكَ أَغْنِيَاءَ خَيْرٌ مِنْ أَنْ تَذَرَهُمْ عَالَةً يَتَكَفَّفُونَ النَّاسَ۞رواه البخارى(٢٥٩١).

معانى بعض الكلمات:

(تدع) تترك.

(عالة) فقراء جمع عائل وهو الفقير.

(يتكففون)من التكفف وهو بسط الكف للسؤال أو سؤال الناس كفافا من الطعام.

واتە: سعد پەزای خوای لێبێت دەڵێ لەسالّی پزگار کردنی (مکة)دا نەخۆش کەوتم و گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئایا وەسیەتی هەموو مالّی خۆم بکەم(واتە بۆ خێر)؟ فەرمووی: نا. گوتم: سێ بەشی مالّەکەم (بکەمە خێر)؟ فەرمووی: نا. گوتم: نیوەی(بکەمە خێر)؟ فەرمووی: نا. گوتم: سێیەکی (بکەمە خێر)؟ فەرمووی: سێیەك، سێیەکیش زۆرە، چونکە ئەگەر تۆ میراتگرەکانت بە دەوڵەمەندی لەدوای خۆت بهێڵیەوە، باشترە لەوەی هەژارینو دەست لەخەڵکی پانکەنەوە.

۞ عَنْ جَابِرًا قَالَ جَاءَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَعُودُنِي وَأَنَا مَرِيضٌ لَا أَعْقِلُ فَتَوَضَّأَ وَصَبَّ عَلَيَّ مِنْ وَضُوئِهِ فَعَقَلْتُ فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ لِمَنْ الْمِيرَاثُ إِنَّمَا يَرِثُنِي كَلَالَةٌ فَنَزَلَتْ آيَةُ الْفَرَائِضِ. رواه البخارى (١٩١) ومسلم(٤٢٣٣).

معانى بعض الكلمات:

(يعودني) من العيادة وهي زيارة المريض.

(لا أعقل) لا أفهم شيئا من شدة المرض.

(لمن الميراث) كيف أصنع بمالي ولمن يكون ميراثي.

(كلالة) هم ما عدا الوالد والولد من الوارثين.

واتە: جابر دەڵێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتە سەردانم کە من نەخۆش بووم شت تێنەدەگەیشتم لەبەر ئازاری زۆرم دەستنوێژی شوشت ئاوی دەستنوێژەکەی بەسەردا کردم هۆشم هاتەوە بەر ووتم ئەی پێغەمبەری

خوا (ﷺ)میرات بۆ کێ یە؟ لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی کە میراتم لێ دەگرن باوك و کوڕ نینە لەو کاتە ئایەتی میرات دابەزی. (لەسورەتی نیساء ئایەتی (١٧٦) بەدرێژی باس کراوە ئەو کەسەی دەیەوێت بزانی با تەفسیری قورئان بخوێنیتەوە یا لەکتابی فیقهیەکان تاکو لەلای ئاسان بێت ئەم کارە چۆنە).

بەشی حەوتەم

بۆ ئەو نەخۆشانەی کە نزیکە مەرگن

ووتنی لا اله الا الله

۞عن أبي هريرة قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم(لَقِّنُوا مَوْتَاكُمْ لاَ إله إِلاَّ الله فَإِنَّهُ مَنْ كانَ آخِرَ كَلمته لاَ إله إِلاَّ الله عِنْدَ المَوْتِ دَخَلَ الجَنَّة....). رواه ابن حبان (٣٠٠٤). قال شعيب الأرنؤوط: حديث صحيح

معانى بعض الكلمات:

(موتاكم) المراد من حضره الموت.

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی ئەو کەسانەتان کە لەسەرە مەرگن تلقینیان بدەن بەووتنی(لاَإِلَهَ إِلاَّالله) لەبەر ئەوەی هەر کەسێك دوا ووتەی لەکاتی سەرەمەرگ (لاَإِلَهَ إِلاَّالله) بێ دەچێتە بەهەشت.

رُوِيَ عَنْ ابْن الْمُبَارَك أَنَّهُ لَمَّا حَضَرَتْهُ الْوَفَاة جَعَلَ رَجُل يُلَقِّنهُ لَا إِلَه إِلَّا اللَّه وَيُكْثِر عَلَيْهِ فَقَالَ لَهُ عَبْد اللَّه إِذَا قُلْت ذَلِكَ مَرَّة فَأَنَا عَلَى ذَلِكَ مَا لَمْ أَتَكَلَّم. رواه الترمذي (٩٧٧).

واتە: دەگێرنەوە کە(ابْن الْمُبَارَك) کاتی مردنی نزیك ببوو پیاوێك تلقینی دەدا بە (لَا إِلَه إِلَّا اللَّه) زۆری دووبارە دەکردەوە ، عبدالله پێی

ووت ئەگەر جارێك وام ووت من لەسەر ئەوەم (واتە لەسەر ووتنی(لَا إِلَه إِلَّا اللَّه)م ئەگەر لەدوای ووتنەکە چیترم نەووت.

موسڵمانی بەڕێز: ئینجا ئەگەر جارێك نەخۆشەکە گوتی: (لاإِلَهَ إِلاَّالله)، هیچی تر بۆی دووبارە ناکرێتەوە، مەگەر لەدوای گوتنەکەی قسەیەکی تر بکا، ئەو کاتە بۆی دووبارە دەکرێتەوە، تاکو ببێتە دوا ووتەی لەدونیادا وە سەرەتا ووتەی لە دواڕۆدا.

۞عَنْ أَنَسٍ ﷺ : كَانَ غُلاَمٌ يَهُودِيٌّ يَخْدُمُ النَّبِيَّ ﷺ فَمَرِضَ فَأَتَاهُ النَّبِيُّ ﷺ يَعُودُهُ فَقَعَدَ عِنْدَ رَأْسِهِ فَقَالَ: أَسْلِمْ. فَنظَرَ إِلَى أَبِيهِ وَهُوَ عِندَهُ؟ فَقَالَ: أَطِعْ أَبَا الْقَاسِمِ،فَأَسْلَمَ، فَخَرَجَ النَّبِيُّ ﷺ يَقُولُ: اَلْحَمْدُ لِلّهِ الَّذِى أَنْقَذَهُ مِنَ النَّارِ. رواه البخاري (١٣٥٦).

واتە: کوڕێکی جولەکە خزمەتی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەکردو نەخۆش کەوت، جا پێغەمبەر (ﷺ) هاتە سەردانیو لەلای سەری دانیشتو فەرمووی : ببە موسڵمان(کوڕەکەش) تەماشایەکی باوکی کرد کە لەلای بوو، باوکەکەشی ووتی: گوێڕایەڵی باوکی قاسم ببە (واتە: بەقسەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکە) ئینجا کوڕەکە موسڵمان بوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) چووە دەرەوەو دەیفەرموو: (اَلْحَمْدُ لِلّهِ الَّذِى أَنْقَذَهُ مِنَ النَّارِ) سوپاس بۆ خوا کە لەئاگر ڕزگاری کرد.

۞عن أبي سعيد الخدري وأبي هريرة رضي الله عنهما: أَنَّهُمَا شَهِدَا عَلَى رسول الله – صلى الله عليه وسلم – أَنَّه قَالَ: إِذَا قَالَ الْعَبْدُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاللَّهُ أَكْبَرُ قَالَ يَقُولُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ صَدَقَ عَبْدِي لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا وَأَنَا أَكْبَرُ وَإِذَا قَالَ الْعَبْدُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ قَالَ صَدَقَ عَبْدِي لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا وَحْدِي وَإِذَا قَالَ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ لَا شَرِيكَ لَهُ قَالَ صَدَقَ عَبْدِي لا إِلَهَ إِلَّا أَنَا وَلَا شَرِيكَ لِي وَإِذَا قَالَ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ قَالَ صَدَقَ عَبْدِي لا إِلَهَ إِلَّا أَنَا لِي الْمُلْكُ وَلِيَ الْحَمْدُ وَإِذَا قَالَ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَلَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّه قَالَ صَدَقَ عَبْدِي لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا وَلَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِي قَالَ أَبُو إِسْحَقَ ثُمَّ قَالَ الْأَغَرُّ شَيْئًا لَمْ أَفْهَمْهُ قَالَ فَقُلْتُ لِأَبِي جَعْفَرٍ مَا قَالَ فَقَالَ مَنْ رُزِقَهُنَّ عِنْدَ مَوْتِهِ لَمْ تَمَسَّهُ النَّارُ» رواه ابن ماجه (٣٧٩٤) والنسائى (١٠١٨٠) وابن حبان (٨٥١)وأبو يعلى (٦١٥٤). قال شعيب الأرنؤوط: إسناده صحيح على شرط مسلم

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی ئەگەر بەندە ووتی (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاللَّهُ أَكْبَرُ) فەرمووی خوای عز وجل دەفەرموێ بەندەم ڕاستی ووت (لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا وَأَنَا أَكْبَرُ) و ئەگەر بەندە ووتی (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ) خوای گەورە دەفەرموێ بەندەم ڕاستی ووت (لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا وَحْدِي) وئەگەر ووتی(لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ لَا شَرِيكَ لَهُ) خوای گەورە دەفەرموێ بەندەم ڕاستی ووت(لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا وَلَا شَرِيكَ لِي) وئەگەر ووتی(لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ) خوای گەورە دەفەرموێ بەندەم ڕاستی ووت (لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا لِي الْمُلْكُ وَلِيَ الْحَمْدُ) وئەگەر ووتی (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَلَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ) خوای گەورە دەفەرموێ بەندەم ڕاستی ووت (لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا وَلَا

حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِي) هەر کەسێك ئەمەی پێ ببەخشرێ پێش مردنی (واتە ئەم یادانە بکات بەتایبەتی ئەوەی نەخۆشە)ئەوە ئاگر تووشی نابێ.

کەوابوو با ئەم یادانە ببێتە زیکرمان لەکاتی لەش ساغی ونەخۆشی تا بەئاگری دۆزەخ نەسووتێین ئەمەش یادەکانە((لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَاللَّهُ أَكْبَرُ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَلَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ)).

لەکۆتایدا :

لەخوای گەورە داواکارم لێمان قبوول بفەرموو‌ێ و ببێتە مایەی لێخۆشبونی گوناهەکانمان وحەشرکردنمان لەگەڵ خۆشەویستی خوای گەورە پێغەمبەرمان محمد (ﷺ) وهەروەها بۆ ئەو کەسانەی کە یارمەتی و هاوکاریان کردم خوای گەورە لە گوناهیان خۆشبێ وە ببێتە مایەی پاداشتی ڕۆژی دوایی ئامین.

(لە دوعاکانتان بێ بەشمان مەکەن)

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى اله وصحبه وسلم

المصادر

١. القرآن الكريم.

٢. صحيح البخاري / محمد اسماعيل ابو عبدالله البخاري /دار طوق النجاة سنة ١٤٢٢ هجري.

٣. صحيح مسلم / ابو الحسن مسلم النيسابوري/ دار التراث العربي/ بيروت.

٤. سنن ابي داود / ابو داود سليمان بن الاشعث السجستاني/ دار الكتاب العربي / بيروت.

٥. سنن الترمذي / محمد بن عيسى الترمذي / دار احياء التراث العربي/ بيروت.

٦. سنن ابن الماجة / محمد بن يزيد أبو عبدالله القزويني/ دار الفكر العربي / بيروت.

٧. مسند احمد بن حنبل / أحمد بن حنبل أبو عبدالله الشيباني / دار مؤسسة الرسالة بيروت سنة ١٤٢٠هجري.

٨. سنن النسائي/أحمد بن شعيب أبو عبد الرحمن النسائي/ مكتب المطبوعات الإسلامية حلب سنة١٤٠٦هجري.

٩. المعجم الكبير / سليمان بن أحمد بن أيوب أبو القاسم الطبراني/ مكتبة العلوم والحكم موصل سنة١٤٠٤هجري.

١٠. سنن البيهقي الكبرى / أحمد بن الحسين بن علي بن موسى أبو بكر البيهقي/ مجلس دائرة المعارف النظامية الكائنة في الهند ببلدة حيدر آباد الطبعة الأولى ـ ١٣٤٤هجري.

١١. مسند أبي يعلى / أحمد بن علي بن المثنى أبو يعلى الموصلي التميمي / دار المأمون للتراث – دمشق/الطبعة الأولى، ١٤٠٤هجري – ١٩٨٤م.

١٢. صحيح ابن حبان بتحقيق الارنؤوط / محمد بن حبان بن أحمد أبو حاتم التميمي البستي/مؤسسة الرسالة بيروت، الطبعة الثانية، ١٤١٤.

١٣. الجامع الصحيح المختصر/محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري الجعفي/ محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري/١٤٠٧ه – ١٩٨٧م.

١٤. مسند البزار/أبو بكر أحمد بن عمرو بن عبد الخالق البزار/الناشر مؤسسة علوم القرآن، مكتبة العلوم والحكم/بيروت سنة النشر ١٤٠٩هجري.

١٥. المستدرك / محمد بن عبدالله أبو عبدالله الحاكم النيسابوري /دار الكتب العلمية بيروت سنة ١٤١١هجري.

١٦. مسند ابن أبي شيبة/ أبي بكر عبد الله بن محمد بن أبي شيبة/ سنة الولادة ١٥٩هـ/ سنة الوفاة ٢٣٥هـ/ تحقيق عادل بن يوسف العزازي و أحمد بن فريد المزيدي/ الناشر دار الوطن سنة النشر ١٩٩٧م

١٧. كتاب المفهم لما أشكل من تلخيص كتاب مسلم / أبو العبَّاس أحمَدُ بنُ الشيخِ المرحومِ الفقيهِ أبي حَفْصٍ عُمَرَ بنِ إبراهيمَ الحافظ

١٨. شرح النووي على صحيح مسلم / أبو زكريا يحيى بن شرف بن مري النووي / دار إحياء التراث العربي – بيروت/ الطبعة الطبعة الثانية، ١٣٩٢هجري.

١٩. تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي / محمد عبد الرحمن بن عبد الرحيم المباركفوري/ دار الكتب العلمية – بيروت .

٢٠. فيض القدير شرح الجامع الصغير / عبد الرؤوف المناوي / المكتبة التجارية الكبرى – مصر سنة ١٣٥٦هجري.
٢١. التيسير بشرح الجامع الصغير / الإمام الحافظ زين الدين عبد الرؤوف المناوي /مكتبة الإمام الشافعي – الرياض سنة– ١٤٠٨هـ – ١٩٨٨م .
٢٢. پوختەی تەفسیری قورئان.
٢٣. ڕووناکی ڕب العالمین ڕوونکردنەوەی (منهاج الطالبین) .
٢٤. حاشية السندى على صحيح البخارى/محمد بن عبد الهادي السندي المدني / الناشر: دار الفكر .
٢٥. زاد المعاد في هدي خير العباد/ محمد بن أبي بكر أيوب الزرعي أبو عبد الله/ الطبعة الرابعة عشرة : ١٤٠٧ – ١٩٨٦.
٢٦. المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج / أبو زكريا يحيى النووي دار إحياء التراث العربي – بيروت سنة ١٣٩٢هجري .
٢٧. عون المعبود شرح سنن أبي داود/ محمد شمس الحق العظيم آبادي /دار الكتب العلمية / بيروت سنة ١٤١٥هجري .
٢٨. فتح الباري شرح صحيح البخاري / أحمد بن علي بن حجر أبو الفضل العسقلاني الشافعي /دار المعرفة – بيروت، ١٣٧٩هجري.
٢٩. كتاب الإتحافات السنية بالأحاديث القدسية/ محمد منير بن عبده / دار ابن كثير دمشق– بيروت.

گەڕان بەناو تۆڕی ئەنتەرنێت:

بەشی سەرەکی لەم شوێنە بوو www.kaheel7.com

1- Jenny Hans, Cymatics, Basilius Presse AG, Basel, 1974.
2- Maman Fabien, The Role of Music in the Twenty-First Century, Tama-Do Press, California, 1997.
3- Emoto Masaru. The Message from Water HADO Kyoikusha. Tokyo, 1999.
4- Power of Sound, www.bbc.co.uk, 20 November 2003
5- Davis Dorinnem Sound Bodies through Sound Therapy, Kalco Publishing 2004 .
6- Common Cancer Treatments Toxic to Healthy Brain Cells, University of Rochester, November 30, 2006.
7- Kara Gavin, University of Michigan researchers publish new findings on the brain's response to costly mistakes, University of Michigan, April 12, 2006.
8- Brain Scans as Lie Detectors: Ready for Court Use?, Malcolm Ritter, www.livescience.com, 29 January 2006.
9- Simon Heather, The Healing Power of Sound, www.positivehealth.com.
10- www.nabulsi.com.

بەرهەمە چاپکراوەکان :

١- بەوێنەوە شۆردن وکفن و لەگۆڕنان بزانە.

٢- بەکەمترین کات وکار بەرەو لێخۆشبوونی پەروەردگار.

٣- پرسیارو وەڵامەکانی دواڕۆژ بزانە رزگار بوونت ئاسانە.

٤- نەخۆشی لەئیسلام بزانە شیفا لەلای یەزدانە.

تێبینی: چەند زانیاریەک دەربارەی هەندێک لە زاراوەکان:

١. ج: واتە (جزء) بەش.

٢. :ص: واتە (صفحە) لاپەر.

٣. (٥٦٢٣)ئەو ژمارانەی لەناو دوو کەوانەکاندا هەیە ژمارەی فەرموودەیە لەهەر پەرتووکێک لەپەرتووکەکانی تایبەت بەفەرموودەی پێغەمبەرمان (ﷺ).

٤. ئەگەر هەر کەموکوڕیەک وهەڵە هەبوو دەتوانن لەڕێگایی ئەم ژمارە(٠٧٥٠٤٤٧٦٧٨٤) پەیوەندیمان پێ بەکەن خوای گەورە خێری هەموو لایەک بنووسی ئامین.

ناوڕۆك

المقدمه:

پێشەکی..... ٤

بەشی یەکەم:

هەندێك زانیاری زانستی لەسەر خانە وە توشبوونی بەنەخۆشی لەسەر بەشەکانی لاشەی مرۆڤ ٧

بەشی دووەم:

نەخۆشی لە ڕوانگەی ئیسلام ٣٣

بەشی سێ یەم:

چۆن خوا پەرستی دەکەین لەکاتی نەخۆشی ٦٥

بەشی چوارەم:

خۆ پاراستن بەخوای گەورە لەنەخۆشی وناخۆشی ٨٩

بەشی پێنجەم:

چارەسەری هەندێك نەخۆشی لەڕوانگەی قورئان و فەرمووودەدا ٩٣

بەشی شەشەم:

وەسیەت کردن چۆنە لەکاتی نەخۆشی ١٣٣

بەشی حەوتەم:

بۆ ئەو نەخۆشانەی کە نزیکە مەرگن ١٣٧